www.pertwk.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان
زنجیرە (53)

# دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی

نووسینی
ئەنتۆنیۆ گرامشی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
(مامەند)

دولت و جامعه مدنی

انتونیو گرامشی

مترجم: عباس میلانی

انتشارات جاجرمی

چاپ أول تابستان 1377

``

www.pertwk.com

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب:دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی
- نووسینی: ئەنتۆنیۆ گرامشی
- وەرگێڕانی لەفارسییەوە: مامەند
- تایپ و نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: شیلان نوری
- نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین ساڵح
- زنجیرە: (53)
- تیراژ: 1500
- چاپخانە: تیشک
- ژمارەی سپاردنی(119)ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

چاپی یەکەم: 2004- سلێمانی

``

www.pertwk.com

# پێرست


1-چەند تێبینییەك سەبارەت بە لایەنی بنیاتی پارتە سیاسییەكان لە قۆناغی قەیرانە ئۆرگانیكیەكاندا 22...............7

2-قەیسەر گەرایی. 32..............23

3-چیرۆكی سەگی ئاوی. 38.............33

4-ورووژاندنو پڕوپاگەندە. 42.............39

5-فەلسەفەی سەردەم. 46.............43

6-خەباتی سیاسیو شەڕی سەربازی. 62.............47

7-تێپەڕین لە شەڕی مانۆڕی (هێرشی راستەوخۆ) بۆ شەڕی سەنگەری-لەبواری سیاسیدا. 66.............63

8-سیاسەتو زانستە سەربازیەكان. 68.............67

9-ئەنتەر ناسیۆنالیزمو سیاسەتی نەتەوەیی 74.............69

10- پرسی (كۆی مرۆیی) یان پرسی ((هاودەنگی كۆمەڵایەتی)). 78.............75

11-كۆمەڵناسیو زانستە سیاسیەكان. 82.............79

12-هەژمونی (كۆمەڵگەی مەدەنی) و پەرتبوونی هێزەكان.83.......86

13-چەمكی یاسا 90...............87

14-سیاسەت و دەستوور. 102...............91

15-پەرلەمان و دەوڵەت 106..............103

16-رەخنە لە خۆگرتن و ریاكاری ڕەخنە لەخۆگرتن.107...........112

17-دەوڵەت. 126...........113

18-پێكهێنانی ئەنجومەنە نەتەوەییەكان. 130.....127

19-یاسا دانەر كێیە؟ 131 134......

20-دین, دەوڵەت, پارت. 138......135

21-دەوڵەتو پارتەكان. 140......139

22-ئەزمونی دەوڵەتداری* 144.......141

23 "شایستەیی" چینە باڵا دەستەكان. 148.......145

24-هونەرە جوانە مێژوویەكان. 154.......149

25-"تێكدەر" 162.......155

26-"شەپۆلی ماتریالیزم" و "قەیرانی دەسەڵات" 166.......163

*پەراوێزەكان 190.......167

www.pertwk.com



# بەشی یەکەم

## چەند تێبینییەك سەبارەت بە لایەنی بنیاتی پارتە سیاسییەكان
## لە قۆناغی قەیرانە ئۆرگانیكیەكاندا

www.pertwk.com

چینه کۆمەڵایەتییەکان لە برگەیەکی دیاریکراوی ژیانی سیاسیاندا, لەپارتە نەریتیەکانیان دوور دەکەونەوە. بەدەربڕینێکیتر, چین (یان بەشێکی چینەکە) ئیدی پارتە نەریتیەکە و شێوەی ڕێکخستن و ئەندامان و ڕێبەران و نوێنەرەکانی بەقسەکەری خۆی نازانێت. لە ئاکامی ئەم قەیرانەدا, هەلومەرجێکی هەستیارو مەترسیدار دێتە پێش, چونکە گۆڕەپان بۆ چارەسەرە توندو تیژەکان و هەڵسووڕانی هێزی نەناسراو خۆش دەبێت و ئەمەش خۆی لە ((کەسایەتیە چارەنووس ساز))و هەڵکەوتوو و کاریزماییەکاندا نیشاندەدات.

ئەم ناکۆکییەی نێوان ((پارێزەر و پارێزراو)) لە بوارگەلی ئەودیو پارتەکان (واتە ڕێکخراوە ناسراوەکانی حیزب, بواری هەڵبژاردنی و پەرلەمانیدا) رەنگدەداتەوە و تەشەنە دەکات بۆ ناو هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەت و سەرئەنجام دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕێژەیی بیرۆکراسی (ناوخۆیی و سوپایی) و جەمسەرە گەورە ئابوورییەکان, کڵێسە و هەموو ئەو هێزانەی کە تاڕادەیەك لە هەڵکشان و داکشانی ڕای گشتیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەڵدەسووڕێن.

داخۆ لەبنەڕەتدا ئەم قەیرانانە چۆن سەرهەڵدەدەن؟ شێوەی پەیدابوونی ئەم قەیرانانە لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا جیاوازە, بەڵام ناواخن و ناوەڕۆکەکانیان وەکیەکە. ناواخنی ئەم قەیرانانە شتێك نیە جگە لە قەیرانی پێشەوایی (هەژمۆنی) چینی باڵادەست نەبێت. بەگشتی ئەمجۆرە قەیرانانە لە یەکێك لەم دوو دۆخەی خوارەوەدا روو دەدەن:

یەکەم/ ئەوکاتەی چینی باڵادەست لە مقۆ-مقۆیەکی سیاسی گەورەی (وەك شەڕدا) کە بەهۆیەوە پشتیوانی جەماوەریان مسۆگەر کردبێت یان بە زەبر بەدەستی هێنابێت, ڕووبەڕووی شکست بووبێتەوە.

دووەم/ ئەوکاتەی کتوپڕ جەماوەرێکی گەورە (بەتایبەت گوندی و رووناکبیرانی وردە بۆرژوا) لە گەرداوی ناچالاك بوونی سیاسیەوە روو دەکەنە تێکۆشانی سیاسی و دروشمگەلێك بەرز دەکەنەوە, هەرچەند دەربڕینێکی ڕێك و ئۆرگانێکی نیە, بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە واتای شۆڕشە. ئەم رۆژانە باس لە ((قەیرانی دەسەڵاتی رەوا)) یان قەیرانی ئۆتۆریتە دەکرێت[1]. ئەم قەیرانە ناتوانێت شتێك بێت جگە لە قەیرانی پێشەوایی یان قەیرانی گشتی دەوڵەت.

ئەمجۆرە قەیرانانە هەلومەرجێك دێننە کایەوە لە کورت خایەندا ترسناکن, چونکە توێژە جۆراوجۆرەکانی گەل ناتوانن بەشێوەیەکی یەکسان و بەئاهەنگێکی هاوتەراز خۆیان بنیات بنێتەوەو لەگەڵ رەوتی گۆڕانکاریەکانیشدا خۆیان بگونجێنن. چینی باڵادەستی نەریت پەرست بەهۆی کادرە لێهاتووەکانیەوە, دەتوانێت لەتوانای چینە بندەستەکان خێراتر, بەرنامەو کەسایەتیەکانی بگۆڕێت, لەبەر ئەوە دەتوانێت ئەو هێزە بخاتەوە دەست کە خەریکە لە کیس بچێت. رەنگە لەم نێوەدا (چینی باڵادەست) هێندێك قوربانیش بدات و بەپشت بەستن بەمژدە فریودەرەکانی خۆی لەگەڵ ئایندەیەکی نارووندا رووبەڕوو بکاتەوە, بەڵام بەهەرحاڵ دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێت و تەنانەت بەشێوەیەکی کاتیش جێگیری دەکات و بەپاڵپشتی ئەم هێزە بەرهەڵستکاران و بە تایبەت کادرەکانی

www.pertwk.com

ڕێبەریەکـــەی کـــە ژمارەیـــان زۆر نیـــەو ئەوەنـــدەش بـــە ئـــەزمون نـــین، تێکدەشکێنێت.

(لەم هەلومەرجەدا) یەکخستنی وزەی هەموو گروپە جۆراوجۆرەکان لە ژێر چەتری تاکـە پارتێکـدا وەك نوێنـەر و بەرگریکـەری لـەبارتری بەرژەوەنـدی هەموو چینەکە، دیاردەیەکی ئۆرگانیك و ئاساییە، تەنانەت ئەگەر ئەم گۆڕانە بە ئاهەنگێکی وەها خێرا ڕوویدات کە بە بەراورد لـە تـەك دۆخـە نائارامەکانی رابـوردودا وەکـوو برووسـکە دەرکـەوێت. وەهـا (وەرچـەرخانێك) نیـشانەی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی تێکڕایی چینێکە لەسایەی تاکە ڕێبەریەکداو بە گـوێرەی خـودی چـینەکەش تـەنیا ئـەم (ڕێبەرییـە) دەتوانێـت پرسـە زیندووەکانی چارەسەر بکات. لە بەرامبەردا، ئەگەر ئەم قەیرانە چارەسەرێکی ئۆرگانیـك نەدۆزێتـەوەو ڕێگـا چـارەی سـەرۆکە بلیمەتـە (کاریزماییەکـەی) بسەپێنێت، ئەمە بەو واتایەیە کە هاوسەنگیەکی وەستاو بەرقەرارە.

(دیارە هۆکارە کاریگەرەکانی ئەم وەستاویە پەرش‌و بڵاووو جۆربەجۆرن، بـەڵام هۆکـاری یەکلاکـەرەوە شـتێك نیـە جگـە لـە پێنەگەیـشتووی هێـزە پێشکەوتووەکان). ئـەم هاوسـەنگیە وەستاوە شایەتحاڵی ئەم راستیەیە کە چـی گروپـی خۆپـارێزە هیـچکامیان توانـای سـەرکەوتنیان نیـە، تەنانـەت کۆنـەپارێزەکانیش پێویـستیان بـە ڕێبـەر و سـەروەرە. بـۆ نموونـە تەماشـای ((هەژدەهـــەمین برۆمێـــر بۆناپـــارت[2])) بکـــەن. (نوســـخەی یەکـــەم: 32–1930؛34–1932)[3] ئـەم وتەزایـە پەیوەنـدی هەیـە لـە گـەڵ یـەکێك لـە گرنگترین ئەو پرسانەی کە بەپارتە سیاسیەکانەوە گرێدراوە. (پرسی ئاماژە پێکراو) هـەمان توانـای پارتەکانـە لـە ململانـێ لەگـەڵ هێـزی خووگرتـوویی و بەربەرەکانێ لەگەڵ مەیلی بەستەڵەکی فکری و ناهاوکاتی مێژویدا. پارتـەکان بـۆ ئـەوە دادەمـەزرێن هـەتا بتـوانن لەسـاتە مێـژوویی‌و زیندوییـەکانی چینەکەیاندا، کاریگەربن. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتـەکان نـاتوانن هەمیشە لەگەڵ ئـەرك و سـەردەمی تـازەدا بگـونجێنن و ناشـتوانن هاوکـات لەگـەڵ گۆڕانـە بنەڕەتیـەکانی هاوسـەنگی هێزەکانـدا لـە ئاسـتی نەتەوەیـەو نێونەتەوەییـدا بجوڵێنـەوە. لـە ڕاڤـەکردنی گـۆڕانی پارتـە سیاسـیەکاندا، پێویـستە (چـوار چـەمکی) خـوارەوە لێـك هـەڵاوێرین: گروپـی کۆمەڵایـەتی پارتەکـە؛ جـەماوەر ئەندامەکـەی؛ بیرۆکراسـی پـارت و سـەرئەنجام مەڵبەنـدی فەرماندەییەکـەی. بیرۆکراســی بەرچــاوتەنگترین و ترســناکترین هێــزی خۆپــارێزی پارتێــك پێکدێنێت.

ئەگەر بیرۆکراسی وەکو یەکەیەکی چکۆلەی (خۆ–بنیاتی) لێبێت و خۆی لە جەماوەری ئەندامی (پارت) بە سەربەخۆ بزانێت، ئەوکاتە ئەوپارتـە بەزۆرە ملــێ تووشــی ناهاوکــات بــوونی مێــژوویی دەبێــت و لــە مەیدانــە هەستیارەکاندا، لە ناوەرۆکە کۆمەڵایەتیەکەی بەتاڵدەکرێتـەوەو بەکردەوە بە هەڵپەسێراوی دەمێنێنتەوە، بۆ نموونە دەکرێ لە چارەنووسی گەلێك لەپارتە ئەڵمانیـەکان سـەبارەت بـە نەشـونمای هیتلـەریزم تێـڕامێنین، هـەروەها پراتـە فەڕەنسییەکانیش زەمینەیـەکی لـەبارن بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە: ئەوانـە لـەڕووی بیروبـاوەڕەوە بەستەڵەکبوون‌و (لـەباری مێژوویـشەوە) ناهاوکـاتن،وەك بەڵگـە گـەلی مێـژوویی– سیاسـی سـەردەمانی ڕابـوردی فەرەنـسا دەژمێـردرێن و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەسەرچاوەکانی ئەو سەردەمانە دوبارە دەکەنەوە. لە ئاینـدەدا رەنگـە قـەیرانی ئـەو گروپانـە تەنانـەت لـە قـەیرانی پارتـە ئەڵمانیەکانیش کارەساتبارتر بێت. (نوسخەی یەکەم: 1932–1930، 34–1932).

بەگشتی خەڵك، کاتی لێکدانەوەی ئەمجۆرە دیاردانە، بەباشی سەرنجی تـوخمی بیرۆکراسـی (نـاوخۆیی و سـوپایی) نـادەن، سـەرەڕای ئـەوەش لـە لێکدانەوەکانی خۆیاندا ئەوە لەبیر دەکەن کە نە تەنیا تـوخمی بیرۆکراسـی نـاوخۆیی‌و سـوپایی،. بـەڵکو دەبێـت ئەوتوێـژە کۆمەڵایەتیانـەش لەبەرچـاو

www.pertwk.com

بگرن کە لەهەلومەرجی دیاریکراودا دەبنە پێگەی ئەم بیرۆکراسیە. هەربزووتنەوەیەکی سیاسی بیٚ بەشداری ڕاستەوخۆی سوپا دەتوانێت کارەکتەرێکی سەربازی هەبێت, دیارە دەشیٚ جاروبار لەو هەلومەرجەدا کە ناوەندی فەرماندەیی وئەفسەرەکان, رۆڵی سوپاو ناچارکردنی بە پاشگەزبوونەوە لە چوارچێوەی سنورە یاساییەکاندا لەبار نەبێتو, قازانج لەوەدابێت کە وەك دەڵێن پشتگیری لە تەشەنەکردنی سیاسەت بۆ ناو ریزەکانی سوپا بکرێت, چونکە یەکریزی و هاوئاهەنگی ئەفسەران و خاوەن پلەکانی سوپا لەسەر ئەم بناغەیە بنیاتنراوە کە سوپا بەرواڵەت بێلایەنەو لەسەروو ناکۆکیە گروپیەکاندایە. دیارە ئەم کارە لەبنەڕەتدا لەباری یاسایشەوە ڕاست نیە کەسوپاکان نەتوانن دەست وەردەنە سیاسەتەوە, چونکە رۆڵی سوپا بەوردی بەرگرییە لە دەستوورو بەدەربڕینێکی تر, پاراستنی شێوەی یاسایی (دەوڵەت) و دەزگاپێوەگرێدراوەکانیەتی. لەراستیدا, بێلایەنی سوپا بەتەنیا بەواتای پشتیوانی لە باڵی کۆنەپەرستە بەلام, بەهەر حاڵ لە هەلومەرجی باسکراودا, دەبێت پرسەکە بەشێوەیەك بخرێتە بەرباسەوە, کە نائارامی کۆمەڵگا لە سوپادا بەرهەم نەهێنرێتەوەو بەمجۆرە, هێزی باڵادەستی مەڵبەندی فەرماندەیی, لە ئەنجامی دارووخانی سوپادا, لەبەیننەچێت. بێگومان, هیچکام لەم تێبینیانە ڕەهانین. بەڵکو هەرکامیان لە چرکە مێژووییە جۆربەجۆرەکان و لە وڵاتە جیاوازەکاندا, بە پلەگەلی تەواو جیاواز, گرنگی خۆیان هەیە.

یەکەم پرسیار کەدەبێت تاوتوێبکرێت, بەمجۆرەی خوارەوەیە: ئایا لە وڵاتی باسکراودا, توێژێکی بەرینی کۆمەلایەتی وا هەیە کە پیشەی بیرۆکراتی ناوخۆیی و سوپایی بۆ ژیانە ئابوری‌و بوونە سیاسیەکەی, بەتوخمێکی بنەڕەتی لەقەڵەم بدرێت؟ (دیارە "مەبەست لەبوونی سیاسی" بەشداریکردنی کاریگەرە لە دەسەڵاتدا, تەنانەت ئەگەر ئەم بەشداری کردنە ناراستەوخۆو لەڕێگەی "باج گرتنیشەوە" ئەنجام بدرێت.) لە ئەوروپای هاوچەرخدا, دەتوانرێت بۆرژوازی ناوەڕاستو بچووکی گوندی, وەك توێژێکی وابەرین, بژمێردرێت.

دیارە بە گوێرەی ئاستی نەشونمای هێزی پیشەسازی لەلایەکی‌تر, ئاستی بەربلاوی ئەم توێژە,

لەولاتە جۆربەجۆرەکاندا, جیاواز دەبێت. لە راستیدا بیرۆکراسی (ناوخۆیی و سوپایی) پاوەنکراوی ئەم توێژە کۆمەلایەتیە نیە, بەلام لە بنەڕەتدا بیرۆکراسی لەگەڵ ڕۆڵە کۆمەلایەتیەکانی ئەم توێژەو هەروەها ئەو مەیلە دەرونیانەی کە کارکردێکی وەها دەهێنێتە ئاراوەو توندیدەکەنەوە. بەتەواوی گونجاوە. ئەم دوو فاکتەرە هاوچەشنیەکی تایبەت دەداتە ئەم توێژە کۆمەلایەتیەو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی, وزەیەکی پێویستی پێدەبەخشیٚو (ئەم دووخاڵە) بەنۆبەی خۆیان, دەبنەهۆی ئەوەی کە ئەم توێژە کۆمەلایەتیە, لە تەواوی پەیکەری کۆمەڵگادا, نرخێکی سیاسی تایبەتو رۆڵێکی دیاریکەر پەیدا بکات. ئەندامانی ئەم توێژە ئورفەتیان بە فەرماندەیی کردنی ڕاستەوخۆی شانە بچووکەکانی تاکەکانەوە گرتووەو بەگشتی هۆگری فەرماندەیی "سیاسین" تاکوو "ئابووری". بەدەربڕینێکی‌تر, هونەری فەرماندەییەکەیان بەمانای توێشەو توانایەکی تایبەت لە ڕێکخستنی "شتەکان"و "مرۆڤەکانو شتەکان" بەگوێرەی بەرهەم هێنانی پیشەسازی نیە, چونکە ئەم توێژە, لە چەمکە تازەو باوەکەیدا, ڕۆڵێکی ئابووری تایبەتی لە ئەستۆدا نیە. داهاتی ئەم توێژە, زادەی موڵکایەتی یاسایی پارچە زەوییەکی خاکی وڵاتەو ڕۆڵەکەشی, بەرهەڵستی کردنی "سیاسیە" لەگەڵ هەرجۆرە کۆششێکی گوندییەکان لە چاککردنی شێوەی ژیانی خۆیاندا, چونکە هەرجۆرە چاك بوونەوەیەك لە شێوازی ژیانی گوندییەکاندا, بەواتای

www.pertwk.com

کارەساتێکە بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم توێژە. بۆ ئەم توێژە، هەژاری هەمیشەیی و هەمەلایەنەو کاری تاقەتپڕوکێنەری گوندییەکان و هەموو ئەو کوێرەوەریانەی وەها بارودۆخێك دەیهێنێتە کایەوە، پێویستیەکی ژیانیە.
تەنیا لە بەرڕۆشنایی ئەم ڕاستیەدایە کە دەتوانرێت هەوڵی بەیگیریی ئەم

توێژە دیاریبکریٚ سەرکوتکردن و بەبەرەکانیٚ لەگەڵ هەرجۆرە کۆششێکی گوندییەکان لە زەمینەی ڕێکخستنی سەربەخۆیان نەیاری کردنیان لەگەڵ هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی کولتووری دەرەوەی بازنەی ئاییزای رەسمییدا. پەرش و بڵاوی جوگرافیایی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە دوا هۆکاری لاوازی چوارچێوەکانیەتی و هەر ئەم پەرش و بڵاوییە خۆی دەبێتە هۆی "ناهاوچەشنی" ئەم توێژە، چونکە لە نێوان ناهاوچەشنی و پەرش و بڵاویدا پەیوەندێکی قووڵ بەرقەرارە. ئەم ڕاستیانە، بەشێکی دیکەی تایبەتمەندیەکانی ئەم توێژە ڕووندەکەنەوە، زۆربڵێیی، فرەیی سیستەمە ئایدیۆلۆژیەکان و هەروەها خەسڵەتی نامۆی هێندێك لە ئایدیۆلۆژیە خوازراوەکانی ئەم توێژە (بەنموونەی وەها تایبەتمەندیگەلێك لە قەڵەمدەدرێن). لەگەڵ ئەوەشدا ئیرادەی ئەم توێژە ئامانجێکی دیاریکراو دەپێکێت، بەڵام بەهەرحاڵ (جموجۆڵەکەی) هێواشەو بەگشتی پێویستی بە تەوژمێکی درێژخایانە تا ئەم توێژە بتوانێت لەباری سیاسی و ڕێکخستنەوە یەکانگیر بێت. تەوژمی ئەم یەکانگیربوونە ئەو دەمەی توندە دەبێت کە ئامانجی دیاریکراوی ئەم توێژە لەگەڵ ئیرادەو بەرژەوەندە بەپەلەکانی چینی باڵادەستدا بگونجێت. لەوەها هەلو مەرجێکدایە کە نەك تەنها (پرۆسەی یەکانگیربوون بەدی دێت)، بەڵکو "هێزی سەربازی" ئەم توێژە یەکجاری دەردەکەوێت و جاروبار بۆ چینی باڵادەست- ئەگەر لە ناوەرۆکیشدا نەبێت، لانی کەم لە شێوەی چارەسەری خوازراودا- ئەرکی یاسایی دادەنێت. هەمان ئەو یاسایانەی بۆ نمونە لەبارەی چینە بندەستەکان و پەیوەندی نێوان شارو دێدا دەبینرێت، لەم بارەشەوە ڕاست دەردەچێت. هێزی شار خۆبەخۆ دەگۆردرێت بەهێزی گوند. بەڵام بەگشتی نەبوونی دەرفەتی لاوەکی ئابووری لە گوندەکانداو توندو تیژی سەرکوتکردنی باڵا دەستەکان دژی ژێردەستەکان، بەخێرای شێوەیەکی توندو "تایبەتی" دەداتە ناکۆکیەکان و لە ئەنجامدا دژە هێرشەکان توندترو (یەکجارەکی) تر دەکات. توێژی باسکراو باشی دەزانێت کە دەبێت سەرچاوەی گرفتاریەکانی لەشارو هێزی شاردا بدۆزێتەوەو لەم ڕووەوە تێدەگات کە دەبێت چارەسەرێکی تایبەت بەسەر چینە باڵادەستە شاریەکاندا بسەپێنێت و لەم ڕێگەیەوە سەرچاوەی قەیرانەکە وشکبکات. دیارە ڕەنگە ئەم چارەسەرە، لە کورت خایەندا، تەنانەتە لەگەڵ ئامانجی چینە باڵادەستەشاریەکانیشدا نەگونجاو و ناتەبا بێت و ئەوانە ئەم چارەسەرە لەڕادەبەدەر قورس و بەرهەمەکەشی لە درێژخایەندا لەڕادەبەدەر ترسناك ببینن. (دەبێت بزانرێت کە ئەم چینە شاریانە، قۆناغەکانی وەرچەرخان لە ڕوانگەیەکی فراوانترا وێنا دەکەن و تەنیا لەم بوارە فراوانەدایە کە لەجیاتی پەیڕەوی کردنی بەرژەوەندە "ماددییەکان"، دەرفەتی مانۆری دیاری کراو دەڕەخسێت)، تەنیا لەم چەمکەدایەو نەك لە چەمکێکی ڕەهادا کە دەبێت رۆڵی ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە بە ڕێبەرو ڕێنمایکەر لە قەڵەمبدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رۆڵە ئەوەندەش بێبایەخ نیە[4].

لەم پەیوەندیەدا، دەبێت ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە چۆن خەسڵەتی "سەربازی" گروپی کۆمەڵایەتی باسکراو- بەشێوەیەکی نەریتی کردەوەی خۆ هەڵفرێنەری لەبەرامبەر هەلومەرجە بەرچاوە کۆمەلایەتییەکانیدا بووە- لەوە بەدواوە هۆشیارانە ڕێکوپێکدەبیٚ و لە چاوەڕوانی ساتی وادە دراودا، بەشێوەیەکی ئۆرگانیك، ڕێکدەخرێت. ئەو هەوڵە سیستماتیکانەی لە پێناوی پێکهێنان و بەهێزکردنی ڕێکخراوە هەمە جۆرەکانی پێکهاتوو لە سەربازە

www.pertwk.com

کۆنەکان و هێزە یەدەگیەکان‌و بەتایبەت ئەفسەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی سوپادا دەدرێن، تێکرا لە توێی چەمکی (ئەمجۆرە چالاکیە هۆشیارانە) دایە. ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ ناوەندی فەرماندەیی خۆیاندا لە پەیوەندیدان و لەگۆڕەپانی پێویستدا، بێپێویستی ڕاگەیاندنی (بەسیج) سەربازی، بۆ خزمەت بانگهێشتدەکرێن. بەمجۆرە سەربازە ئەرکدارەکان دەتوانن، خەسڵەتی تایبەتی خۆیان وەك هێزی یەدەگ، بپارێزن و لەبەربوونی ئەم هێزە "تایبەتیانەش"، پتەو و ئامادە بمێننەوە و لە داروخانی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەشدا، خۆیان بەدووربگرن. گومانی تێدا نیە، بوونی ئەم هێزە "تایبەتیانە" لە پاراستن‌و بەهێزکردنی ورەی (سەربازە ئەرکدارەکاندا) گەلێك کاریگەرە. لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت ئەنجامی کاری ئەو ڕێکخراوانەی سەرەوە، شتێکە لە توێی چەمکی بزووتنەوە کازاخیەکاندایە. دیارە بەم جیاوازیەی کە بەپێچەوانەی بزووتنەوە کازاخیە قەیسەرییەکان، ئەم ڕێکخراوانە لەسەر بنەمای سنوورە نەتەوەییەکان دانەمەزراون، بەڵکو لەسەر بنەمای "سنوری" چینە کۆمەڵایەتیەکان ڕێکخراون.

لەبەر ئەمە، دەسەڵاتە سەربازییەکان لە گەلێك وڵاتدا، تەنیا بەمانای ئامادەگی‌و دەسەڵات سەربازی نیە لە چەمکێکی تەکنیکیدا، بەڵکو دەرخەری ئامادەگی‌و دەسەڵاتی تەواوی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیەیە کە پێگە سەربازیەکانی (بەتایبەت ئەفسەران) پێکدێنێت، بۆ تێگەیشتن‌و لێکدانەوەی ئەو شێوە تایبەتیانەی بە قەیسەرگەرایی یان بۆناپارتیزم ناو دەبرێن، ئەو تێبینیانەی سەرەوە پێویست و حەتمین. لەڕاستیدا تەنها بە پشت بەستن بەمجۆرە تێبینیانەیە دەکرێ بۆ ناپارتیزم و قەیسەرگەرایی جیابکرێتەوە لەو شێوە حکومەتیانەی تر کە تێیاندا دەسەڵاتی سەربازی لە شێوەی توخمە تەکنیکیەکاندا بەجۆری پاوانکراو و تەواو ئاشکرا خۆی دەنوێنێت.

یۆنان و ئیسپانیا جیلوەگای دوونمونەی تایبەتمەندی هاوبەش و جیاوازن. سەبارەت بە ئیسپانیا، دەبێت تایبەتمەندی جیا لەبەرچاو بگیرێت: ڕەهەند گەلی سەرزەمینی نەتەوەیی و چڕی دابەزینی ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینەکان لە نێوان خانەدانە خاوەن زەوییەکان و گوندییەکاندا، چینێکی بۆرژوازی گوندی بەرفراوان بوونی نیەو لە ئەنجامدا ئەفسەرە وردەکان وەك هێزێکی سەربەخۆ، شایانی بایەخێکی ئەوتۆ نین. (دیارە ئەفسەرانی پلە تەکنیکیەکان، بەتایبەت پلەی ئەندازیاری و تۆپخانە، گرنگیەکی تاییبەتیان هەیە. ئەم گروپە، کە سەرچاوەی خۆی لە بۆرژوازی شاریدا دەبینێت، دژایەتی ژەنەراڵەکانی سوپا دەکات‌و هەوڵدەدات سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی پەیڕەو بکات.) هەر لەبەر ئەمە، حکومەتە سەربازیەکانی ئیسپانیا بە گشتی حکومەتی ژەنەراڵە گەورەکانەو ناچالاك بوونی جەماوەری گوندی، لە پۆستی هاووڵاتیانی کۆمەڵگەو سەربازە ئەرکدارەکاندا (لەم ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت.) لەم وڵاتەدا، ئەگەر سوپا دووچاری داڕوخانی سیاسی ببێت، ئەوا ئەم داڕوخانە لە چەمکی ستوونی دایە نەك ئاسۆیی و لەئەنجامی دووبەرەکی ئاستە بەرزەکاندا ڕوودەدات و جەماوەرە سوپاییەکەش پاڵدەدەنە یەکێك لە ڕێبەرانی ئەم دووبەرەکیانەوە. لەوێ دەوڵەتی سەربازی ((لە نێوان دوو دەوڵەتی یاساییدا. سوپا هێزی هەمیشەیی)) ڕێکخراوو دیسپلینکراوەو تەنها ئەوکاتە وەك هێزێکی سیاسی دێتە ناو چالاکی ((ئاشکرا))وە، کە ((حکومەتی یاسا)) لە مەترسیدا بێت. بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی ڕووداوەکان لە یۆنانیشدا هاوشێوەی ئیسپانیایە، بەم جیاوازیەوە کە لە یۆناندا دانیشتوانی وڵاتەکە لە تۆڕێکی فراوانی دورگە جیاوازەکاندا نیشتەجێن‌و بەگشتی بەشێك لە دانیشتوانە چالاك‌و بزۆزەکەی کۆمەڵگە سەرقاڵی گەشتی دەریایین‌و لەئەنجامدا، پیلان‌و تەڵەکەی سەربازی بەئاسانی جێبەجێ دەکرێن. لە یۆنان و ئیسپانیادا

www.pertwk.com

گوندییەکان ناچالاکن. بەلاّم لە چوارچێوەی گشتی دانیشتوانداو بەرەچاوکردنی ئەم خالّە کە چالاکترین و بزۆزترین کەسی یۆنانی مەلەوانەو بەگشتی لە ناوەندی سیاسەتی کۆمەڵگا دوور کەوتوونەتەوە, دەبێت کارتێکردنی (ناچالاکبوونی) گشتی لەهەرکام لەم دوو ولاّتەدا جوداو شیبکرێتەوەو دیارە چارەسەری لە باریش بۆ ئەم دوو ولاّتە وەك یەك نابێت. چەند ساڵێك لەمەوبەر, ئەندامانی دەوڵەتێکی ڕوخاو لە یۆنان, تێکڕا لە داردران و ڕەنگە بکرێ ئەم ڕووداوە بەوروژاندنی ڕقی ئەو بەشە چالاك و بزۆزە ڕونبکرێتەوە کە مەیلیان لە پێدانی وانەیەکی خوێناوییدا بوو[5]. ئەو خالّە گرنگەی کە دەبێ سەرنجی پێبدرێ ئەوەیە نە لە یۆنانداو نە لە ئیسپانیا, ئەزموونی حکومەتی سەربازی نەیتوانی ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەلاّیەتی و سیاسی جێگیر و ئۆرگانێك بخوڵقێنێت, لە کاتێکدا لەو ولاّتانەی کە بەزەبر بۆ ناپارتیستن, بەگشتی وەها وەرچەرخانێك بەدی دێت. دیارە هەل و مەرجی گشتی مێژوویی هەردووحکومەتەکە یەکێکە: هاوسەنگی چینە بەگژیەکدا چووە شاریەکان بە شێوەیەکە کە چارەسەری پەرلەمانی, ناتوانێت وەك میکانیزمی "ئاسایی" دیموکراسی, درێژە بەکارەکەی بدات لە بەرامبەردا, جیاوازی ئەم دوو ئەزموونە جۆربەجۆرە لە شێوەی دەسەلاّتی گوندایە. هەندێ ولاّتی وەك ئیسپانیا, ناچالاك بوونی بنەڕەتی گوندییەکان, وا لە ژەنەراڵە خانەدانە و خاوەن زەویەکان دەکات کە بەپشت بەستن بە سوپا, هاوسەنگی روو لە رووخان درێژە پێبدات یان بەواتایەکی تر دەسەلاّتی چینە بالاّدەستەکان بەردەوام بکات. لەبەرامبەردا, لەولاّتانی تردا گوندەکان ناچالاکی نین, بەلاّم بزووتنەوە گوندییەکانیش لەباری سیاسیەوە, لەگەڵ بزووتنەوە شاریەکاندا هاوئاهەنگیان نیە. لەمجۆرە ولاّتانەدا, دەبێت سوپا (لانی کەم تا قۆناغێکی دیاریکراو) بێ لایەن بێت چونکە بە پێچەوانەی ئەمەوە, ڕووبەڕوی مەترسی لەتبوونی ئاسۆیی دەبێتەوە. لە هەلو مەرجێکی وادا, چینی بیرۆکراسی سەربازی دێتە ناو کارەکەوە. بۆ سەرکوت کردنی بزووتنە گوندییەکان (بەتایبەت ئەوانەی مەترسیەکی خێرایان ئەفراندووە) ئەم چینە کەڵك لە ئامرازە سەربازییە ئامادەکان وەردەگرێت و لەپرۆسەی ئەم خەباتەدا, یەکێتییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دیاریکراو پەیدا دەکات و لەناو چینە ناوەراستە شاریەکاندا– دیارە ناوەراست لە چەمکە ئیتاڵیەکەیدا–[6] هاوپەیمان دەدۆزێتەوەو, بە پشت بەستن بەخوێندەوارە شارنشینە بەرەچەڵەم گوندییەکان, هێزی خۆی پتەو دەکات و شێوە سیاسیەکانی خۆی بەسەر چینە بالاّدەستەکاندا دەسەپێنێت. دیارە ئەم چینە بالاّدەستانەش بە زۆرەملێ شان دەدەنە بە هێندێك پاشەکشەو بڕێك لە یاسا گونجاوە هەنوکەییەکان (چینی بیرۆکراتی) پەسەند دەکەن. بەکورتی, ئەم چینە بە پڕچەك کردنی خۆی لەوکاتەدا کە چەککردنی گشتی زاڵەو هەروەها بە هەڕەشەی نانەوەی شەڕی ناوخۆ لە نێوان خۆی و سوپایەکی ڕێکوپێکدا لەکاتی سەرهەڵدانی خۆڕاگرییەکی جدی لەلایەن چینە بالاّدەستەکانەوە, دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دابین نابێت ئەم دیتنانە وەك سەرمەشقگەلی قالّبی لە قەڵەم بدرێت, بەڵکوو دەبێت وەك پێوەری کردەوەیی بۆ لێکدانەوەی مێژوویی و سیاسی لەقەڵەمبدرێن.

لە ڕاڤەکردنی بابەتی ڕووداوە مێژووییەکاندا, بەگشتی شێوەکانی مێژوو تایبەتن و دەکرێ هەریەکێکیان وەك "بابەتێکی تایبەت" دابنرێن. قەیسەر و ناپلیۆن جیلوەگای پێکهاتەیەکی تەواو جیاوازن لە هەلومەرجی واقیعیدا, هەروەك هەلومەرجی (مێژوویی پەیدابوونی)"پریمۆدۆ ریڤەرا[7] و زیڤکۆڤیخ[8]"یش جیاوازن. (نوسخەی یەکەم: 32–1930–34–1933).

لە ڕاڤەکردنی ئاستی سێیەم[9] و یان خاڵی سێیەم لە تەرازوو لەباربوونی هێزە هەنوکەییەکان لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا, دەکرێ لە چەمکی باوی زانستە سەربازیەکان, واتە چەمکی "بڕگەی ستراتیژی" کەڵکێکی باش

www.pertwk.com

وەرگیرێت. بە دەربرینێکی وردتر، (مەبەست لەم چەمکە) ئاستی ئامادەیی ستراتیژیە لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکان لەم "بڕگە ستراتیژیەدا" هەمان هەلومەرجی چۆنایەتی کادری ڕێبەریە کە دەکرێ بە هێزەکانی "هێڵی پێشەوەی بەرە" (یان هێزە زەبر وەشێنەکان)یش ناوبنرێن. دەکرێ ئاستی ئامادەبوونی ستراتیژی سەرکەوتن بکاتە خەڵاتی ئەو گروپانەی کە "بەڕواڵەت" (واتە لەباری چەندایەتیەوە) لەهێزەکانی دوژمن لاوازترن، دەتوانرێت بگوترێت ئامادەیی ستراتیژی دەرفەتی سەرهەڵدانی "هۆکارە پێشبینینەکراوەکان" تاڕادەیەك بە (سفر) دەگەیەنێت. ئەم هۆکارە پێشبینینەکراوانە، کاردانەوەی خێراو حساب نەکراوی ئەو هێزانەیە کە بەشێوەیەکی نەریتی بە ناچالاك و بێکردەوە دەناسران. بێگومان لە ئامادەکردنی "بڕگەیەکی ستراتیژی" لەباردا، ئەو هۆکارانە کاریگەرن کە پێشتر لە تێبینیەکانی خۆماندا دەربارەی بوون و ڕێکخراوانی توێژێکی کۆمەڵایەتی سەربازی، لەپاڵ سوپای نەتەوەیی و لە چەمکە تەکنیکەیەکەیدا، ئاماژەمان پێکرد.

لە هێندێك بەشی ئاخاوتنی ژەنەراڵ گازەرا[10] وەزیری جەنگ، کە لە بەرواری نۆزدەیەمی مانگی ئایاری 1933دا، لەبەرامبەر ئەنجومەنی پیراندا پێشکەشکراوە، دەکرێ چەند خاڵی دیکەش تێبگەین. (تەماشای ژمارەی بیستەمی مانگی ئایاری ڕۆژنامەی "کۆریەر دەلاسەرا"[11] بکەن) سیستەمی دیسپلینی باڵادەستی سوپا، کە بە خێروبێری بوونی فاشیزمەوە بەدیهاتووە، پێوانەیکی بۆ ڕێنمایکردنی تێکرای کۆمەڵگە، دیاریکردووە. دیارە سوپاکانی تریش بەگشتی دیسپلینێکی توندو تۆڵ و ڕەسمیان هەیە. ئێمە هەمیشە ئەم پرەنسیپە بە تەوێڵی خۆمانەوە دەنێین کە سوپا بۆ جەنگ بەدیهاتووە و دەبێت بۆ جەنگ ئامادە بێت. دیسپلینی سەردەمی ئاشتی دەبێت وەك دیسپلینی سەردەمی جەنگ بێت و هەر لەم سەردەمەی ئاشتیدایە کە دەبێت ریشە دەروونیەکانی دیسپلینی جەنگی پتەو بکرێت. دیسپلینی ئێمە لەسەر بنچینەی یەکگرتوویییە بەرهەمی خۆ بەخۆیی ئەو سیستەمەیە، هەڵمانبژاردووە.

ئەم سیستمە توانی لە درێژایی جەنگێکی سەختو درێژخایەندا تا سەرکەوتنی کۆتایی، خۆی ڕابگرێت. ئەمە مایەی شانازی سیستەمی فاشیستە توانیویەتی وەها دیسپلینێکی بە نرخ لەناو گشت کۆمەڵگاشدا گشتگیر بکات. ئەنجامی پرۆژە ستراتیژیەکان و چالاکیە تاکتیکیەکان بەدیسپلینی تاکەوە بەستراوەتەوە. جەنگ گەلێك وانەی فێرکردووین: بۆ نموونە ئەمەی کە لەنێوان ئامادەکاری خولی ئاشتیو راستی خولەکانی جەنگدا، جیاوازیەکی قووڵ هەیە، ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە وێرای هەموو ئامادەکاریەکانی پێشوو، چالاکیە بەراییەکانی هەر شەڕێك، لایەنەکانی پێکدادانەکە لەگەڵ پرسی تازەدا ڕووبەڕوودەکاتەوە و هەردوولایان غافڵگیر دەکات. دیارە نابێت لەم راستییە ئەوە هەڵێنجرێت کە هەر جۆرە پرۆژەیەکی لە پێشدا ئامادەکراو بێکەڵکە، یان ئەوەی کە لە بنەڕەتدا ناکرێ لە جەنگەکانی ڕابردوو وانە وەرگیرێت. بێگومان دەکرێ لەم جەنگانە تیۆرێکی شەڕ هەڵێنجرێت: دەبێت وەها تیۆرێك لە رێگەی دیسپلینی فکریەوە هەست پێبکرێت و وەك ئامرازێك بۆ بەڵگە لۆژیکی و هاوڕێکەکان بەکار برێت. ئەم تیۆرە دەبێت لە هەمان کاتدا یەکێتیەکی زمانی وا پێکبێنێت کە هەموان والێبکات توانای تێگەیشتن و تێگەیاندنیان هەبێت. هەرکات یەکێتی بیروڕا دابەزێتە ئاستی پرۆژە گشت گەراکانەوە، دەبێت خێرا کاردانەوە پیشانبدرێتو سەرلەنوێ تاکتیکەکان تازە بکرێنەوە. دیارە ئەم تازەگەریە لەبەر پێشکەوتنە تەکنیکیەکان پێویستی پەیدا دەکات.

لەبەرئەوە بە پێچەوانەی وێناکردنی گەلەك لە خەڵکی، ئەم (ئەنجامگیریانە) سیستمی یاسا وەستاو و نەریتیەکان نیە. نەریت تەنیا وەك هێزێك ویناکراوەو و یاساکانیش هەمیشە لە دۆخی پێداچوونەوەدان- پێداچوونەوە- یەك کە تەنیا بۆ خودی پێداچوونەوەکە ئەنجامنادرێت، بەڵکوو ئامانجی گونجاندنی ئەم یاسایانەیە لەگەڵ راستیدا. (دەتوانرێت

www.pertwk.com

نموونەیەکی تر لە ئامادەکاری بۆ "برگەی ستراتیژی" لە "بیرەوەریەکانی چەرچڵدا" بهێنرێتەوە بەتایبەت ئەوکاتەی لەبارەی شەڕی جۆت لاند[12]ەوە دەدوێت).



``

www.pertwk.com



# بەشی دووەم

## قەیسەر گەرایی(13)

www.pertwk.com

جۆلیۆس قەیسەر, ناپلیۆنی یەکەم, ناپلیۆنی سێیەم, کرۆموێل[14] ... (دەتوانرێت) پێرستێك لە رووداوە مێژوویە جۆربەجۆرەکان کۆبکرێتەوە کە لەهەرکامیاندا, لوتکەی رووداوەکە لە کەسایەتیەکی گەورەو "قارەماندا" رەنگیداوەتەوە.

دەکرێ قەیسەر گەرایی بەڕوونکەرەوەی پێگەیەك بزانرێت کە تێیدا هێزە بەگژیەکداچووەکان لە دۆخێکی هاوسەنگی کارەساتباردان و درێژەکێشانی کێشمەکێشەکەیان تەنیا دەبێتە هۆی تەفروتونابوونی دوولایەنەیان, ئەوکاتەی هێزی پێشکەوتوخوازی "A" لەگەڵ هێزی کۆنەپەرستی "B" دا دەجەنگێت, وێرای ئەوەی هیچکام لە دووهێزەکە توانای بەزاندنی ئەوەی تری نیە, درێژەکێشانی تێکهەڵچوونەکە دەبێتە هۆی بێتوانایی هەردوولایان, ئەوکاتە هێزی سێیەمی "C" لەدەرەوەی ئەم بازنەیەوە دێتە ناوەوەو بەسەر هەموو ئەو شتانەی لە هێزی "A"و "B" بەجێماون, زاڵدەبێت. دوای مەرگی لۆرەنز[15]ی گەورە, ئەم پرۆسەیە بەدوری لە ئیتاڵیادا جێبەجێکرا.

هەرچەند لەهەموو نموونەکاندا, قەیسەر گەرایی دەربڕی چارەسەرێکی تایبەتە کە بەپێی ئەوە لە هەلومەرجێکی مێژوویی, سیاسیدا, لەگەڵ تایبەتمەندی هاوسەنگی کارەساتباری هێزەکاندا, ئەرکی "داوەری"کردن دەسپێردرێتە کەسایەتیەکی گەورە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا, هەموو نموونەکانی قەیسەر گەرایی گرنگیەکی مێژوویی وەك یەکیان نیە. (لەمێژوودا) دەتوانرێت شێوەی پێشکەوتوو و کۆنەپەرستی قەیسەرگەرایی بدۆزێتەوە. لەدوا لێکدانەوەدا, دەکرێ بایەخی تایبەتی هەرکام لەم شێوانە تەنها لە بەستێنی مێژووی بابەتیەوە و نەك تەنها بەیارمەتی یاساکانی کۆمەڵناسی, هەڵێنجرێت. قەیسەر گەرایی ئەوکاتە پێشکەوتنخوازانەیە کە سەرهەڵدان و ئامادەگی دەبێتە هۆی سەرکەوتنی هێزە پێشکەوتووخوازەکان, تەنانەت ئەگەر لەم سەرکەوتنەدا سنورداریێتی و سازشکردنیش ڕۆڵیان

``



هەبووبێت. لەبەرامبەردا, قەیسەرگەرایی ئەوکاتە کۆنەپەرستانەیە کە سەرهەڵدان و ئامادەگی, پشتگیری لەبەرامبەردا, قەیسەرگەرایی ئەو کاتە کۆنەپەرستانەیە کە سەرهەڵدان و ئامادەگی, پشتگیری سەرکەوتنی هێزە کۆنەپەرستەکان بێت. لەم نموونەیەشدا بێگومان چوارچێوەو سازشگەلێك دێنە پێش کە گرنگێتی, بەهاو ڕەهەندەکانی (لە سنووداریەکانی جۆری یەکەم) جیاواز دەبێت. جۆلیۆس قەیسەر و ناپلیۆنی یەکەم نمونەی قەیسەر گەرایی پێشکەوتنخوازانەن و ناپلیۆنی سێیەم بسمارك نمونەی قەیسەرگەرایی کۆنەپەرستانەن.

گرێکوێرەی بنەڕەتی ئەوەیە کە بزانین لە دیالەکتێکی "شۆڕش- کۆنەپەرستیدا" کامیان بالاّدەست بوون, چونکە لە مێژوودا گەڕانەوە بۆ دواوە و ژیانەوە لە چەمکی رەهادا, بوونی دەرەکی نیە. جگە لەوە, قەیسەرگەرایی قاڵبێکی ئایدیۆلۆژی مشتومڕە, نەك یاسایەکی ڕاڤەکردنی مێژوو. ڕێگاچارەی قەیسەری تەنانەت بیٚ قەیسەرو بیٚ کەسایەتی گەورەی "قارەمان"و هێماییش وێنا دەکرێت. جاروبار سیستەمی پەرلەمانی میکانیزمی پێویست بۆ ئەمجۆرە سازشە بەدەستەوە دەدات. دەوڵەتی "کرێکاری"مەك دانلد تارادەیەك چارەسەرێکی بەمجۆرە بوو.

لەو قۆناغەی مێژوودا, قەیسەرگەرایی ئەوکاتە توندو تۆڵ بۆوە کە "مەك دانلد" لە چەقی ئەو حکومەتەدا مایەوە کە زۆرینەکەی پارێزگاران پێکیان دەهێنا[16].

لە ئیتالیا, لە ئۆکتۆبەری 1922 وە تاکو کاتی لەتبوونی حیزبی پاپولارو پاشان قۆناخ بە قۆناخ تا سێیەمی ژانویەی 1925 و ئەوجا تاکو هەشتەمی نۆڤامبەری 1926[17] , بزووتنەوەیەکی سیاسی- مێژوویی لە ئارادا بوو کە تێیدا پلە جۆراوجۆرەکانی قەیسەرگەرایی تێپەڕکرا تا ئەوەی کە شێوەیەکی ڕەسەن و بەردەوامتری ئەم دیاردەیە- کە دیارە خۆی وەستاو بێجووڵە

www.pertwk.com

نەبوودەرکەوت. هەردەوڵەتێکی ئیتیلافی بەچەشنك قۆناغی بەرایی قەیسەر گەراییە کە جاروبار بەرەو قۆناغەکانی بالاٌتر کامڵدەبێت. (دیارە بیروڕای گشتی لەسەر ئەمەیە کە، بەپێچەوانەوە، دەوڵەتی ئیتیلافی جۆراوجۆری یەکێتیە ئابووریە کرێکاری و پارتە سیاسیەکاندا، بێگومان دیاردەی قەیسەرگەرایی لەوەی کە هەتا کاتی ناپلیۆنی سێیەم هەبووە، جیاوازە. تا کاتی ناپلیۆنی سێیەم، هێزە سەربازی و سەربازەکانی بەرە، هۆکارێکی دیاریکەر بوون لە پەیدابوونی قەیسەر گەراییدا، کە بەگشتی بە دەربڕینێکی ورد لە ڕێی هەنگاوە سەربازیەکانەوە یان کۆدەتاوە جێبەجێدەکرا. لە دنیای یەکێتیە کرێکاریەکان و هێزە سیاسیەکان، لەودنیایەی دەرفەتی دارایی بێسنوور دەخرێتە دەستی تاقمێکی بچووکی هاوولاٌتیانەوە، پرسەکان ئاڵۆزترن. دەکرێ کارگێڕانی پارتە سیاسیەکان و یەکێتیە ئابووریەکان بێ هیچ کردەوەیەکی بەرینی سەربازی، هەر بەوجۆرەی نەریتی قەیسەر و هەژدەمی برۆمێر بوو، تیرۆر بکرێن یان بەرەو گەندەڵی ببرێن. هەر ئەو هەلومەرجەی کە لەکاتی تاوتوێکردنی دروشمی "شۆڕشی بەردەوام"ی ژاکۆبینەکانو "چل و هەشتیەکان[18] "دا ئاماژەی پێکرا، لەم پەیوەندیەشدا بەدیدێت. لە دوای چلو هەشتەوە، لەبنەرەتەوە تەکتیکە سیاسیە تازەکان گۆڕاون. دەربڕینێکی تر، دوای برەوی سیستەمی پەرلەمانی و یەکگرتنی یەکێتی و پارتەکان و پەرەسەندنی پرۆسەی پێکەوە نانی بیرۆکراسیگەلی بەرینی دەوڵەتیو تایبەتی (یان بەواتایەکیی تر، بیروکراسی تایبەتی– سیاسی لە پارتو یەکێتیەکاندا)و، دوای ئەو گۆڕینەی کە لەبواری ڕێکخستنی هێزەکان، سیستم و یاسا لە چەمکی بەریندا بەدیهات، (ئەوگۆڕینەی نە تەنیا خزمەتگوزاری گشتی بۆ سەرکوتکردنی تاوانکاری بەدواوە بوو، بەڵکو گشتێتی ئەو هێزانەشی دەگرتەوە کە لەلایەن دەوڵەتو تاکەکانەوە بۆ پاراستنی دەسەلاٌتی سیاسی و ئابووری چینی بالاٌدەست



ڕێکخرابوون) تاکتیکە سیاسیەکان لە بناغەوە گۆڕانیان بەسەردا هات. لەم چەمکەدا، گشتێتی پارتە "سیاسیەکان" و ڕێکخراوە ئابووریەکان و هتد، دەبوایە وەك ئۆرگانی لێکۆڵینەوەو چاودێریکەر، لەخزمەتی سیستەمی سیاسی بالاٌدەستدابوونایە. بەمجۆرە دەبینین کە پرۆژەی گشتی ئێمە لەبارەی هێزە بەگژیەکدا چووەکانی "A"و "B" وە کە لە ڕوانگەیەکی کارەساتباردا گیرۆدە بوون – واتە هیچکام لە دووهێزە رکەبەرەکە، توانایی سەرکەوتنی یەکجارەکی نیەو، لە هەناوی وەها بنبەستێکدا قەیسەرگەرایی لەدایکدەبێت (یان دەتوانێت لەدایکبێت) ئەمڕۆ گریمانەی گشتی و پرۆژەیەکی هەمەکی کۆمەڵناسی گونجاو (بۆ هونەری سیاسەت لە قەڵەم دەدرێت. دیارە دەتوانرێت هەرچی زیاتر ئەم گریمانەیە بابەتی تر بکرێت و لەگەڵ راستیە بابەتیە مێژووییەکاندا پتر بگونجێندرێت و وەها کارێك بە پێناسەکاری و دیاریکردنی هێندێك هۆکاری بنەڕەتی مسۆگەر دەبێت.

بۆ نموونە، لەکاتی تاوتوێکردنی هێزەکانە "A" و "B" دا، تەنیا وەك هێزە گشتیە پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرستەکان ناومان لێبردن، لە کاتێکدا دەکرێ چییەتی ڕونی ئەم هێزە پێشکەوتنخوازو کۆنەپەرستانە روون بکرێتەوەو بەمجۆرە زیاتر لە ڕاستی نزیك ببینەوە دەکرێ بگوترێت هەرچەند هێزەکانی "A" و "B" ناکۆك و جیاواز بوون، بەلاٌم ناکۆکی و جیاوازیەکانیان وەها نەبوو کە بەهیچ جۆرێك نەتوانن دوای پرۆسەیەکی مۆللووکولی، چەشنێك یەکێتیو ئامێتەبوونی بەرامبەر نەدۆزنەوە، و لە واقیعییەتی مێژووییشدا (ئەم یەکێتیو ئامێتەبوونە)، لانیکەم تا رادەیەك، بەدیهات. (واتە تا ئەو رادەیەی کە بتوانرێت بەهۆیەوە خەباتی ئۆرگانیکی بنەرەتی راوەستێندرێت و قۆناغی کارەساتبار تێپەڕێندرێت.) (وردبوونەوە لەم پرسە) یەکێکە لەو توخمانە کە گونجانی وردتری (گریمانەکەمان لە گەڵ راستیدا) مسۆگەر دەکات. توخمەکەی تر بەمجۆرەی خوارەوەیە:

www.pertwk.com

لەوانەیە قۆناغی کارەسات لەبەر لاوازی سیاسی "کاتی" هێزە باڵادەستە نەریتییەکانـەوە هاتبێتـە ئـاراوەو بەرهـەمی کـەمو کورتییـە ئۆرگـانی و ناچارییەکان نـەبێت. ئـەم شیمانەیە لـە کێشەی ناپلیۆنی سێیەمدا ڕاستی لەخۆ دەگرێت. لەساڵەکانی 1815 تاکو 1848, هێزی باڵادەست لە فەرەنسا, لـە باری سیاسیەوە بەسـەر چوار گروپـدا دابەشـدەبوو: پاشایەتی خـوازان, گولیانیستەکان, بۆ ناپارتیستەکان و کۆمار خـوازە ژاکۆبینـەکان. چۆنیەتی خـەبات لـەناو ئـەم گروپانـەدا وەهـابوو, کـە پێشکەوتنی زودڕەسـی هێـزی (پێشکەوتوخوازی) ڕکەبـەری فەراهەمـدەکرد. بـەڵام هـەر بـەوجۆرەی مێـژوو دەریخـستووە, فۆرمـە کۆمەلایەتیـەکان, هەنوکـەش تـەواوی توانـا پێگەیشتوەکانی خۆیـان تێرنـەکردبوو. ناپلیۆنی سێیەم ڕەنگدانـەوەی ئـەم توانـا بـەزەبرە داپۆشـراوانەم بـوو (رەنگدانەوەیـەکی کـە بێگومـان لەگـەڵ کەسێتی تاکی نەئەوەندە گەورەی ناپلیۆندا خۆی دەنواند). هـەر لەبەرئەمە قەیـسەر گەراییەکـەی بـۆن و بەرامەیـەکی تایبـەتی هـەبوو. قەیـسەرگەرایی قەیـسەرو ناپلیۆنی یەکـەم, بـەناو چییەتی چـەندایەتی و چۆنایەتی هـەبوو, دەربڕینێکی تر, (ئەم قەیسەر گەراییە) ئاشکراکەری تێپەڕبوونی مێژوویی لە دەوڵەتێکـەوە بـۆ چەشـنە دەوڵـەتێکی تـر بـوو, چـلۆنایەتیو رەهەنـدەکانی تازەگەریـەکانی ئـەم تێپەڕبوونـە وابـوو کـە دەبێـت (ئـەم تێپەڕبونـە) بـە شۆڕشێکی کامڵ بزانرێت.

لەبەرامبـەردا, قەیـسەرگەرایی ناپلیۆنی سێیەم بەچـەندایەتیەکی تـەواو قەتیس دەبوو, و تێیدا تێپەڕبوون لـە شێوەیەکی دەوڵـەت بۆ شێوەیەکی تر نەدەهاتە پێشەوەو ئەوەی ڕووی دەدا ("وەرچەرخانی"یـەك لـەدوای یـەك بوو لەیەك چەشنی دەوڵەتدا.)

``



لـەدنیای تـازەدا, دیـاردەی قەیـسەرگەرایی هـەم لـە قەیـسەرگەرایی پێشکەوتنخوازی قەیسەر و ناپلیۆن و هـەم لـە قەیسەرگەرایی کۆنەپەرستی چەشنی ناپلیۆنی سێیەم بەتـەواوەتی جیاوازە (هەرچـەند بەگشتی مـەیلی لەجۆری دووەمە).

لـەدنیای تـازەدا, هاوسـەنگی کارەساتبار لـەنێوان هێنـدێك هێـزدا نایەتـە ئاراوە کە بەهەرحاڵ بتوانن لە دوا راڤەکردنداو – تەنانـەت دوای پرۆسـەیەکی درێژخایەن و خوێناوی– بگەنە یەکێتی و هاوتەبایی, بەڵکو ئەم هاوسـەنگیە لەنێوان ئەوهێزانەدایە کە دژایەتیەکەیان لـەباری مێژووییـەوە چارە هەڵنـەگرە و لەراسـتیدا سـەرهەڵدانی قەیـسەرگەرایی ئـەم نـاکۆکیو دژایەتیانـە تـونتر دەکات. دیارە لـەدنیای تازەدا, قەیسەرگەرایی دەرفەتی لاوەکی دیاریکراوی هەیـە کـە بـەگوێرەی بایـەخو کێـشی وڵاتـی هاوپەیوەنـد لـە چوارچـێوەی سیـستەمی نێونەتەوەیـدا, کـەم یـان زیـاد دەبێـت. دیـارە سیـستەمێکی کۆمەڵایـەتی دەرفـەتی لاوەکـی دیاریکراوی بۆ پێشکەوتن و چاککردنەوەی ڕێکخـستنی هەیـەو بەهـەرحاڵ دەتوانێـت لـەلاوازی ڕێـژەیی هێـزی پێشکەوتنخوازی بەرامبەر –ئەو لاوازیەی خۆی بەروبووی ماهیەتی تایبەت و شێوازی ژیـانی ئـەو هێزەیـە– کـەڵك وەرگرێت. هەمیشە پێویستە سیستمی کۆمەڵایـەتی باڵادەسـت ئـەم لاوازیـە بپارێزێـت و لەبـەر ئەمـە دەگوترێـت قەیسەرگەرایی تازە پتر سیستەمێکی پۆلیسە تا حکومەتێکی سەربازی.

ئەگەر گومانبکـەین لـە قەیـسەرگەراییدا– چی پێشکەوتنخوازو چی کۆنـە پەرستو چی خولو چی کاتی– گشتێتی دیاردەی مێژوویی تازە, تـەنها دەرئـەنجامی هاوسـەنگی هێـزە ((سـەرەکیەکانە)) ئەوکاتـە تووشی هەڵەیـەکی شێوازناسـی (میتۆدۆلۆژیـك) بـووین, (وەك روویـەك لـە میکـانیزمی کۆمەڵناسـی). دەبێـت لـە هەمانکاتـدا, کرداری بەرامبـەر و پەیوەنـدی گروپـە

www.pertwk.com

گەورەکانی چینە سەرەکیەکانی (واتە گروپە کۆمەلایەتی– ئابووری وتەکنیکی– ئابووریەکان) و هەورەها پەیوەندی هێزە یارمەتیدەرەکان لە ژێر سایەی رێنمایی و سەرپەرشتی پێشەوایانەی چینە گەورەکان لەبەرچاو بگیرێت. لەبەرئەمەیە کە ناکرێ کۆدەتای دووەمی سەپتامبەر[19] بێخوێندنەوەی ڕۆڵی گروپە سەربازی و گوندیەکانی فەرەنسا تێبگەین.

لەم دیدگایەوە, کێشەی دریفۆسی لەفەرنسا ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگە. دیارە پێویستی تێرامان لەم ڕووداوە لەبەر ئەمە نیە کە بۆتە هۆی پەیدابوونی قەیسەرگەرایی, بەڵکو بەپێچەوانەوە, گرنگی ڕووداوەکە لەمەدایە کە بووە کۆسپ لەڕێگەی سەرهەڵدانی ئەو قەیسەرەگەراییە کۆنەپەرستەی کە تۆوەکەی زوتر ڕاگیرابوو. بەهەرحاڵ, کێشەی دریفۆس لەلایەکەوە گشتگیرە: لەم کێشەیەدا, توخمگەلێکی بلۆکی کۆمەڵایەتی باڵادەست بواری لەبارچوونی قەیسەرگەرایی بەشە کۆنەپەرستەکەی ئەم توێژەیان ئامادەکرد. لەم ڕەوتگەوە, ئەوان پشتیان بە گوندیەکان نەبەستبوو, بەڵکو کەڵکیان لە پشتیوانی توێژە بندەستە شاریەکان وەرگرت, کە لە سایەی رێبەری سۆسیالیستە ریفۆرمخوازەکاندا بوون (هەروەها پێشڕەوترین بەشی گوندییەکانیش). دەکرێ بزووتنەوەی مێژوویی– سیاسی تریش بدۆزینەوە (وەك کێشەی دریفۆس) کە هەرچەند بەشێوەیەکی ڕەها لەوتەزای شۆڕشدا جێناگرن, بەڵام چییەتیەکی کۆنەپەرستانەشیان نیە. (ئەم چییەتیە ناکۆنە پەرستانە)یە لانیکەم لەبەرئەمەیە کە ئەمجۆرە بزووتنەوانە تەکانێك دەدەنە سەرخانی سەخت و وەستاوی دەوڵەت و کەسی تازەو جۆربەجۆر دێننە ناو بازنەی ژیانی سیاسی و نەتەوەییەوە. ئەمجۆرە بزووتنەوانە تەنانەت دەتوانن ناوەرۆکێکی تاڕادەیەك ((پێشکەوتنخوازانەیان)) هەبێت, چونکە دەتوانن دەرخەری ئەوهێزە بەزەبرو هێزەلاوەکیانە بن کە لەکۆمەڵگەی کۆندا بوونیان

``



هەبووە, بەلاّم رێبەرانی کۆن لەسەفەر بەرکردنیاندا بێتوانا مابونەوە. دیارە ئەمجۆرە هێزانە ناتوانن بەتەواوەتی پێشکەوتنخوازبن, چونکە هێزی ((سەردەم ساز)) نین. کارایی مێژوویی ئەمجۆرە هێزانە لەبەرهێزە ناوەکیەکانی خۆیانەوەنیە, بەڵکو دەرئەنجامی بێتوانایی رکەبەرە لە بواری بونیاتنانندا. (پەیامی) ئەم هێزانە بەبارودۆخێکی تایبەتەوە گرێ دراوە کەتێیدا هێزە لێکدژەکان لەهاوسەنگیدان و هەر کام لەوانە, بەنۆبەی خۆی, لەبواری نۆژەنکردنندا لەدەربڕینی سەربەخۆی ئیرادەی خۆیدا, داماو و بێتوانایە.

www.pertwk.com

# بەشی سێیەم

## چیرۆکی سەگی ئاوی

www.pertwk.com

(سەگی ئاوی, لەبەربەهای پزیشکی هێلکە گونەکانی, دەبێتەڕاوی نێچیرەوانان و بۆ رزگارکردنی گیانی, هێلکە گونەکانی خۆی دەتەقێنێت). بۆچی بەرگریەك ئەنجامنەدرا؟ ئایە لەبەر ئەمەبوو کە پارتە سیاسیەکان شەرەفێکی مرۆیی و سیاسی ئەوتۆیان نەبوو؟ بەلاّم ئەمجۆرە هۆکارانە, دیاردەی سروشتین, یان بەدەربڕینێکی تر, وەك کەموکوڕی خۆیی و بەردەوامی مرۆڤ ناژمێرێن.

ئەمانە ((راستی مێژوویین)) کە دەبێت روونکردنەوەیان لە مێژووی ڕابوردوو و هەلومەرجی کۆمەلایەتی ئێستادا بدۆزێتەوە. ئەو ناکۆکیانەی (بەڕواڵەت) هەبوون: لەوکاتەدا, بەڕواڵەت چەمکێکی میکانیستی و زۆرەملێ لە مێژوودا بالاّدەست بوون (فلۆرانس 1917و, تۆمەتی بەرگسۆن خوازی[20]), بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا, ئەو هەڵوێستە وەرگیراوانە دەربڕی چەشنێك ئیرادەخوازی فۆرمالیستی خام و رووکەشبوون. دەکرێ نموونەی ئەم کێشەیە لە پرۆژەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی شاری پۆلۆنیا[21]دا بدۆزێتەوە. لەم پرۆژەیەدا, ئەنجومەن تەنها دەبوایە توخمە رێکخراوەکانی لەخۆ بگرتایە. ئەمجۆرە هەنگاوە تەنها دەیتوانی ببێتە هۆی پەیدابوونی جێگرەوەیەکی بێسوود و ئۆرگانیزمێکی ڕوت و پەرتوکێك بکاتە جێگرەوەی شوورا کرێکاریەکان کە لەناو جەماوەردا بناغەیەکی مێژوویی هەیە. ئایا وەها پرۆژەیەك, لانیکەم, ئامانجی گواستنەوەی هەژمونی هەیە بۆ توخمگەلی شارەکان (واتا پرۆلیتاریا)؟ (دیارە ئەگەر ئەنجومەنی وا پێکبهاتنایە, (توخمەشاریەکان) ناوەندێکیان بۆ چالاکیەکانی خۆیان دەدۆزیەوە, بەومەرجەی شوورا کرێکاریەکان بەشێوەی ناوچەیی رێکبخرانایە). بەلاّم لەم پرۆژەیەدا, لەبنەڕەتدا ئەو ئامانجەی سەرەوە لەبەرچاو نەگیرابوو, بەهەرحاڵ هیچکات نەچووە قۆناغی ڕاپەڕاندنەوە.

``



بەلاّم دەربارەی ئاخاوتنە ((سازش خوازانەکەی ترۆن))[22], بۆ تێگەیشتن لە ئاست نزمی مشتومڕو سەرلێشێواوی رێبەرە سیاسیەکان, ئەم ئاخاوتنە گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە. رێبەرەکان, لەژێر پەردەی ئەم مشتومڕانەدا, ترسی خۆیان سەبارەت بە قبوڵکردنی لێپرسراویەتییە بابەتیەکان دەشاردەوەو ئەم ترسەش نۆبەی خۆی, ئەو ڕاستیەی دەشاردەوە کە ئەم ڕێبەرانە هیچ جۆرە یەکێتییەکیان لەگەڵ ئەوچینەدا نیە کە نوێنەرایەتی دەکەن و پێویستیە بنەڕەتیەکان, خواستەکان و هێزی بەزەبری ئەم چینەیان نەدەناسی, ئەمانە حیزبی باوکسالارانەو وردە بۆرژووان کە وێنا گەلێکی پەڕگیریان لە گرنگێتی خۆیان[23] هەیە. بۆچی بەرگرییەك ئەنجامنەدرا؟ ئایا لەبەر چەمکی دەروون پەرۆشی (پسیکۆز) شەڕو ئەم بڕوایە بوو کە وڵاتێکی شارستانی ((مۆڵەتی)) سەرهەڵدانی بڕێك توندو تیژی نادات؟

بەلاّم ئەم کۆبێژیانە لەخۆیدا دەمامکێکی هاندەری قوڵتربوون کە کرۆکە سەرەکیەکەی بریتیبوو لە دابڕان لە چین یان دەربڕینێکی تر, بوونی "دووچین" بوو. (جگە لەوە, ئەم کۆبێژیانە لەگەڵ ئەوشتانەی لەبارەی هەرکوشت و بڕێکی بەکۆمەڵی تایبەت دەگوترا, ناکۆکبوو: ئێمە هەمیشە گوتومانە چینی بالاّدەست کۆنەپەرستە!) بێتوانایی تێگەیشتنی ئاکامەکانی سەرکەوتنی کۆنەپەرستی لەوێوە سەرچاوەی دەگرت کە هێزەکان لەناوخەباتی راستەقینەدا نەدەژیان, بەڵکو خەباتیان تەنها وەك (تێکهەڵچوونی بازنەی) پرەنسیپی "ڕێساکان" وێنادەکرد. ناکۆکیەکی دیکە کە پەیوەندی هەبوو بە ئیرادەخوازیەوە, لەئارادابوو ئەگەر کەسێك دژی ئیرادەخوازی بوو, کەوابوو دەبێت ستایشی "خۆوروژاندن" بکات. بەلاّم راستی پێچەوانەی ئەمەبوو: ئەوەی شێوەی "خۆوروژاندنی" هەبوو, نزم و بێمایەبوو وتەنانەت نرخی ڕاڤەکردنیشی نەبوو. لەراستیدا, ئەوەی خۆوروژێنەر بوو, بەلێبڕاوەترین و تێسرەوێنترین شایەتحاڵی بێتوانایی پارت

www.pertwk.com

دەژمێردراو مەودای قووڵی نێوان بەرنامە بەڕواڵەت درەوشاوەو کردارە زەبوونەکانی ئاشکرا دەکرد. بەڵام بەم حاڵەشەوە چالاکیە خۆوروژێنەرەکان درێژەی هەبوو (1919–1920)و بەرژەوەندی دیاری کراوی زیانبار کرد و پێگە پتەوەکانی لەقکردو تەنانەت لەناوخەڵکی ئاشتیخوازدا, تۆوی کینە و بێزاری دەچاند و ئەو توێژە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوانەشی لەناچالاکی دەهێنایە دەرەوە کە لەناو گەندەڵی خۆیاندا نغرۆبوبوون. ئەم چالاکیانە تەواو بەگوێرەی چییەتی خۆوروژێنەری و هەروەها لەبەر ئەوەی هەموان توڕیان دەداو نکوڵیان لێدەکرد, بووە هۆی "هۆڤێتی گەورە" و "ترسی گشتی"[24] و نەیدەتوانی بەرهەمێکی جگە لە یەکخستنی هێزە سەرکوتکەرەکان و تێکشکاندنی بێ بەزەییانەی هێزە (پێشکەوتنخوازەکان) هەبێت. ئەوەی بەدەستەواژەی هاوتەبایی و یەکێتی نێوان حیزب و کۆنفدراسیۆنی (کرێکاری)[25] , ولەڕاستیدا لەگەڵ ڕێککەوتننامەیەکی نێوان کلێسەو دەوڵەتدا شیاوی بەراوردکردنەوە, بەڵگەیەکی ئاوارتەیە لەسەر بوونی کەلێنی نێوان پارێزەرو پارێزەراو. پارت, کە بنەمایەکی تۆوی بنیاتی دەسەڵاتی دەوڵەتیە, ناتوانێت هیچ جۆرە دابەشکردنێك لە هێزی سیاسی خۆیدا بەرەوا بزانێت. (ناکرێ حیزبێك ڕێبدا بەشێك لە ئەندامەکانی مافی یەکسانیان هەبێت لەگەڵ خودی حیزبەکەداو فۆرمی یەکگرتوویی گشت حیزبەکەدا خۆیان دەرخەن), هەربەوجۆرەی دەوڵەتێکیش ناتوانێت مۆڵەتی ئەوە بدات بەشێك لە هاووڵاتیانی (لەڕێی هێزێکی دەرەکیەوە) پەیمانێکی تایبەت, جوداو لەسەرو یاساکانی وڵاتەکەیەوە, لەگەڵ دەوڵەتەکەی خۆیدا واژۆ بکات. بەرەوزانینی وەها هەڵکەوتێك بەمانای پەیوەستکردنی هێزی یاسایی و بەکردەوەی (بالفعل) دەوڵەت و حیزبە بە (هێزو مەیلی) ئەو زۆرینە دەنگدەرو پارێزراوانەی کە لەراستیدا لە شێوەی گروپێکی دژی حیزبو دژی دەوڵەتدا دەرکەوتوون و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بوونەتە ڕێنماو رابەری هێزی



(حیزب و دەوڵەت). لەبارەی ڕێکەوتنامەی یەکێتییەوە, ئاشکرابوو کە هێزی راستەقینە لەدەستی حیزبدا نەبوو.

ئەو پەیوەندیە سەرنجڕاکێشەی لەنێوان حیزبو گروپی پەرلەمانیدا پێکهات, لەگەڵ ئەم ڕێکەوتنامەی یەکێتییەدا لێکدەرچوون. لەم ڕووەشەوە (پەیوەندیەکە) بەشێوەی یەکێتی نێوان دوو گروپی یەکسان لەمافەکاندا خۆیدەرخست. ئەمجۆرە پەیوەندیانە بەو مانایە کە پارت, وەك ئۆرگانیزمێکی سەربەخۆ, بوونی بابەتی نیەو تەنها بەشێکە لە ئۆرگانیزمێکی سەربەخۆ, بوونی بابەتی نیەو تەنها بەشێکە لە ئۆرگانیزمێکی ئاڵۆزتر, بەهەموو تایبەتمەندیەکانی پارتێکی کرێکاریەوە[26] – واتە نەبوونی ناوەندێتی و یەك ئیرادەیی– کەوابوو ئایا دەبێت یەکێتییەکان پاشکۆی حیزب بن؟ ئەمە شێوە ڕاستی خستنەڕووی ئەم پرسیارە نیە, بەڵکوو دەبێت بابەتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێتە ڕوو:

هەر ئەندامێکی پارت, وێرای پۆستو لێپرسراوێتیشی, بەشێکە لە پارت و پاشکۆی ڕێبەرایەتیەکەیەتی. لەبەرامبەردا, ناکرێت لەنێوان حیزب و یەکێتیشدا پەیوەندی گوێرایەڵیو فەرمانبەرانە بەرقەرار بێت. ئەگەر یەکێتییەك خۆبەخشانە ئەندامێکی پارت بەلێپرسراو هەڵبژێرێت, ئەمە بەومانایەیە کە خۆبەخشانە ڕێنماییەکانی حیزبیش قبوڵدەکاتو بەئاسانی کۆنترۆڵی حیزب لەسەر بەرپرسانی یەکێتیەکە پەسەنددەکات (تەنانەت داواشی دەکات). پێشتر ئەزمونی بەنرخی 1914[27]مان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانی لەساڵی 1919 دا پرسەکە بەدروستی بخەینەڕوو. لەڕاستیدا لەوکاتەدا فراکسیۆنەکان و حیزب, هەردووکیان, سیاسەتێکی دیاریان نەبوو.

www.pertwk.com



# بەشی چوارەم

## وروژاندن و پروپاگەندە

www.pertwk.com

لاوازی سیاسی هەموو پارتە سیاسیەکانی ئیتالیا (رەنگە پارتی ناسیۆنالیستی لێ هەڵاوێردرێت[28])، لەتێکڕای خولەکانی چالاکی سیاسیاندا، واتە لەکاتی بزووتنەوەی تازە لە دایکبووی[29] ئیتاڵیاوە تاکو ئیمڕۆ، چلۆنایەتیەکی هەبووە، کەدەکرێ چەشنە نەگونجاندنێك لەنێوان وروژاندن و پڕوپاگەندەدا ناودێربکرێت.. دەکرێ ئەم چلۆنایەتیە بەنەبوونی پرەنسیپ، هەلپەرستی، نەبوونی بەردەوامی ئۆرگانیك و سەرئەنجام بە "ناهاوسەنگی نێوان تاکتیكو ستراتیژی بزانرێت. دەبێت هۆی سەرەکی ئەم جۆرە رەفتارەی پارتەکان لە حەقیقەتی پڕبەشی چینە ئابووریەکانو چینیەتی ناسكو لەرزۆکی بینای ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا بدۆزرێتەووە "دیارە ئەم بەڵگەهێنانەوەیە تا رادەیەك جەبرگەرایە. لەراستیدا ئەگەر راست بێت کە پارتەکان تەنها ناوێکی دی بۆچینە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆ دەگرن، ئەوکاتە ئەمەش راستە کە ئەوانە رەنگدانەوەی ناچالاکی و میکانیکی ئەم چینانە نین، بەڵکو چالاکانە لەپێناوی بەهێزکاری و جێگیرکردنی ئەم چینانەو بەجیهانیکردنیاندا، کاردەکەن، لەئیتالیا بەوردی ئەم کارە ئەنجامنەدراو ئاکامەکەی پەیدابوونی ناهاوسەنگی نێوان وروژاندنو بانگەشە یان هەرناوێکی تر بوو کە بۆ ئەم دیاردەیە هەڵتان بژاردبێت.

لەوەها هەلومەرجێکدا، (دەوڵەت/ حکومەت) لێپرسراوێکی دیاری کراوی لە ئەستۆدابوو. ئەم رۆڵە تا ئەو ڕادەیە دەتوانرێت بە لێپرسراوی ناوزەد بکرێت کە بەوردی لەبەردەم بەهێزبوونی دەوڵەتدا بووە کۆسپو دەربڕینێکی تر، ئەوەی دەرخست کە ((دەوڵەت/ حکومەت)) جووڵایەوە. حکومەت خۆی لەسەروو پارتەکانەوە دانا، نەك لەبەرئەوەی بیویستایە چالاکی و بەرژەوەندیەکانی لەچوارچێوەی هەمیشەیی بەرژەوەندو ژیانی دەوڵەتدا هاوئاهەنگبکا، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کەببێتە هۆی توانەوەی پارتەکانو جودا بوونەوەیان لەجەماوەر، تا لەم ڕەوتگەیەوە "هێزێك لە کەسانی ناحیزبی" پێکەوە بنێت کە "بەهۆی پەیوەندی جۆری بۆناپارتی- قەیسەریەوە" بەدەوڵەتەوە وابەستەبن. لەراستیدا، ئەمە جۆرە ڕاڤەکردنێکە کە دەبێت سەبارەت بە دیکتاتۆری دەپرەنیس و کرییسی و جیۆلیتی[30] و هەروەها دیاردەی "گۆڕانخوازی پەرلەمانیەوە"[31] کەڵکی لێوەرگیرێت. چینەکان

``



پارتەکان پێکدێننو ئەم پارتانەش کادری پێویست بۆ دەوڵەتو حکومەت و ڕێبەرانی کۆمەڵگەی سیاسیو مەدەنی دابین دەکەن. دەبێت لەنێوان نیشانەو کارکردی (هەرکام لەپارتەکان)دا پەیوەندیەکی سوودمەن و بڕیار بەرقەرار بێت.

پارت، بێچالاکی تیۆری و میتۆدی و بێهەوڵدانی بەردەوام و ڕێکوپێك لەپێناوی خوێندنەوەو ناسینی یاسامەندیەکانی باڵادەست بەسەر چینیەتی و پرۆسەی پێگەیشتنی ئەو چینەی نوێنەرایەتیەکەی لە ئەستۆدایە، ناتوانێت ئەرکی پەروەردەکردنی ڕێبەرەکانی جێبەجێبکات. کەمبوونی کادری دەوڵەتی و حکومەتی و گەندەڵی لە ژیانی پەرلەمانیدا لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، دەبێت هەر لەم واقعییەتەدا هۆکاری سادەی تەفروتونابوونی پارتەکان لەهەمبەر گەندەڵیدا بدۆزێتەوە (یان لەئەنجامی ڕاکێشانی چەند کەسایەتیەکی نا ئەلتەرناتیڤدا).

دەبێ گەندەڵی لە ژیانی کولتووریدا و هەژاری زەبوونانەش کولتووری باڵای وڵاتدا بە (دەرئەنجامی ئەم راستییە بزانرێت.) هەر لەبەر ئەمەیە کە لەبابەتی مێژووی سیاسی، خۆ بەزل زانینی تورە، لەباتی مەزهەب، خورافیات، ولەجیاتی کتێب وڕەخنەی جدە، رۆژنامەو بڵاوکراوەو لەباتی سیاسەتی شێلگیر، کێشمەکێشی درۆینەو تێکهەڵچوونی تاکەکەسی جێدەگرێت. لەمەوە کە زانکۆکان و ناوەندەکانی پەروەردەی بیوتەکنیك، لە ژیانی پارتەکان و راستیە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەیان نەدەگرت، هەندێ کادری لە سیاسەت هەڵاتویان پەروەردە دەکرد کە پەروەردەیەکی دروشم ئامێزیان هەبوو و داماڵراو بوون لەسەر جۆرە بیرێکی نەتەوەیی. بەمجۆرە بوو کە بیرۆکراسی لە کۆمەڵگە دوورکەوتەوە و توانی، بەپێی پێگە ئیداریەکەی، ببێتە پارتێکی سیاسی راستەقینەو لە هەمووش خراپتر ئەوەیە کە، بەوجۆرە، زنجیرە پلەبیرۆکراتیەکان جێی زنجیرە پلە سیاسیو فکریەکانیان گرتەوە.

(لەهەلومەرجێکی وادایە) کە بیرۆکراسی بەتەواوی بەشێوەی پارتی دەوڵەتی بۆناپارتی دەردەکەوێت.

www.pertwk.com

# بەشی پێنجەم

## فەلسەفەی سەردەم

www.pertwk.com

ئەو باسانەی لەمەر جودایی‌و هاوتەبایی کران, دەریانخست کە لەئیتاڵیادا زانستە سیاسیەکان تاڕادەیەك پێشکەوتوون و زمانەکەشی, تەنانەت لەناو لێپرسراوانی کاروبارە دەوڵەتیەکاندا, ڕاشکاویەکی تایبەتی هەیە. ئەو پرسەی تاوتوێی دەکەین لەهەمان باسە لەمەڕ "فەلسەفەی سەردەم"ە یان دەربرینێکی تر, گەوهەری سەرەکی ژیانی گەلێك لەدەوڵەتەکانی دوای جەنگە. چۆن دەکرێت دەزگای هەژمونی دەستەی فەرمانڕەوا, کە لەئەنجامی شەڕدا لەتێکڕای وڵاتدا لێکترازابوو, زیندوبکرێتەوە[32] سەرەڕای ئەمەش, لەبەرچی ئەم دەزگایە لێکترازا؟ ئایە ئەم لێکترازانە دەرئەنجامی پێگەیشتنی یەك ئیرادەی سیاسی بوو (کە لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریدا, هەڵسوکەوتێکی) نەیارانی هەبوو؟ ئەگەر بەراستی وابوایە, ئەوکاتە دەبوو باسەکە بەیەکجاری بەقازانجی ئەم (هێزە) نەیارەدا چارەسەر بکرایە. بەڵام لەراستیدا, ئەم دەزگایە لەژێر فشاری فاکتەرە میکانیکیە جۆر بەجۆرەکاندا, لێکترازا. ئەم فاکتەرانە بریتی بوون لە:

1– جەماوەرێکی بەرین لەگەڵ, کە پێشتر لەباری سیاسیەوە ناچالاکبوون, و هاتنە ناوگۆڕەپانی سیاسەتەوە. بەگشتی ئەم جەماوەرە لەرێی بزووتنەوە ڕێکنەخراووشێواو و بێرێبەرەکانەوە هاتنە ناو گۆڕەپان‌و ئیرادەیەکی سیاسی هاوبەش و وردیان نەبوو.

2– ئەوچینە ناوەندیانەی کە لە سەردەمی شەڕدا پۆستی لێپرسراوی‌و رێبەرایەتیان لەدەستدابوو و بەم هۆیەوە شێوازی فەرماندەیی فێربوون, و بەبەرقەراربوونی ئاشتی لەپۆستەکانیان بێبەریکران‌و چوونە ناو خێڵی بێکارانەوە.

``



3–هێزە بەگژیەکدا چووەکان نەیانتوانی, بارودۆخە بێسەروبەرەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان رێکبخەنەوە. مەسەلەکە, بنیاتنانەوەی دەزگایەکی هەژمۆنیك بوو بۆ ئەو توخمانەی کەپێشتر لە سیاسەت هەڵدەهاتن‌و بەناچالاك لەقەڵەم دەدران. دۆزینەوەی دەزگایەکی وا, بێبەکارهێنانی زەبروزەنگ–ئەوزەبروزەنگەی بەناچاری نەیدەتوانی "یاسای"بێت– مسۆگەر نەدەکرا, بەڵام لەبەرجیاوازیەکانی تان‌وپۆی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لەوڵاتە جۆربەجۆرەکاندا, شێوازی سیاسی بەکارهێنانی ئەم زەبروزەنگەو هەروەها چۆنیەتی وێکهێنانەوەی هێزی دەستووری و نادەستووری جیاواز هاتە ئاراوە. لەبنەڕەتدا (لەبابەتێکی وەهادا), هەرچی ژمارەی ئەو جەماوەرە لەسیاسەت هەڵاتووەی کە تازە هاتوونەتە سەر سەکۆی سیاسەت, زۆرتر بێت, ڕۆڵی هێزی نایاساییش زیاد دەکات.

لەبەرامبەردا, هەرچی هێزی لایەنە بارهێنراوەکان‌و لەباری‌ی سیاسیشەوە رێکخراوەکان, پتر بێت, پێویستی "پەردەپۆشی" بۆ دەوڵەتێکی یاسایش زۆرتر دەبێت.

www.pertwk.com

# بەشی شەشەم

## خەباتی سیاسیو شەڕی سەربازی

www.pertwk.com

لەشەڕێکی سەربازیدا, ئاشتی ئەوکاتە دێتەدی, کە ئامانجی ستراتیژی, واتە تەفروتونابوونی سوپای دوژمن و زەوتکردنی سەرزەمینەکەی, بەدیهاتبێت. لەکاتێکدا دەبیٚ ئەوەمان لەبیربێت کە بۆ تەواوکردنی شەڕ, تەنانەت هێندە بەسە کە ئامانجی ستراتیژی, بەزەبر, شیاوی بەدیهێنانبێت, واتە ئەوە تۆمار بکرێت سوپای دوژمن توانایی شەڕکردنی نیە سوپای بالاٌدەست دەتوانێت سەرزەمینی دوژمنەکەی زەوتبکات. خەباتی سیاسی پلە بەپلە لەمانەش ئاڵۆزترە. لەلایەکەوە, دەتوانرێت ئەم خەباتە لەگەڵ جەنگە داگیرکاریو کۆلۆنیالیسەکاندا بەراورد بکرێت, واتە لەگەڵ ئەو جەنگانەی کە تێیدا سوپای سەرکەوتوو داگیرکردنی هەمیشەیی بەشێك لە سەرزەمینە زەوتکراوەکەی گەیاندبێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە, یان خستبێتیە بەرنامەی ڕۆژیەوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا, هەرچەند سوپای تێکشکاو بێچەکبیٚ و بلاٌوەی پێکرابێت بەلاٌم خەباتی لەبواری سیاسەتداو "ئامادەکاری" سەربازی وەك خۆی بەردەوامدەبێت.

لەبەرئەمەیە کە خەباتی هیند دژی ئینگلیز (وتارادەیەك ململانێی ئەڵمانیا دژی فەرەنساو خەباتی هەنگاریا دژی ئینگلیزو فەرەنسا)[33] لە سیٚجۆر شەڕدا دەرکەوت. شەڕی گەرۆك, شەڕی سەنگەری و شەڕی ژێرزەمینی. خۆراگری نێگەتیڤی گاندی چەشنێك شەڕی سەنگەری بوو کە جاروبار شێوەی شەڕی گەرۆك و جاروباریش شێوەی شەڕی ژێرزەمینی بەخۆوە دەگرت: (بایکۆت کردن) (تحریم) کردن, شەڕی سەنگەرو مانگرتن, شەڕی گەڕۆك. لەبەرامبەردا, شاردنەوەی چەك و دابینکردنی هێزی سەربازی لە خانەی شەڕی ژێرزەمینیدایە. دیارە جاروبار چەشنە تاکتیکێکی کۆماندۆیش کەڵکی لێوەردەگیرێت, بەلاٌم دەبێت لەبەکار بردنیاندا, ئەوپەڕی هوشیاریو پارێز ڕەچاوبکرێت. ئەگەر ئینگلیزەکان وێنایان بکردایە, کە (هیندیەکان) خەریکی ئامادەکاری شۆڕشێکی گەورەو بەرفراوانن کە

``



دەتوانێت بالاٌدەستی ستراتیژی ئینگلیزیەکان لاببات ئەوبالاٌدەستیەی کە لەراستیدا, بەهۆی کۆنترۆڵکردنی هێڵەکانی پەیوەندی ناوخۆوە بەدەست هاتبوو, هەل‌و دەرفەتی پێدەدان تاکوو هێزەکانیان بۆ سەرکوتکردنی ترسناکترین خاڵی بزووتنەوەیەکی "پەرشو بلاٌو" کۆبکەنەوە– (و ئەم لەدەستدانی بالاٌدەستیە ستراتیژیە) ئەوانی ناچارکردبیٚ بەبلاٌوکردنەوەی هێزەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ شەڕێکی گشتیدا, ئەوا بەسوودی ئینگلیزەکان دەبێت کە هیندیەکان بووروژێنن بۆ شەڕێکی ناوەخت و لەم ڕێگەیەوە هێزە بەرهەڵستکارەکان بناسن‌و ڕێبەرایەتیەکەی لەناوببەن. هەربەمجۆرە, کودەتایەکی سەرکێشانەی ناسیونالیستە ڕاستڕەو ئەڵمانیەکان بەسوودی فەرەنسیەکان دەبێت, چونکە هەنگاونانێکی وا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێکخستنە سەربازیە نایاساییە گومان لێکراوەکە, بەرلەکاتی پێویست, ئاشکرا ببێت‌و پاساو بۆ ئەو دەستێوەردانە بهێنێتەوە کە لەدیدی فەرەنسیەکانەوە خوازراو دەبێت.

کەواتە ئاشکرایە, لەبنەڕەتدا ئەو خەباتانەی کە شێوەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن و وێڕای چییەتی سەربازی خۆیان, بەگشتی لەگۆڕەپانی سیاسیدا شەڕیان پێدەکرێت– هەرچەند لە راستیدا, هەر خەباتێکی سیاسی بناغەیەکی سەربازیشی هەیە– بەکارهێنانی گروپە پارتیزانەکان, پێویستیان بە وەرچەرخانی تاکتیکی نویٚ هەیە کە لەئامادەکردنیدا ئەزموونی شەڕ تەنها دەتوانێت وەك خاڵێکی دەستپێك بێت, نەك وەك سەرمەشقێك کاربکات.

پرسی کۆمیتەجیەکانی[34] بەلکان, پێویستی بەلێکدانەوەیەکی جیاواز هەیە. ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە هەلومەرجی جێو–فیزیکی تایبەتی ناوچەکەو شێوەی تایبەتمەندی چینە گوندیەکان‌و هەروەها ئاستی دەسەلاٌتی راستەقینەی دەوڵەت لەوێدا هەیە. ئەم پرسە, دەربارەی گروپە ئیرلەندیەکانیش ڕاستی لەخۆ دەگریٚ, چونکە شێوەی ڕێکخستن و

www.pertwk.com

خەباتەکەیان لەگەڵ هەل و مەرجی تایبەتی ئێرلەندەدا گونجاوە. کۆمیتەجیەکان و گروپە ئیرلەندیەکان[35] و نمونەی دیکەی شەڕی پارتیزانی، دەبێت ویڕای وێکچوونی رواڵەتی، لەچەمکی کۆماندۆکان جیابکرێنەوە. ئەم شێوە خەباتانە، تایبەتمەندی ئەو کەمینە لاوازو چالاکانەیە کە لەگەڵ زۆرینەیەکی رێکخراودا رووبەڕوون. لەبەرامبەردا، کۆماندۆ تازەکان پشت بە هێزێکی پاشەکەوتی بەرینەوە دەبەستن کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ناچالاککراون، بەڵام بەزەبر کاریگەرن و دەتوانن لە کەناڵی یارمەتیە تاکەکەسیەکانەوە، هەلومەرجی مانەوەو پشتیوانیکردنی خەباتگێڕەکان دابینبکەن.

ئەو پەیوەندیەی نێوان یەکە کۆماندییەکان و سوپا لەساڵەکانی 1917و 1918دا دەیتوانی رێبەرانی سیاسی ناچار بکات بەداڕشتنی بەرنامەی خەباتی نادروستو لەکردەوەشدا وایکرد. ئەوان لەبیریان چووبۆوە کە:

1–کۆماندۆکان تەنها یەکەی تاکتیکین و بوونیان بەندە بەبوونی سوپایەکی نەئەوەندە کاریگەرو نەئەوەندەش نەزۆکەوە. هەرچەند دیسیپلین و وزەی جەنگاوەری (سوپا) تا ئەورادەیە کەوتووە کە بەکارهێنانی تاکتیکە تازەکان بەشێوەیەکی عەقلانی دێتە بەرچاو بەهەرحاڵ، ئەم دیسیپلین و جەنگاوەریە هەنوکەش تاڕادەیەك ماوەو شێوەی تاکتیکی تازەش دەبێت بەتەواوی لەچوارچێوەی ئەم سنوورەدا هیچ نیە جگە لە شکستو هەڵاتنی ڕسوای (کۆماندۆکان) نەبێت.

2– نابێت دیاردەی کۆماندۆ وەك نیشانەیەك لە جەنگاوەری جەماوەرە سوپاییەکە لەقەڵەم بدرێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، نیشانەی ناچالاکی و سەرلێشێواوی ڕێژەییانە. دیارە کاتی قسەکردن سەبارەت بەمجۆرە پرسانە، هەمیشە دەبێت پێوانەیەکی گشتی لەبەرچاو بگیرێت: لەهەرجۆرە بەراوردێك کە لەنێوان هونەری سەربازی و هونەری سیاسەتدا دەکرێت، نابێت توخمی



نموونە هێنانەوە لەم بەراوردکاریەدا لەبیربکرێت، بەدەربڕینێکی تر، دەبێت بەراوردکاریەکی وا تەنیا وەك بزوێنەرێك بۆ بیرکردنەوە، یان ئامرازێك لەپێناوی ڕەتکردنەوەی لۆژیکی ئەنجامگیریەکی نادروست تەماشا بکرێت. جگە لەوە، راستی کارەکە ئەمەیە کە لە میلیشیای سیاسیدا نەتۆڵەسەندنەوەوی لێبوردن هەڵنەگر لەبەرامبەر هەڵە و یاخی بووندا بوونی هەیەو نە دادگای سەربازی،و سەرئەنجام، رێزبەندی هێزەسیاسیەکان بەهیچ شێوەیەك هاوشێوەی ڕیزبەندی هێزە سەربازیەکان نیە. لەخەباتی سیاسیدا، جگە لە شەڕی سەنگەری و شەڕی گەمارۆیی و شەڕی گەرۆك، شێوەی جەنگی تریش هەن. دیارە ئەمە حەقیقەتێکە کە کۆماندۆ تازەکان لەهەمان چەمکی شەڕی سەنگەری، لەچەشنی شەڕەکانی ساڵەکانی 18–1914 دا، جێیانکراوەتەوە. شەڕە گەڕۆك و گەمارۆییەکان سەردەمانی پێشووش بەواتایەك کۆماندۆیان هەبوو. گروپی زەبر وەشێنی تفەنگچیەکان و هەرجۆرە هێزێکی سوارە، تا رادەیەك لە رۆڵی کۆماندۆدا دەردەکەوتن.

وێرای ئەمەش، هونەریی رێکخستنی گروپە گەشتییەکان کرۆکە کۆماندوییە پتر لە شەڕی گەمارۆییدا بوونی هەبوو تا لەشەڕی سەنگەریدا، چونکە (لەشەڕی گەمارۆییدا) لە گروپە گەشتیەکان و هێرشی زەبر ئاساو خافڵگیرکەری تاکە کارامەکان پتر کەڵك وەردەگیرا.

دەبێت ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە لەخەباتی سیاسیدا نابێت لاسایی شێوازی چینە باڵادەستەکان بکرێتەوە. چونکە لەدۆخێکی وادا دەرفەتی کەوتنە ناو تەڵەی کوشندەوە، زۆرە. ئەم دیاردەیە بەردەوام لە خەباتی تازەدا بەرچاو دەکەوێت. دەوڵەتێکی لاواز کراو، لە سوپایەکی ڕوولە شکست خواردن دەچێت: کۆماندۆکان، واتە رێکخراوە سەربازیە تایبەتەکان، دێنە ناوکارەوە و دوو ئەرکیان لە ئەستۆدایە: بەکارهێنانی شێوازە نایاساییەکان، لەکاتێکدا کە دەوڵەت بە رواڵەت لەچوارچێوەی یاسادا دەمێنێتەوە، ولەم

www.pertwk.com

ڕێگەیەوە, سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی خودی دەوڵەت. گەوجانەیە ئەگەر وابزانین دەتوانرێت هەنگاونانە نایاساییە تایبەتەکان بەهەنگاوی هاوشێوە وەڵام دەدرێتەوە. یان دەربڕینێکی تر, گەوجیە ئەگەر بەتاکتیکی کۆماندۆیی بەرەنگاری تاکتیکە کۆماندۆییەکانی دوژمن ببینەوە. هەوڵدانێکی وا لەراستیدا پشتی بەم گریمانەیە بەستووە کە دەوڵەت هەمیشە ناچالاك دەمێنێتەوە, لەکاتێکدا بەڕاستی وانیە. سەرەڕای ئەمەش, (گریمانەیەکی وا) هەموو ئەو دەرفەت و هەلومەرجە جیاوازانە لەبەرچاوناگرێت کە لەدوژمن جیامان دەکاتەوە.

لەم پەیوەندیەدا, فاکتەری چینایەتی پێکهێنەری جیاوازیەکی بنەڕەتیە: ئەوچینەی دەرفەتی مادی فراوانی هەبووەو ئەندامەکانی پابەندی کاتژمێری کاری ڕێکوپێك نین, گروپگەلی زەبروەشێنی پسپۆر پێکدێنێت. ڕێکخستنی زەبروەشێن و پسپۆڕی (دوژمن), کە پلەبەپلە حاڵەتی پیشەیی دەگرێتە خۆی, دەتوانێت غافڵگیرانە لە هەرکات و ساتێکی شەورۆژدا زەبرە گورچووبڕەکانی بوەشێنێ. لەئەنجامدا ناکرێ, تاکتیکە کۆماندۆییەکان بۆ دووچینی جیاواز, گرنگیەکی چونیەکیان هەبێت لەلای هێندێك لە چینەکان, شەڕی گەڕۆك و مانۆرکردن پێویستە, چونکە لەبنەڕەتدا ئەم شێوە خەباتە, پەیوەندی بەوانەوە هەیە. دیارە لەبواری خەباتی سیاسیدا, شەڕێکی وا لەوانەیە هەندێ تاکتیکی باش و هەندێ جار حەتمی کۆماندۆیی لەخۆ بگرێت.

بێگومان لەم بارەشدا ئەگەر تەنها سەرنجبدەینە سەرمەشقی سەربازی, ئەوا کارێکی گەوجانەمان کردووە, چونکە لەم بارەشدا سیاسەت دەبێت بەسەرلایەنی سەربازیدا زاڵبێت ئەوە تەنها خودی سیاسەتە کە دەتوانێت دەرفەتی مانۆڕو جموجۆڵ بەدی بێنێت.

``



لەو باسانەی سەرەوە لەوە تێدەگەین کە کاتی تاوتوێکردنی دیاردەی کۆماندۆ سەربازیەکان, دەبێت لەنێوان ڕۆڵی تەکنیکیاندا, وەك هێزی تایبەتی گرێدراو بەشەڕی مۆدێرنی سەنگەری, و ڕۆڵی سیاسی– سەربازیاندا, جیاوازی دابنرێت. لەجەنگی جیهانی (یەکەمدا) هەموو سوپاکان کەڵکیان لەکۆماندۆکان وەك هێزی تایبەت وەرگرت. تەنها لەووڵاتانەی کە بنیاتی سیاسی لاواز و ناهاوچەشنیان هەیە, (لەگەڵ سوپا نەتەوەییە کەم جەنگاوەرو ئەو ناوەندە فەرماندەییە ژەنگگرتووەی کە گیرۆدەی بیرۆکراسیەت بووە) کۆماندۆکان ڕۆڵی سەربازی– سیاسی پەیدا دەکەن.
(1929–30)

لە زەمینەی ئەو وێکچوونانەی لەنێوان چەمکەکانی شەڕی مانۆڕی و شەڕی سەنگەری لەبواری زانستە سەربازیەکاندا لەلایەکەوە, و چەمکە هاوشێوەکان لەبواری زانست و سیاسەتدا بەرقەرارە, دەبێت بابەتەکانی کتێبە بچووکەکەی ڕۆزا (لۆکزامبوورگ) مان لەیاد نەچێت کە لەساڵی 1919 لەلایەم س. ئالساندەریەوە[36] وەرگێردرایەوە سەر ئیتاڵی[37].

لەم کتێبەدا, ڕۆزا کەمێك بەپەلەو هەندێجاریش کەمێك رووکەش بینانە, ئەزموونی مێژوویی 1905ی, تیۆرسازی کردووە. ئەو لەلێکدانەوەکەیدا, لەراستیدا توخمە "بەخش و" ڕێکخراوەکانی لەبەرچاو نەگرن, لەکاتێکدا گرنگی ئەم توخمانە, بەتایبەت لەبەربوونی چەشنێك دەمارگیری "ئابووری خوازانە" و "وروژێنەر خوازانە" گەلێك لەورادەیە بەرفراوانتر بوو کە ئەو وێنای دەکرد. بەڵام بەهەرحاڵ ئەم کتێبە بچووکە (وەك وتارەکانی ئەم نووسەرە) یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەڵگانەی کە تێیدا, پەیوەندی شەڕی مانۆڕی لەگەڵ زانستی سیاسەتدا تاوتوێکراوە. توخمی ئابووری کورت خایەن (بۆ نمونە قەیران) وەك تۆپخانەیەکی قورس وێناکراوە کە دەتوانێت لەڕیزی دوژمندا کەلەبەرێکی قووڵ بهێنێتە ئاراوە. ئەم کەلەبەرە دەتوانێت

www.pertwk.com

ئەوەندە قوولْ بێت کە هەل بداتە هێزە خۆییەکان تا ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە دروستبووەو سەرکەوتنێکی یەکجارەکی (ستراتیژی)، یان لانیکەم سەرکەوتنێکی گرنگ لەپەیوەند لەگەڵ هێڵی ستراتیژی بەرەدا، بەدەست بێنن. دیارە لەزانستی مێژوویدا کاریگەری فاکتەری ئابووری کورتخایەن، دیارە لەزانستی مێژوویدا کاریگەری تۆپخانەی قورس لە قەڵەم دەدرێت، چونکە ئەوان (بۆ فاکتەری ئابووری کورتخایەن) کاریگەریەکی دوو لایەنە دادەنێن:

1–(ئەم فاکتەرانە) تواناکانی دوژمن تێکدەشکێنن و بەهۆی نانەوەی ئاژاوە لەڕیزی ڕێکخستنەکانیدا، بڕوا و متمانە بەهێزو ئایندەکەی ناهێڵن.

2–(ئەم فاکتەرانە) هێزە خۆیەکان کتوپڕ ڕێکدەخەن و کادری پێویست بە خێرایی پەروەردە دەکەن، یان لانیکەم کادرە ئامادەکانیان (بەرهەمیپرۆسەی وەرچەرخانی مێژوویی بوون)، بێدواکەوتن دەخەنە بارودۆخێکەوە کە بتوانن هێزە پەرش و بڵاوەکانیان ڕێکخەن و کۆیان بکەنەوە.

3–دەمودەست یەکانگیربوونی ئایدۆلۆژیایەکی پێویست لەدەوری ئەو ئامانجە هاوبەشە دەهێنێتە ئاراوە کە بۆ بەدەستهێنانی دەبێ خەباتبکرێت.

ئەم بیرورایە بەشێوەیەك لە جەبرخوازی ئاسنی دەژمێردرێت، و هەروەها لەگەڵ ئەو جیاوازیەی کە چلۆنایەتیەکی بەهێزی لەخۆگرتووەو پشتییەو گریمانەیەش بەستووە کە (فاکتەرەکانی سەرەوە) لەڕووی کات و شوێنەوە بە خێراییەکی برووسکە ئاسا کاردەکەن. لەراستیدا ئەو بیروڕایەی سەرەوە جۆرێکە لە هێماخوازی مێژوویی و چاوەڕوانیەکیشە بۆ پەرجویەکی ڕێنمایکەر.

ژەنەراڵ کراسنۆڤ[38] (لەرۆمانەکەیدا) لافی ئەوەی لێداوە کە وڵاتانی فەرەنساو ئینگلیز (لەترسی ئەوەی نەکا پرسی رۆژهەڵات لێباوانە بە قازانجی رووسیا چارەسەر بکرێت) حەزیان بەسەرکەوتنی رووسیای قەیسەری لە



شەردا نەدەکرد و لەم رووەوە ناوەندی فەرماندەیی سوپای رووسیایان ناچار کرد کە شێوازی شەڕی سەنگەری بگرێتەبەر (لەحاڵێکدا بەرەچاوەکردنی هێڵی بەرینی بەرە، کە لەدەریای بەلتیکەوە تاکو دەریای ڕەش درێژەی هەبوو، و ناوچە بەربڵاوە سەهۆڵبەندانەکان و ئەو زۆنگاوە بێکۆتاییانەی کە هێڵی بەرەی پێداتێدەپەڕی، شێوازی شەڕی سەنگەری زۆر ناڕاست بوو و تاکە ستراتیژی ڕەخساو هەمان شەڕی مانۆڕی پێکدەهێنا.)

ئەمە جگە لە لافلێدانێکی بێبناغە، شتێکی تر نیە. راستیەکەی ئەوەیە کە سوپای رووسیا، بەتایبەت لەبەری نەمسادا، دەستی دایە شەڕی مانۆڕی و هێرشی برووسکەئاسا و سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەستهێنا. دیارە ئەم سەرکەوتنانە چەند بەرچاو و درەوشاوە بوون، ئەوەندەش زوو تێپەڕبوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە، جگە لەونموونانەی کە تێیدا لایەنێك باڵادەستی یەکجارەکی و وێرانگەری هەیە، هیچکات ناتوانرێت یەکسەر شێوەی شەڕی خوازراو هەڵبژێردرێت و بسەپێنرێت. ئەمڕۆ هەمووان دەزانن کە سەرسەختی ناوەندی فەرماندەیی لە تێگەیشتنی ئەو راستیەی کە شەڕی سەنگەری لەڕووی هاوتەرازبوونی گشتی هێزەکانەوە، بەسەریاندا سەپاندبووی چ زەبرو زیانێکی قورسی هێنایە ئاراوە! لەراستیدا تەنیا خودی سەنگەرەکان پێکهێنەری شەڕێکی سەنگەری نین، بەڵکوو هەموو ئەو سیستەمە ڕێکخراو و پیشەسازیەی پشت بەرەش، بەهۆکارە پێکهێنەرەکانی شەڕی سەنگەری دەژمێردرێن.) بەرلەهەرشت، هێزی ئاگری خێرای تۆپخانە، دەسڕێژ و چەك و هێزی چەکدار کەبتوانێت لەخاڵێکدا گردببێتەوە، و سەرئەنجام زۆری چەك و تەقەمەنی تا ئەورادەیەی دابین کردنی دوبارەی ئەو سەرچاوانە ئاسانبکات کە لە ئاکامی دوژمن یان پاشەکشەیەکدا لەدەستچوون، ئەمانە هەموو بەشێکن لەو هۆکارانەی کە شەڕی سەنگەری بەسەر سوپادا دەسەپێنن.

www.pertwk.com

هۆكارێكی تر, بوونی ژمارەیەكی گەلێك زۆری پیاوانە لە سوپادا, ئەم پیاوانە, ڕوی چلۆنایەتیەوە, تادواڕادە نەگونجاون و تەنها دەتوانن وەك هێزێكی جەماوەری هەڵسووڕێن. كەواتە دەكرێ ئەوە ببینین كە چۆن هێرشێكی زەبر ئاسا لەبەرەی نەمسادا, لەبنەڕەتدا لەگەڵ هێرشێكی وا لەبەرەی ئەڵمانیادا جیاوازی هەبوو تەنانەت چۆن لەبەری نەمسادا, ئەوكاتەی هێرشەكان لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی سەربازان و فەرماندە بڕژارەكانی ئەڵمانیادا رووبەڕوو بۆوە, بە چ شكستێكی ئابڕووبەرانە كۆتایی پێهات, لەشەڕی 1920ی پۆلۆنیاشدا ئەم كێشەیە دووبارە بۆوەو ئەو پێشڕەویانەی كە بەڕواڵەت بەربەرەكانێی نەدەكرا, بەرئەنجام لە نزیك وارشۆدا, لەلایەن ژەنەرال "وەی گاند"[39] وەو بەیارمەتی فەرماندە فەرەنسیەكان, راوەستێنرا[40]. تەنانەت ئەو پسپۆرە سەربازیانەی ئیمرۆ حەزیان لە شەڕی سەنگەریەو دوێنیٚ شێت و شەیدای شەڕی گەڕۆك بوون, لافی ئەوە لێنادەن كە دەبێت شەڕی سەنگەری لە زانستە سەربازیەكاندا دوربخرێتەوە. تەنها لافلێدانی ئەم گروپە ئەوەیە كە لەشەڕەكانی نێوان وڵاتە پێشكەوتووە پیشەسازیو ئابووریەكاندا, دەبێت شەڕی گەڕۆك وەك تاكتیك نەك ستراتیژی لە قەڵەم بدرێت و دەبێت جێگەی ئیمڕۆی بەهاوتەرازی ئەو ئاستە بزانرێت كە تا دوێنیٚ شەڕە گەمارۆییەكانی پەیوەندی لەگەڵ شەڕی گەڕۆكدا هەبوو.

لانیكەم سەبارەت بە پێشكەوتووترین وڵاتانی پیشەسازی, واتە ئەوانەی تێیاندا "كۆمەڵگەی مەدەنی" بۆتە بینایەكی زۆر سەخت و كەم تا زۆر لەبەرامبەر "هێرشە زوو ئاكامەكاندا" (وەك قەیران و داتەپین) پارێزراون, دەبێت بە ئەنجامگیریەكانی سەرەوە (لەبارەی شەڕی سەنگەری و شەڕیی گەڕۆك) قایلبین.

سەرخانی كۆمەڵگەی مەدەنی وەك تۆڕی سەنگەرەكانی شەڕی مۆدێرنەیە.



لەشەڕدا, جاروبار پێدەچێت و كە هێرشێكی سەختی تۆپخانە, تێكڕای پتەوكاریەكانی بەرگری دوژمنی شكاندووە, كەچی لەراستیدا تەنها بوارە دەرەكیەكان ئەم پتەوكاریانە ژیانی بەركەوتووەو لە ئەنجامدا, هێرشبەران, لەكاتی پێشڕەویدا, لەگەڵ هێڵێكی بەرگری زۆر كاریگەردا بەرەو روو دەبنەوە لە سیاسەتیشدا ئەم كێشەیە, بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانە گەورەكاندا, ڕوو دەدات. قەیرانێك, لەخۆیەوە ناتوانێت بۆ هێزە هێرشبەرەكان, دەرفەتی كات و شوێنی بروسكە ئاسا بخوڵقێنیٚ و بە پلەی یەكەم دەستەپاچەیە لە پێكهێنانی ورەی جەنگاوەری لەناویاندا, وێڕای ئەمە, لە هەلومەرجێكی وەهادا, بەرگریكارانیش بەتەواوی ورەیان بەرنادەن و تەنانەت سەنگەرەكانیشیان لەناو وێرانەی پتەوكاریەكانیاندا. بەرنادەن و ئومێد بەئایندەو هێزی خۆیان لەدەستنادەن. دیارە (لەسەردەمێكی قەیراناوی وەهادا) بارودۆخ ئیتر وەك پێشتر نابێت, بەڵام بەدڵنیایەوە پێشكەوتنی كاتی خێرا بەرەو سەركەوتنی یەكجارەكیش, بەو جۆرەی ستراتیژستەكانی كادۆرنیزمی[41] سیاسی چاوەروانین, بەدینایەت.

لەمێژووی سیاسەتدا, ئەودواهەمین ڕووداوانەی كە لەو ڕووە تۆماركراون, روداوەكانی 1917ن. ئەم روداوانە بەخاڵی گەرانەوە لە مێژوو, هونەرو زانستی سیاسەتدا لەقەڵەم دەدرێن. بۆیە پرسی راستەقینە, خوێندنەوەی "قوولی" ئەم خاڵەیە, كە لە كۆمەڵگای مەدەنیدا, كام توخم رۆڵێكی هاوشێوەو هاوتەرازی ئەو رۆڵە پتەوەی بەرگریكردنی لەئەستۆدایە لەشەڕێكی سەنگەردا. بەكارهێنانی وشەی "قوول" بەئانقەست بوو, چونكە تاكوو ئێستا رووداوەكانی 1917 تەنیا لەڕوانگەیەكی گەوج و رووكەش بینانەوەو بەگوێرەی ئەو مێژوو زانانەی كەهەورازو نشێوی مۆدی جلی ژنانە

www.pertwk.com

تاوتوێدەکەن, و یان لەگۆشە نیگای "عەقلایی"یەوە خراوەتە بەر تێڕامان‌و لێکدانـــەوەوە. بەواتایـــەکی دی, ئـــەم ڕووداوانـــەیان بـــەپێی ئـــەم بڕوایـــە تاوتوێکردووە کە ئەگەر پرسێك (واقیع بینانە) ڕونبکەنەوە, پرسەکە خۆی لەخۆیدا لەناو دەچێت, ڕەنگە ڕوداوەکانی 1917 ش شتێك بن لەووتەزای خورافات (کەئەگەر ریشەکانی دیاریبکرێت, لەناو دەچێت).

دەبێـت پرسـی سـەرکەوتنە سـنووردارەکانی مەیلـە تازەکـانی یەکێتیـە کرێکاریەکان[42]لەگەڵ ئەم کۆمەڵە پرسانەدا بەهاوپەیوەند بزانرێت. ڕەنگە پرۆژەکەی "ل.داو.بەر[43]" لەدانیشتنی چوارەمدا, لەزەمینەی بەراوردکاری بـەرەی ڕۆژهـەڵات‌و ڕۆژئـاوادا, هـەوڵێك بێـت بەئاراسـتەی پیاچـوونەوەی شێوازەکانی تاکتیکە هەنوکەیەکاندا[44]. بەرەی ڕۆژهەڵات بەخێرایی کەوت, بەڵام خەباتێکی بێوێنە تێیدا درێژەی کێشا, لەکاتێکدا لەبەرەی ڕۆژئاوا, ئەم خەباتە "بەرلە" (کەوتنی)ئەنجامدرا. کەواتە لەڕاستیدا, پرسەکە ئەمەیە کە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی بەر لە هەوڵدان بۆ زەوت کردنی دەسەڵاتی سیاسی دەست بە خەبات‌و خۆڕاگری دەکات یان دوای زەوتکردنی؟ دیارە پرسەکە تـەنها لەپڕۆژەیـەکی گشتی‌و بەشـێوازێکی درەوشـاوەی ئـەدەبی خرایـە بـەر لێکدانەوەو ڕێنمایگەلێکی ئاشکرا نەخرایە ڕوو.

دەبێـت بزانرێـت داخـۆ تیـۆرە بەناوبانگەکـەی "بەرنـستەین" دەربـارەی چییەتی هەمیشەیی بزووتنـەوە[45], ڕەنگدانـەوەی سیاسـی تیـۆری شـەڕی گەڕۆك نیە؟ (لەم پەیوەندیەدا, بیروڕاکانی ژەنەراڵ کراسنۆڤی کازاخ بهێننەوە یادتـان) بـەدەربڕینێکی تـر, ئایـا تیـۆری (شۆڕشـی یـەك لـەدوای یـەك), ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی ئابووری –کولتووری– سیاسی وڵاتێکە کە بناغەی



ژیانی کۆمەڵایەتی تێیدا سەرەتایی‌و ناڕێکە توانای ئەوەی نیە بگۆڕێت بە "دژو سـەنگەر"ێـك. دەکـرێ لـەم پەیوەندیـەدا بڵـێین کـە "بەرنـستەین"ی بەڕواڵـەت "ڕۆژئاوا زەدە", لەڕاستیدا "کۆسمۆپۆلیتایـە" یـان بـەدەربڕینێکی تر ڕۆژئاواییەك‌و نەتەوە پەرستێکی ڕووکەش بوو, لەکاتێکدا "ئیلیچ (لینین) زۆر نەتەوە خوازو زۆریش ئەوروپایی بوو.

لەبیرەوەریـەکانی بەرنـستەیندا هـاتووە. کـە کاتێـك کەسـێك پێـی وتـووە تیۆرەکـەی دوای پـانزدە سـاڵ دواکـەوتن, سـەرئەنجام ڕاسـت دەرچـووەو[46] ئـەویش ئـەم گاڵتەیـەی بەتـەنزێکی تـر وەڵام دایـە. لەڕاسـتیدا, تیۆرەکـەی هیچکات, نە پانزدەساڵ زووترو نە درەنگتر, ڕاست نـەبوو. ڕاسـت دەرچوونی پێشگۆییەکانی (ترۆتسکی)یش بەڵگەی تەواوی بەدی هاتنی پشتگریی ئەو سەرلێـشێواویەیە کـە "گیـچاردینی[47]" لەسـەریان دواوە. کێـشەی پـێش بینیـەکانی ترۆتـسکی وەك داسـتانی ئەوکەسـە وایـە کـەبینینی کـچێکی چوارساڵە مەزنەی ڕۆژێکی دەکرد کە ئەو کچە دەبێتە دایك‌و کاتێکیش ئەو کچە لەبیست ساڵیدا دەبێتـە دایك, لاف ئەوە لێدەدات کـە: "بینیتـان مەزەنـەم دەکـرد کـە ڕۆژێـك دەبێتـە دایـك". لەکاتێکـدا پێـشگۆیەکەمان ئـەوەی فەرامۆشکردووە کە لەتەمەنی چوار ساڵیشدا ئەو کەسەی پێی وابوو کچەکە دەبێتـە دایك, دەسـت درێـژی کردبووە سـەری. پێدەچێت (لینین) بەڕاسـتی دیاریکردبێـت کـە ئـەو گۆڕانـەی لەشـەڕی گەڕۆکـدا لەسـاڵی 1917 لەبـەرەی ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا, بۆ شەڕی سەنگەری کە تاکە ستراتیژی ڕەخـساو بـوو لـە بـەرەی ڕۆژئـاوادا, پێویـست بێـت, هـەر لـەم بـەرەی ڕۆژئاوایـەدابوو, بـە گوتـەی کراسـنۆڤ, سـوپاکان دەیـانتوانی لەمەودایـەکی

www.pertwk.com

کورتدا, برێکی بێپایان چەك‌و تەقەمەنی کۆبکەنەوەو بینا کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەك بوون, بەئاسانی دەیانتوانی ببنە شوێنێکی پتەو بۆ چەکە قورسەکان.

بەڕای من مانای "یەك بەرە"ش بەتەواوی هەر ئەمەیەو ئەم مانایەش لەگەڵ بیروڕای پێکهێنانی بەریەك بۆ هێزەکانی فەرەنساو ئینگلیز و رووسیا, لەژێر فەرماندەیی "فۆك"دا, یەکدەگرنەوە.

دیارە ئیلچ (لینین)هەلی شیکردنەوەی تیۆرەکەی خۆی بۆ نەڕەخسا. دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئەو لەوکاتەدا تەنها دەیتوانی, پرسەکە لەگۆشە نیگای تیۆریەوە رونبکاتەوە, لەکاتێکدا ئەرکی سەختی ئەو رۆژە مەسەلەیەکی نەتەوەیی بوو و پێویستی بەناسینی ناوچەو هەڵسەنگاندنی توخمەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بوو, کە دەیتوانی وەك پتەوگاو سەنگەرگاکانی دوژمن کاربکات. لەرووسیادا, دەوڵەت هەموو شتێك بوو مەڵگای مەدەنی تانوپۆیەکی سست‌و کاملْنەبووی هەبوو, لەبەرامبەردا, لەخۆرئاوا لەنێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگای مەدەنیدا, پەیوەندیەکی قووڵ هاتبووە ئاراوەو هەرکات لەبونیادی دەوڵەتدا کەلەبەرێك دەربکەوتایە, تانوپۆی پتەوی روخساری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی دەردەخست. دەوڵەت تەنها لەشوێنی سەنگەرێکی دەرەکیدا بوو کە لەپشتیەوە تۆڕێکی بەرین‌و بەهێزی دژەکان‌و پتەوکاری لەخۆدەگرت. ئاشکرایە کە رادەو پێودانگی ئەم پتەوکاریە لەدەوڵەتە جۆربەجۆرەکاندا جیاواز بوو, وە تەواو هەر لەم روەوە نامێنێت‌و هەڵسەنگاندنی دیاریکراوی بارودۆخ لەهەروڵاتێکدا بەکارێکی پێویست لەقەڵەم دەدرا.

``



دەکرێ تیۆری (بەرنستەین) لەگەڵ تیۆری هێندیك لە سەندیکالیستە فەرەنسیەکان لەمەڕ مانگرتنی گشتی‌و تیۆری (رۆزا)دا لەو بەرهەمەدا کە ئەلساندەر وەریگێڕاوە, بەراورد بکرێت. بەشایەتی وتاری "رۆزمەر[48]"دەربارەی ئەڵمانیا, کە لەگۆڤاری "ڤی ئۆڤریە[49]"دا بڵاوکراوەتەوە, دەکرێ بگوترێت کە تیۆری (رۆزا)کاریگەری لەبیروڕای سەندیکالیستە فەرەنسیەکان وەرگرتووە.

(دیارە ئەم وتارە سەرەتا لەشێوەی نامیلکەدا بڵاوکرایەوە.) هەڵبەتە (بیروڕاکانی رۆزا لووکزامبوورگ) تاڕادەیەکیش کاریگەری لەتیۆری خۆوروژاندن وەرگرتووە.

www.pertwk.com

# بەشی هەفتەم

## تێپەڕین لەشەڕی مانۆڕی
## (هێرشی راستەوخۆ)
## بۆ شەڕی سەنگەری
## لەبواری سیاسیدا

www.pertwk.com

بەڕای من, گرنگترین پرسێك کە لەسەردەمی دوای شەڕدا هاتە پێشەوەو چارەسەرکردنیشی لەکارە هەرە دژوارەکانە, هەرئەم پرسەی (پەیوەندی شەڕی مانۆڕیو شەڕی سەنگەری)ە. ئەم کێشەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسەدا هەیە کە (بەرنەستین) گەڵاڵەی کردووە, هەر ئەویشە کەدەبێت وەك تیۆری زانی هێرشی راستەوخۆی سەردەمانیٚ لەقەڵەم بدرێت, کە هێرشێکی وەها تەنها شکست لەخۆ دەگرێت. دیارە ئەم تێپەڕینە (لەشەڕی مانۆڕی بۆ شەڕی سەنگەری) لەزانستی سیاسیدا تەنها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوەی لەزانستی سەربازیدا رویدا, پەیوەست دەبێت. دیارە بوونی ئەم پەیوەندیە بنەڕەتیە, یەگجاریو گومان هەڵنەگرە. شەڕی سەنگەری پێویستی بەفیداکاری گەورەیە لەلایەن جەماوەری بەرینی گەلەوە, لەئەنجامدا (بۆ شەڕێکی وەها) هەژمونێکی چڕ کراوەی بێوێنە پێویستە,و (هەژمونێکی وەها) پێویستی بەحکومەتێکی "دەستتێوەردەرگەرا" هەیە. ئەم حکومەتە دەبێت بە هەڵوێستێکی هێرشکەر, بەئاشکرا دژی ئۆپۆزیسیۆن بکەوێتە کار, و بەردەوام خەریکی رێکخستنی رەوتی (نافەراهەمکردنی) هەڵوەشانەوەی ناوەکی کۆمەڵگا بێت. دەبیٚ حکومەتێکی وەها لەهەموو کۆنترۆڵە سیاسیو ئیدارییەکانو پشتیوانی تێکڕای "هەڵوێستە" هەژمونییەکانی گروپی باڵادەست بەهرەمەندبێت. تێکڕای ئەم هەنگاوانە, بەنۆبەی خۆی, پەسندکەری ئەم راستییەیە کە ئێمە کەوتووینەتە قۆناغێکی تازەی پێگەی مێژووی سیاسی کۆمەڵگەوە, چونکە لەسیاسەتدا, ئەگەر لەشەڕی سەنگەریدا سەرکەوتنێك بەدەستبێت, ئەم سەرکەوتنە یەکجاریو کۆتاییە. بەدەربڕینێکی تر, لەسیاسەدا, شەڕی گەڕۆك تەنها تا ئەوکاتە بەردەوام



دەبێت کە پرسی بەدەستهێنانی سەنگەری نادیاریکراو لەدەستووری رۆژدابێت, بۆیە تێکڕای دەرفەتە هەژمونیەکانی دەوڵەت بۆ ئامادەیی هێزی سەربازی شیاو نین. بەڵام ئەوکاتەی سەنگەرە (نادیاریکراوەکان) بەهۆیەك, بەهای خۆیان لەدەستدەدەنو تەنها زەوتکردنی سەنگەرە دیاریکراوەکان دەخرێنە دەستووری رۆژەوە, ئەوساتە دەبێت دەست بەشەڕی گەمارۆیی بکرێت, ئەم شێوازە شەڕە, کورتو دژوارەو پێویستی بە پشوودرێژیو ئەفراندنێکی ئاوارتە هەیە لەسیاسەتدا. سەرەڕای رواڵەتکارییەکان, ئەم گەمارۆدانە دوولایەنەو بەرامبەرەو تەنها ئەوەی کە دوژمن هەموو هێزەکانی سەفەر بەردەکات, خۆی دەرخەری ئاستی ئەو گرنگیەیە کە بۆ بەرهەڵستکاران دایدەنێت.

"لەئۆردووگایەکی گەمارۆدراودا, ئەو خۆڕاگرییەی لەڕادەبەدەر درێژە بخایەنیٚ, لەناوخۆیدا, ورەکان لاواز دەکات. خۆڕاگرتنێکی وەها, ئێشو سەختیو ماندوویيو نەخۆشی فراوانی بەدواوە دەبێت. لەحاڵەتێکی وەهادا نەك مەترسی توند, کە دروستکەری کارامەییە, بەڵکو مەترسی موزمین, کە وێرانگەرە, ئامادەیەکی بەردەوامی هەیە." کارل مارکس, پرسی رۆژهەڵات, 14 سەپتامبەر, 1855.

www.pertwk.com

(دەربارەی) تاکتیکی جەماوەری بەرینو تاکتیکی چرکەساتی گروپە بچووکەکانەوە: تا ئەو جێگەیەی ئەم باسە ڕەنگدانەوەی خۆی لەدەروون ناسی ڕێبەرە گەورەکان (گەلاڵە کەرانی ستراتیژی)و ژێر دەستەکانیاندا دەدۆزێتەوە, پەیوەندی لەگەڵ باسی شەڕی گەڕۆكو شەڕی سەنگەریشدا پەیدا دەکات. وێڕای ئەمەش, هەر ئەم پرسە, خاڵی پێکگەیشتنی ستراتیژیو تاکتیك, هەم لەسیاسەتو هەم لەزانستی سەربازیشدا پێکدەهێنێت. دیارە ئەگەر بکرێ لێرەدا لەم وشانە کەڵك وەرگیرێت.) تاکەکان (تەنانەت وەك بەشێك لەکۆیەك, شەڕ بەشێوەیەکی غەریزی بە "شەڕی پارتیزانی"و یان "شەڕی گاریبالەی ئاسا (کەشێوەیەکی بەرزتری شەڕی پارتیزانیە) لەقەڵەمدەدەن. لەسیاسەتدا هەڵەکان دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنی ناڕاستە لەخەسڵەتی ڕاستەقینەی دەوڵەت (لەمانا کامڵەکەیاندا, واتە دیکتاتۆری لەهەژمونی). لەشەڕیشدا هەڵەکان هۆکاری هاوشێوەیان هەیە, (تێنەگەیشتنی بارودۆخی هێزە خۆییەکانو هێزەکانی دوژمن). لەهەر دوو نموونەکەدا, ئەم دوو هەڵەیە لەگەڵ دیاردەی ناوچەگەرایی شاریو هەرێمیدا پەیوەندی هەیە. هەڵسوکەوتێکی وەها, دەبێتە هۆی کەم بەهادان بە دوژمنو ڕێکخستنە جەنگیەکەی (1930–32).



# بەشی هەشتەم

# سیاسەتو زانستە سەربازیەکان

www.pertwk.com



# بەشی نۆیەم

## ئەنتەرناسیۆنالیزم

## و

## سیاسەتی نەتەوەیی

www.pertwk.com

دەربارەی بەرهەمێکی ژۆزێف ویسارپۆنۆڤیچ (ستالین)، کەلەشێوەی پرسیارو وەڵامدا لەمێژووی سەپتامبەری 1927 دا، بڵاوکرایەوە[50]: ئەم بەرهەمە سەرقاڵی بڕێك لەپرسە بنەڕەتیەکانی زانستو هونەری سیاسەت دەبێت.

بەڕای من پرسی خوارەوە پێویستی بە درێژدادڕییەکی زۆرتر هەیە: چۆن، لەڕوانگەی فەلسەفەی پراکسیسەوە (و بەتایبەت ڕەنگدانەوە سیاسیەکەی)– چ لەزمانی بنیاتنەرەکەیەوە (مارکس)و چ لەبیروڕای تازەترین بیرمەندی گەورەی ئەم فەلسەفەیە (لینین)– دەبێت هەلومەرجی نێو نەتەوەیی لەڕوخسارە نەتەوەییەکەیدا هەڵسەنگێندرێت؟ لەڕاستیدا، پەیوەندی نێونەتەوەیی هەر وڵاتێك بەرهەمی پێکهاتەی (فاکتۆرە جۆربەجۆرەکانە) کەهەرکام، بەنۆبەی خۆی، "تازە" و "تایبەتن".

ئەگەر بمانەوێت (پەیوەندیە نێو نەتەوەییەکان) ڕێنماییو ڕێبەری بکەین، دەبێت لەگەڵ تایبەتمەندی هەر نموونەیەکی دیاریکراودا هەڵیسەنگێنینو بیخوێنینەوە. بێگومان رووکاری وەرچەرخان بەرەو ئەنتەرناسیۆنالیزمە، بەڵام خاڵی دەسپێك وەك بووە "نەتەوەییە"و بەتەواوی هەر لێرەوەیە کەدەبێت کارەکەی دەستپێبکات. بێگومان روانگەی گشتی (هەڵسەنگاندنەکەمان) دەبێت جیهانی بێت و وێنای (روانگەیەکی سنوردارتر ناکرێت. دەرئەنجام پێویستە کە پێکهاتەی هێزە نەتەوەییەکان

``



کەچینی نێونەتەوەیی (واتە پرۆلیتاریا)دا ڕێنمایی و ڕێبەریان بکات، بەوردی تاوتوێبکرێت، چینی ڕێبەر تەنها کاتێك بەڕاستی ڕێبەرەکە بتوانێت ئەم پێکهاتەیە بەدروستی لێکداتەوە.

بێگومان خودی ئەم چینە بەشێکە لەم پێکهاتەیەو بەوردی لەم شوێنەدا دەتوانێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا، لەدیاریکردنی لایەنگیری بزووتنەوەدا کاریگەر بێت. بەڕای من، ناکۆکی بنەڕەتی لەنێوان لیۆداڤید (ترۆتسکی) وستالیندا، وەك تیۆرسینی بزووتنەوەی بەلشەفیکەکان، بەدەوری ئەم پرسەدا دەسووڕێتەوە. ئەگەر کرۆکی پرسەکەمان لەبەرچاو بگرین، ئەوکات تۆمەتی ناسیۆنالیزم ناڕاستدەبێت. هەرکاتێك خەباتی بەلشەفیکەکان لەنێوان ساڵەکانی 1902 تاکوو 1917 بخوێنینەوە، تێدەگەین کە چییەتی تازەی ئەم خەباتە بەتەواوی بۆ پاڵاوتنی ئەنتەرناسیۆنالیزم بووە لەهەر جۆرە تەمومژو ژەنگێکی ئایدیۆلۆژی (لەچەمکە سووکایەتی ئامێزەکەیدا)و داڕشتنی ناوەڕۆکێکی سیاسی واقعبینانە بۆ چەمکی ئەنتەرناسیۆنالیزم. بەتەواوی لەچەمکی هەژمونیدایە کە پێویستیە گرنگە بەگەوهەر نەتەوەییەکان (کۆمەڵگاو چین) پێکەوە گرێدەدرێن، و دەکرێ بەئاسانی تێبگەین کە بۆچی مەیلە سیاسیەکان، چەمکی ئەنتەرناسیۆنالیزم یان لەبەرچاوناگرنو یان سەرپێیی بەسەریدا دەرباز دەبن. بۆ ڕێبەرایەتیکردنی توێژە کۆمەڵایەتیە توندە نەتەوەپەرستەکان (وەك ڕۆشنبیران)و ئەو توێژانەی جاروبار روانگەیەکی تەنانەت

www.pertwk.com

سنووردارتریان هەبووەو هەروەها, ناوچەگەرو شارگەران (گوندیەکان), ئەو چینەی کە بەگەوهەری نێو نەتەوەییە (پرۆلیتاریا), دەبێت خۆی بەواتایەك "نەتەوەیی" بکات. دیارە بواری پەرەسەندنی ئەم چەمکە ئەوەندەش سنووردار نیە, چونکە بەرلەوەی بتوانرێت هەل و مەرجی پێویست بۆ ئابووریەکی جیهانی بەبەرنامە بخولقێنێت, تێپەڕبوون لە قۆناغی جۆراوجۆر پێویستە کەلە هەرکامیاندا پێکهاتەی ناوچەیی و جۆربەجۆر (لەکۆمەڵەیەك لەولآتان) دێتەئاراوە.

وێڕای ئەمەش نابێت ئەوە لەبیر بکرێت تا ئەو کاتەی دەستپێشخەری (مێژوویی) لێبڕاوانە نەکەوتۆتە دەست ئەو هێزانەی لەپێناوی دابەشکردنی کاری دادپەروەرانەو ئاشتی خوازانەدا, حەزیان لەبنیاتنانە, وەرچەرخانە مێژووییەکان پەیڕەوی یاساکانی زەرورەت (پێویستی) دەکەن.

دەکرێ بەئاسانی ئەوە ببینین کە چەمکە نانەتەوەییەکان (واتە ئەوانەی سەبارەت بەولآتانی دیاریکراو, شیاوی ڕاڤەکردن نین) نادروستن. ئەمجۆرە چەمکانە, لەدوو قۆناغی یەکەمدا, هیچکەس لەو بڕوایەدا نەبوو, دەبێت کارەکە دەستپێبکات. بەدەربڕینێکی تر, وایاندەزانی ئەگەر کارەکە دەستپێبکەن, تاکوتەرا دەبن. ئەوانە چاوەڕێی ڕۆژێك مانەوەن کەهەموان پێکەوە دەستپێبکەن و دیارە لەم نێوەدا هیچکەس نەجولآو و هیچ جۆرە ڕێکخستنێك ئەنجامنەدرا. ڕەنگە قۆناغی دووەم خراپتربێت, چونکە ئەوەی هەموان چاوەڕێین, شێوەیەکی ناسروشتی و ڕەتکراوەی ناپیلۆنخوازیە.

``



(چونکە سەردەمە مێژووییەکان هەمیشە بەشێوەیەکی چونیەك خۆیان دووبارە ناکەنەوە[51]) ئەمشێوە تازە بیرکردنەوە میکانیزمە کۆنە, لەپشت دەمامکی تیۆری شۆڕشی یەك لەدوای یەکی (ترۆتسکی)دا شاردراوەتەوەو خودی ئەم تیۆرە, شتێك نیە جگە لەپێشگۆیی کۆبێژیانە کەلەشێوەی دۆگمادا پێشکەشکراوەو بەناچار, بەدینەهاتنی پێشگۆییەکان, خودی تیۆرەکەش لەنێو دەبات (1933).

www.pertwk.com



# بەشی دەیەم

## پرسی "کۆی مرۆیی"

## یان

## پرسی "هاودەنگی کۆمەڵایەتی"

``

www.pertwk.com

(دەربارەی) رۆڵی فێرکەرو بنیاتنەری دەوڵەت: ئامانجی دەوڵەت پێکهێنانی جۆرێکی تازەو کاملتری شارستانی و یەکخستنی ئەم "شارستانیە"و هەروەها رەوشتی جەماوەری بەرینی کە لەگەڵ پێویستیەکانی کاملبوونی بەردەوامی دەزگای بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگادا, هەر بۆیە تەنانەت خولقاندنی ئەو مرۆڤایەتیەی کە بنیاتێکی فیزیکی تازەی هەیە, لەدەستووری کاری دەوڵەتیدایە. بەڵام تاکەکان چۆن لەگەڵ کۆیی مرۆیی (کۆمەڵگاکەی خۆیاندا) هاوئاهەنگدەبن چۆن لەفشارە فێرکاریەکان کەڵك وەردەگیرێت تا هاودڵی و هاوکاری تێکڕایی کۆملەگا بەدیبێت و "ئازادی" جێی جەبرو زەبرو زەنگ بگرێتەوە؟ لێرەدا پرسی یاسا دەخرێتەڕوو: دەبێت بواری لەخۆگرتنی ئەم چەمکە ئەوەندە پەرەی پێبدرێت کە ئەو چالاکیانە بگرێتەوە کە ئەمڕۆ "لەڕووی یاساییەوە بەپوچەڵ" لەقەڵەمدەدرێن پەیوەندیان بە بواری کۆمەڵگای مەدەنیەوە هەیە. کۆمەڵگای مەدەنی کاری خۆی بێ "سزادان" و بێ "ئەرك"ی سەپێندراو ئەنجامدەدات, بەڵام لەبەرامبەردا, بەهۆی فشارهێنانی بەکۆمەڵەوە, دەرئەنجامی بابەتی بەدەستدێنێ و ئەم دەرئەنجامە لەشێوەی وەرچەرخان لەنەریت, شێوازی بیرو رەوشت و کاری (کۆمەڵگا)دا خۆی دەنوێنێت.

(دەربارەی) چەمکی سیاسی بەناو "شۆڕشی یەك لەدوای یەك" کە رەنگدانەوەی بابەتی ئەزموونی ژاکۆبینەکان لە 1789وە تاکوو خولی تەرمیدۆر[52] بوو و بەر لە 1848 داڕێژرا: ئەم فۆرموولە پەیوەندی بەسەردەمگەلێکی مێژووییەوە هەبوو کەتیایدا هێشتا پارتی سیاسی جەماوەری و بەرین و سەندیکا ئابوریە گەورەکان پێکنەهاتبوون, و کۆمەڵگا لەهەندێ لایەنی جۆراوجۆرەوە لەدۆخی زریاندا بوو: بەدەربڕینێکی تر, لەو سەردەمەدا, لادێکان دواکەوتووتر بوون و پاوانکردنی سیاسەت و هێزی دەوڵەتی لەدەستی چەند شارو جاروبار تەنانەت یەك شار دابوو (وەك پاریس



لەفەرەنسادا), تا ڕادەیەك دەزگای دەوڵەتی سەرەتایی بوو و کۆمەڵگای مەدەنی, لەبەرامبەر چالاکی دەوڵەتدا, سەربەخۆییەکی پتری هەبوو, سیستمێکی دیاریکراوی هێزە سەربازی و هێزە چەکدارە نەتەوەییەکان بوونیان هەبوو, دەرئەنجام ئابووری نەتەوەیی لەبەرامبەر بازاڕە نێو نەتەوەییەکاندا, سەربەخۆییەکی پتری هەبوو. لەسەردەمی دوای 1870دا, هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپادا, تێکڕای ئەو هەلومەرجەی پێشتر باسکرا گۆڕا: پەیوەندی رێکخستنی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی دەوڵەتەکان ئاڵۆزترو پەرەسەندووتر بوو, چەمکی "هەژمۆنی مەدەنی" لەزانستی سیاسەتدا, لەسەرووی فۆرموولی شۆڕشی یەك لەدوای یەکی چل و هەشتیەکانەوە جێی گرت. (لەم سەردەمەدا) هەمان رووداوەکانی بواری هونەری سەربازی لەبواری هونەری سیاسەتیشدا رویاندایەوە: شەڕی گەڕۆك بەشێوەیەکی فراوان گۆڕا بە شەڕی سەنگەری دەکرێ بەئاسانی بڵێین کە ئەو دەوڵەتە لەشەڕدا سەردەکەوێت کەلەکاتی ئاشتیدا ئامادەکاری وردو بەش بەشی (تاکتیکی) و تەکتیکی شەڕی کردبێت. لەسیاسەتدا, بونیادە گەورەکانی دیموکراسییە مۆدێرنەکان, چ وەك رێکخستنی دەوڵەتی و چ وەك پێکهاتەیەك لە رێکخستنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی, رۆڵی "سەنگەرەکان"و پتەوکاری هەمیشەیی شەڕێکی سەنگەری لەئەستۆ دەگرن. لەبەر بوونی ئەم بونیادانە "جموجۆڵ" کەسەردەمێك بە"هەموو" جەنگ دادەنرا, ئەمڕ گۆڕاوە بە "بەشێك" لەو جەنگە.

دیارە ئەم پرسانە تەنها بۆ دەوڵەتە تازەکان گرنگەو بۆ وڵاتە دواکەوتوو و کۆلۆنیەکان, واتە ئەو سەرزەمینانەی کەتێیدا شێوەی بەسەرچوو و رەتێنراوی (دەوڵەت و کۆمەڵ) هێشتا لەژیاندان, راستی لەخۆ ناگرێت. هەروەها دەبێ پرسی بەها ئایدۆلۆژیەکانیش لەنامیلکەی زانستە سیاسیەکاندا راڤە بکرێت.

www.pertwk.com



# بەشی پانزدەیەم

## کۆمەڵناسی

## و

## زانستە سیاسیەکان

www.pertwk.com

سەرهەڵدان و برەوسەندنی کۆمەڵناسی پەیوەندی لەگەڵ رەوتی ئاوابوون و دابەزینی چەمکی زانستی سیاسی و هونەری سیاسەت هەیە کەلەسەدەی نۆزدەیەمدا, روویدا. (ئەگەر وردتر بڵێین (ئەم دابەزینە) لەنیوەی سەدەی نۆزدەیەمداو هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی تیۆری گۆڕانخوازو سەلمێنراودا[53] بەدیهات.) ئەو شتانەی لە کۆمەڵناسیدا خاوەنی گرنگیەکی راستەقینەن, لەڕاستیدا شتێك نین لەدەرەوەی زانستی سیاسی. (لەو سەردەمەدا) "سیاسەت" لەگەڵ سیاسەتە پەرلەمانی یان سیاسەتی دارودەستە تایبەتیەکاندا هاوتا بوو. (لەو دەمەدا) ئەم باوەڕە ریشەی داکوتا کە دەستورو پەرلەمانی مزگێنیدەری سەردەمی "وەرچەرخانی سروشتی" و سەرئەنجام کۆمەڵگا بونیادە خوازراوەکانی خۆی دۆزیوەتەوە, چونکە (بونیادە تازە دۆزراوەکان) "عەقڵانیین". و سەرئەنجام (ئەم باوەڕە برەوی سەند) بۆچی دانیشتوون لەکاتێکدا دەکرێ کۆمەڵگا بە شێوازی زانستە سروشتیەکان بخوێندرێتەوە! بەرهەمی ئەم وەرچەرخان و بیروڕایانە, ئەو هەژاریە بوو کەچەمکی دەوڵەت دوچاری بوو. ئەگەر زانستە سیاسییەکان بەمانای کاری دەوڵەت لەقەڵەم بدرێن, و ئەگەر دەوڵەت بەتێکڕای ئەو تۆڕە چالاکیە کردەیی و تیۆریانە بزانین کە بەکۆمەکی ئەوان چینی باڵادەست نەك تەنیا دەسەڵاتی خۆی دەپارێزێت و پاساویشی بۆ دەهێنێتەوە, بەڵکو بەهۆی ئەم چالاکیانەوە, رەزامەندی چالاکانەی مەحکومکراوەکانیش بەدەست دێنێت, ئەوسا ئاشکرایە پرسە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵناسی شتێك نیە جگە لەهەمان پرسی زانستە سیاسەکان, دیارە ئەگەر لەم نێوانەدا پرسێك (بۆ کۆمەڵناسی)بمێنێتەوە, پرسێکی بێ بناغەیە, یان بەردەربڕینێکی تر, پرسێکی بێکەڵك دەبێت. هەر بۆیە, پرسی (بوخارین), لەکاتی نووسینی "رێنمای گشتی[54]"دا, بەتەواوی دیاریکردنی بەرامبەری زانستە سیاسیەکان بوو لەپەیوەند لەگەڵ فەلسەفەی پراکسیسدا[55]: ئایا هەردوك یەکسان و چونیەکن (دیارە هەڵوێستێکی بەرگری بۆ نەکراو بوو, مەگەر ئەوەی کە لەچروکترین دیدگای سەلمێندراوەوە بۆ پرسەکە بڕوانرێت)؟ ئایا زانستە سیاسیەکان کۆمەڵەیەکە لەپرەنسیپە کردەیی و ئەزمونیەکان کەلەچەمکێکی بەرینتر, یان بەواتایەکی تر, لەڕوانینێکی فەلسەفی بۆ جیهان هەڵێنجراون؟ و لەکۆتایدا ئەوەی کە داخۆ ئەم فەلسەفەی (پراکسیسە)تەنها زانستی چەمکەکان یان قەزا گشتیەکانە کەزانستە سیاسیەکان خوڵقاندوونی؟

ئەگەر ئەوە راستیەکە, کەناکرێ مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێت مەگەر لەپێگەی مرۆڤدا نەبێ کەلەڕوی مێژوییەوە دیاریکراوە بەدەربڕینێکی تر وەك مرۆڤێك کە لەسایەی هەلومەرجی دیاریکراودایەو لەتۆڕێکی کۆمەڵایەتی دیار یان گشتەکیەك لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەژیت و پێدەگات. کەواتە دەکرێ کۆمەڵناسی تەنها وەك خوێندنەوەی ئەم هەل و مەرجانەو یاساکانی ئەم کامڵ بوونە, لەقەڵەم بدرێت؟ لێرەوە ناکرێ چیدی وەسفێکی وەها (لەکۆمەڵناسی)یش ناڕاست دەردەچێ. لێرەدا دەبێت ئەم پرسیارە بخرێتەڕوو کە لەبنەڕەتدا زانست چیە؟ ئایا زانست, لەخۆیدا لەبەرئەوەی مرۆڤەکانی گۆڕیوەو لەوەی کە بوون ئاڵوگۆڕی پێکردوون, خۆی چەشنێك "چالاکی سیاسی" یان "ئەندێشەی سیاسی" نیە؟ ئەگەر هەموو شتێك جۆرێکە لە "سیاسەت" کەواتە بۆ راکردن لە بازنەی شەکەتهێنەرو دووبارە ژماردنی شتە سادەکان, دەبێت پەنا بۆ چەمکی تازە ببرێت و ئەو سیاسەتەی کەلەچەمکێکی وردتردا پەیوەستە بەزانستە سیاسیەکان ئاشکراو جیابکرێتەوە. ئەگەر زانست, "دۆزینەوەی" راستیە پێشتر نەناسراوەکانە, داخۆ ئەم راستیانەمان لەچەمکی نەناسراوی (ترانسدێنتدا)[56] وێنا نەکردووەو داخۆ وەهاوێنا ناکرێ کە ئەو شتەی وەك بووە هێشتا "نەناسراو"ە و بۆیە بەنەناسراوی ماوەتەوە؟ ئایا زانست بەچەمکی "ئافراندن"یش خۆی چەشنێك "سیاسەت" نیە؟ هەموو شت بەمەوە بەندە کە بزانین ئایا ئەم ئەفراندنە "سەرەڕۆیانە" بووە یان عەقڵانی, بەدەربڕینێکی تر, ئایا لەڕێگەی پەرەپێدانی چەمکی ژیان بۆ مرۆڤەکان و بڵند راگرتنی خودی ژیان, خێرو بێرێکی هەبووە یان نەخێر؟[57]

www.pertwk.com





# بەشی دوازدەیەم

## هەژمونی (کۆمەڵگەی مەدەنی)

## و

## پەرتبوونی هێزەکان

www.pertwk.com

هەژمونی (کۆمەڵگای مەدەنی)و پەرتبوونی هێزەکان, لەگەڵ تەواوی ئەو باسانەی کە بەدیهاتنیانی خستەڕوو, و هەروەها تێکڕای ئەو وردەکاریە یاساییەی لەتەك خۆیدا هێنای بەرهەمی خەباتی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵگەی سیاسیە لە سەردەمێکی مێژووی دیاریکراودا. روخساری جیاوازی ئەم سەردەمە لە, هاوسەنگی ناجێگیری نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکانە. (ئەم هاوسەنگیە) خۆی دەرئەنجامی ئەم راستیەیە کە گوتاری دیاریکراوی هەندێ لە ڕووناکبیران (ئەوانەی لە خزمەتی راستەوخۆی دەوڵەتدا بوون, بەتایبەت بیرۆکراسی لەشکریو ناوخۆیی) هەنوکەش پەیوەندی لەڕادەبەردەر قوڵی بەچینە باڵادەستە کۆنەکانەوە گرێدراوە. بەدەربڕینێکی تر, لەقۆناغێکی وەهادا, هێندێك رووداو لە کۆمەڵدا روودەدەن کە "کرۆچە[59]" بە "ناکۆکی هەمیشەیی نێوان دەوڵەتو کڵێسە". ناودێری کردووە. لەبارودۆخێکی وەهادا, کڵێسە وەك نوێنەری گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی لەقەڵەم دەدرێت (لەکاتێکدا لەڕاستیدا, تەنها بەشێك بووە لەم گشتەو بایەخیشی روو لەکزیە), لەبەرامبەردا, دەوڵەت وەك جیلوەگای ئەو کۆششانە لەقەڵەم دەدرێت کە ئامانجیان بەرجەستەکردنو هەمیشەیی کردنی قۆناغێکی ئاشکرایە لەکامڵبوونی بارودۆخێکی دیاریکراو (لەکۆمەڵگادا). لەچەمکێکی وەهادا, کڵێسە دەتوانێت جێگەی خودی دەوڵەت بگرێتەوەو ئەوکات, بەناچار لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی ناسووتی (و ناسووتی سان) لەلایەکەوەو (دەوڵەت / کڵێسە) لەلایەکی ترەوە, ناکۆکیەك دێتە ئاراوە. (دیارە ئەم ناکۆکیە کاتێك دەردەکەوێت کە کڵێسە بووبێتە بەشێکی لێکجیانەبوی دەوڵەتو کۆمەڵگەی سیاسی ژێر پاوانی گروپی باڵادەستی کۆمەڵگاو ئەم گروپەش, خۆی بیەوێت کە بەلەخۆگرتنی کڵێساو بەهرەمەندبوون لەپشتیوانی کردنی ئەو بوارە لە کۆمەڵگای مەدەنی کە کڵێسە نوێنەرێتی, دەسەڵاتی خۆی پتەوبکاتو درێژەی پێبدات).

پەرتبوونی هێزەکان بۆ لیبرالیزمی ئابووریو سیاسی, گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە. لەبنەڕەتدا, دەکرێ ئایدیۆلۆژیای لیبراڵی بەهەموو خاڵە بەهێزو لاوازەکانیەوە لەپرەنسیپی پەرتبوونی هێزەکاندا کورتبکرێتەوەو ئەوکات سەرچاوەی لاوازی لیبرالیزمیش ئاشکرا دەبێت: ئەم سەرچاوەی لاوازی بیرۆکراسیە لەبری رەنگدانەوەی کادرە رێبەریکەرەکانی (دەوڵەت)و فاکتەری بەگەڕخستنی هێزی زەبر ئاسایە کە, دەکرێ لەقۆناغگەلێکی دیاریکراودا کەمبکرێتەوە. خواستی جەماوەر سەبارەت بە هەڵبژاردنی هەموو پۆستەکانی (دەوڵەت) لەم ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێتو ئەم خواستەش رەنگدانەوەی لیبرالیزمی پەڕگیرەو خواستی هەڵوەشاندنەوەی (ئەم بیرۆکاسیە)ش هەر لەم سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە. (پرەنسیپی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی هەمیشەیی لەهێندێك کۆمارداو پرەنسیپی هەڵبژاردنی خولی سەرۆکی دەوڵەتەکان, لەڕاستیدا هەوڵدانێکە لە دروستکردنی ئەم وەهمەی کە ئەم خواستە بنەڕەتیەی جەماوەر بەدیهێنراوەو دابینکراوە.)

دەربارەی یەکێتی دەوڵەت لەساتی پەرتبوونی هێزەکاندا: ئەو پەرلەمانەی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا پەیوەندێکی نزیکی هەیەو هەروەها بوونی دەسەڵاتی داد کەلەنێوان دەوڵەتو پەرلەماندا جێدەگرێت, تێکڕا بەنیشانەی بەردەوام بوونی یاسای نووسراوی کۆمەڵگا لەقەڵەم دەدرێن. (کە تەنانەت وێڕای خواستی دەوڵەت, بەردەوام دەبێت). دیارە هەر سێ هێزی دادو یاسادانانو راپەڕاندن, هەرکامیان بەپلەی جۆراوجۆر, ئەندامی دەسەڵاتداری سیاسی چینی باڵادەستن. دەبێت سەرنج بدرێت کە چۆن کەمتەرخەمی لەڕەچاوکردنی دادپەروەریدا لەلایەن هێزی دادەوە کاریگەریەکی قوڵو کارەساتبار بەسەر خەڵکیدا جێدێڵێت!

لەم بوارەدا, دەزگای هەژمونی (پێشەوایی) هەستیار ترەو دەکرێ وورد بونەوە لەهەنگاوە سەرەڕۆکانی پۆلیسو دەزگا سیاسیەکانیش بخرێنە ئەستۆی ئەم هێزەوە.

www.pertwk.com



``

www.pertwk.com



# بەشی سێزدەیەم

# چەمکی یاسا

لەهیچ یەك لەقوتابخانەكاندا, ناتوانین لەگەڵ چەمكێكی داهێنەرو كامڵی یاسادا ڕووبەڕوو ببینەوە (و ئەم ڕاستیە تەنانەت دەربارەی قوتابخانەی بەناو سەلماندنیش‌و بەتایبەت "فەری[60]) ڕاستی لەخۆدەگرێت. ئەگەر هەر دەوڵەتێك بیەوێت كە جۆرێكی دیاریكراوی هاووڵاتی‌و شارستانی (ناچار چەشنێكی دیاری ژیانی كۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی تاكی) بخوڵقێنێت‌و بیپارێزێت, و هێندێك نەریت لەناو ببات‌و برەو بەهێندێكی دیكەیان بدات كەواتە یاسا (لەتەنیشت دەزگای فێركاری‌و دامودەزگاو چالاكیەكانی تردا ) ئامرازی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە. دەبێت ئەم ئامرازە وەها كامڵبكرێت كە لەگەڵ ئەو ئامانجەدا بگونجێت‌و تا ڕادەیەكی شیاو و تا ڕادەی لواو, كاریگەرو بونیاتنەرو سوودمەندبێت.

دەبێت چەمكی یاسا لە پاشماوەی هەر جۆرە باڵاڕۆیی‌و ڕەهابینیەك پاكبكرێتەوەو بەكردەوە لەهەر جۆرە دەمارگیریەكی ئاكاری ڕزگار بكرێت. هەڵبەتە بەڕای من ناكرێ لەو تێڕوانینەوە دەستپێبكەین كە دەوڵەت "سزا" نادات‌و تەنها لەگەڵ "مەترسی" كۆمەڵایەتیدا دەجەنگێت (دیارە ئەگەر بكرێ وشەی سزا تەنها لەڕەهەندە مرۆڤایەتیەكەیدا لەبەرچاو بگیرێت.) لەڕاستیدا, دەبێت دەوڵەت لە هەمانكاتدا بەجۆرە "مامۆستا"یەك بزانرێت, چونكە بەتەواوی هەوڵدەدات ئاست‌و چەشنێكی تازە لەشارستانی بخوڵقێنێت. لەم ڕاستیەوە كە (دەوڵەت) لەبنەڕەتدا لەسەر تەوەری هێزە ئابووریەكان كاردەكات‌و دەزگای بەرهەمهێنان كامڵدەكات‌و ڕێكیدەخات‌و لەم پێناوەدا دەزگای نوێ پێكدێنێت, نابێت وەها ئەنجامگیری بكرێت كە دەبێت دەزگای سەرخان بەو جۆرەی كەهەیە ڕەها بكرێت تاكو بەشێوەیەكی خۆ وروژێنەرو نیوەناچڵ‌و ناڕێك كامڵبێت‌و پێبگەیەنرێت. لەم بوارەشدا دەوڵەت وەك

``



ئامرازێك بۆ "عەقلانی كردن"و خێراكردن‌و تیۆری كردن[61]هەڵدەسووڕێت. لەم زەمینەیەدا دەوڵەت بەپێی بەرنامەیەكی دیار كاردەكات دەستدەكات بەهاندان, وروژاندن‌و دنەدان‌و سزادانی پێویست, چونكە, ئەوكاتەی هەلومەرجی پێویست بۆ شێوازی ژیانێكی دیاریكراو "ئامادە بكرێت, ئەوكاتە دەبێت بۆ "كردەوەی تاوانكاری یان كەمتەرخەمی" سزا دابنرێت. سەرەڕای ئەمەش, ناكرێ ئەمجۆرە كردەوانە تەواو بە(ترسناك)ناوببرێت‌و (سزای یاسایشی بۆ دابنرێت), بەڵكو دەبێت ئەم سزادانە لەگەڵ دەرئەنجام‌و ئاكامی

ڕەوشتی دیاریكراویشدا یەكبخرێت. یاسا ڕوخساری نێگەتیڤ‌و سەركوتكەری گشتەكی چالاكی پۆزتیڤ‌و بنیاتنەرو شارستانی سازیەكە دەوڵەت لەئەستۆی دەگرێت. دەبێت چالاكیە "هاندەرەكانی" گروپ‌و تاكەكانیش لەتوێی ئەم چەمكەی یاسادا جێبكرێتەوە: ڕەفتاری سوودمەندو خوازراو ڕێزی لێدەگیرێت, هەر بەو جۆرەی ڕەفتاری تاوانكارانە سزا دەدرێت (و جاروبار ئەم سزادانە وێناگەی نوێ, وەك خستنەڕووی پرسەكە لەگەڵ "ڕای گشتیدا" لەخۆ دەگرێت.)

www.pertwk.com

# بەشی چواردەیەم

## سیاسەت و دەستوور

www.pertwk.com

کەسێك بەناوی م. ئارالینی[63]، لەژمارەی 16ی دەسامبەری 1929ی گۆڤلاری (نۆئۆڤۆ ئەنتۆلۆژیا)دا، پاداشتگەلێکی کورتی لەژێر ناوی سیاسەتو زانستو هونەری دەوڵەتدا بڵاوکردۆتەوە، ئەم نوسینە وەك نیشانەیەك لەوەی کە کۆبێژییە زانستیەکان تێیدا نغرۆبوون، شایانی تێڕامانو سەرنجدانە[64].

"ئازالینی" باسەکەی بەم لافلێدانە دەستپێدەکات کە "شانازیو گەورەیی" میکاڤیلی لەم خاڵەدا شاراوەتەوە کە ئەو "بواری سیاسەتی لەچوارچێوەی دەوڵەتدا سنووردارو دیاریکردووە." ئەو لەبەشی سێیەمی شازادە (میر)ی (میکاڤیلی)دا ئەم باسانەی لای خوارەوەی خستۆتەڕوو: "ئەوکاتەی کاردینال رۆئەن[65]"پێی گوتم کە ئیتاڵیەکان شتێك لەشەڕ تێناگەن، وەڵامم دایەوە کە فەرەنسیەکانیش شتێك لە دەوڵەت تێناگەن." تێکڕای لافلێدانەکەی ئازالینی سەبارەت بەوەی لەمیکاڤیلیدا "دەبێت سیاسیەت وەك زانست، ئەویش زانستی دەوڵەت، درك بکرێتو شانازیەکەشی هەر لەم خاڵەدایە"، تەنها پشت بەم عیبارەتە راگوێزراوانەی (شازادە) بەستووە (هەڵبەت بەڕای من چەمکی "زانستی دەوڵەت" وەك هاوتای سیاسەت، یەکەمجار بەشێوەیەکی راست لەلایەن "مارسیلیۆ پادوا[66]"وە، بەر لەکاتی ژیانی میکاڤیلی کەڵکی لێوەرگیراوە). ئازالینی (بیرمەندێکی) تاڕادەیەك سادەبیرو رووکەش بینە. چیرۆکی کاردینالی کە لەدەرەوەی دەقەکەش راگوێزراوە هیچ مانایەکی جدی نیە، لەدەقی خودی نووسراوەکەی (میکاڤیل)دا، ئەم چیرۆکە بارو واتایەکی هەیە کە بەهیچ جۆرێك شان ناداتە بەر ئەنجام گیریەکی زانستی، چونکە لەوێدا، گوتەی میکاڤیل جگە لە وەڵامێکی توندو تەنز ئاساو خۆ وروژێنەر هیچی دیکە نیە. کاردینال رۆئەن لاڤ ئەوەی لێداوە کە ئیتاڵیەکان شتێك لەشەڕ نازاننو میکایڤلیش، لەبەرامبەردا، گوتبووی کە فەرەنسیەکانیش شتێك لەسیاسەت



تێناگەن، چونکە ئەگەر تێبگەیشتنایە، نەیاندەهێشت پاپای (کاتۆلیکەکان)هێزی خۆی لەئیتاڵیادا بەزیانی فەرەنسیەکان پەرەپێبدات. بێگومان مییکاڤیل بەهیچ جۆرێك لەو بڕوایەدا نەبوو کە فەرەنسیەکان هیچ لە سیاسەت تێناگەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئەو میتۆدی پادشای فەرەنسای (لۆیی یانزدەیەم) لەپێکهێنانی فەرەنسایەکی یەکگرتووندا ستایش دەکردو کرداری دەوڵەتی فەرەنسای وەك حاڵەتێکی بەراوردکاری بۆ ئیتاڵیەکان لەقەڵەم دەدا. گفتوگۆی میکاڤیل لەگەڵ کاردیناڵدا زیاتر لەسەر چەمکی "کردەوەی سیاسی" بوو تاکو "زانستە سیاسیەکان" چونکە میکاڤیلی پێی وابوو، بەهێزکردنی پاپا لەئیتاڵیادا هەم بە زیانی "سیاسەتی دەرەکی" فەرەنسا تەواو دەبوو و هەم سیاسەتی ناوخۆیی ئیتاڵیا، تەنانەت پتر لە فەرەنسیەکانیش، زیانی بەردەکەوت.

سەیر ئەمەیە ئازالینی ئەم قسە نەشیاوەی وەك خاڵی دەسپێك، هەڵبژاردووەو بەمجۆرە درێژەی پێدەدات: "سەرەڕای ئەم لافلێدانەی کە زانستی (سیاسەت)دەوڵەت دەخوێنێتەوە، پێناسەیەکی (!؟) لەڕادەبەردەر نادیار(!)ی دەوڵەت پێشکەش دەکات، چونکە پێوانەگەلێك بۆ لێکدانەوەی بابەتە تاوتوێکراوەکە بەدەستەوە نادات. جگە لەوەش، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم راستیەی کە زانستە قەزاییەکان، بەشێوەی گشتیو مافە بنەڕەتیەکان، بەشێوەی تایبەت، بەردەوام بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ دەوڵەت دەکەن، ئەوکاتە نادیاربوونی (پێناسەی دەوڵەت لە زانستی سیاسەتدا) بەجۆرێکی رەها دەردەکەوێت.

تێکڕای ئەم قسانە چ پەیوەندیەکیان بە میکاڤیلیەوە هەیە؟ لەڕاستیدا هیچ پەیوەندیەك لەئارادا نیە و ئەم بابەتانە تەنها پشتگیری سەر لێشێواوی خودی نوسەرەکە دەکەن. میکیاڤیل دەربارەی "کردەوەی سیاسی خێرا" کتێبی دەنووسی، نەك دەربارەی یۆتۆپیا. کتێبەکانی دەرخەرو لەخۆگرتوی

www.pertwk.com

حەزو مەیلی پێك هێنانی دەوڵەتێكی لەپێشدا ئامادەكراو بوو, لەگەڵ هەموو توخم و كاركردە لەپێشدا ئامادەكراوەكانی ئەو دەوڵەتەدا. میيكاڤیلی, لەلێكدانەوەو رەخنەی بارودۆخەكەیدا هەندێ چەمكی گشتی و وێنەیەكی جوانی لەجیهان پێشكەش دەكرد. بەڵام ئەم چەمكانەی بەشێوازێكی كورت نەك شێوەیەكی رێكوپێك, پێشكەش دەكرد. هەڵبەت تا ئەو جێگەی كەئەو توخمگەلی نەناسراوو باڵاو تەناسوخی (لەچەمكی میتافیزیكیدا) بەرەسمی نەدەناسی و كارەكەی لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای كردەوەی بابەتی مرۆڤەكاندا, دادەنا, كەبەهۆی پێویستیە مێژووییەكان كار دەكەن و راستیەكان دەگۆڕن, وادەكرێ چەمك و (وێنەكەی) بەچەشنێك فەلسەفەی "پراكسیس" یان "مرۆڤ خوازی نوێ" ناودێر بكرێت. ئەم رایەی ئازالینی كەگوایە میيكاڤیل سەرنجی پرسی "مافە بنەڕەتیەكانی" نەدەدا, لافلێدانێكی بێبناغەیە. میكیاڤیل لەتەواوی كتێبەكەیدا, چەندین جار ئاماژەی بە پرەنسیپە گشتیەكانی مافە بنەڕەتیەكان كردووە,. لەڕاستیدا ئەو بە پرەنسیپە گشتیەكانی مافە بنەڕەتیەكان كردووە. لەڕاستیدا ئەو بە راشكاوی داكۆكی دەكات كەدەبێت یاساو پرەنسیپی جێگیر بوو بە سەر دەوڵەتدا بسەپێندرێت تاكو هاوولاتیان بتوانن, بەپەیڕەویكردنی ئەم پرەنسیپ و یاسایانە, متمانە پەیدا بكەن كە لەلایەن چارەنوسێكی نادیارەوە هیچ زەبرێك بەرەو هەڵدێری تەفروتونا بوونیان نەبات. لەڕاستیدا, میكیاڤیل هەمووشتێك لەڕێی سیاسەتەوە راڤە دەكات. بەكورتی هونەری فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵكداو دابینكردنی رەزامەندی هەمیشەییان و بونیاتنانی دەوڵەتە گەورەكان, تێكڕا بۆ سیاسەت دەگەڕێنەوە. (هەڵبەت دەبێت لەبیرمان بێت كە بەبۆچوونی میكاڤیلی, نە كۆمۆنەكان و نە كۆمارو نە شووراكانی شار (سینۆریاكان[67]) هیچكامیان بەواتایەكی ورد دەوڵەت نەبوون, چونكە هیچكامیان ئەو سەرزەمین و دانیشتوانەیان نەبووە كە بۆ دابینكردن و پشتیوانی لەهێزێكی سەربازی –

``



وەك توخمێكی پێویست بۆ سیاسەتێكی نێو نەتەوەیی– بەپێویست دادەنرێت. بەبڕوای میكاڤیلی, ئەو شتانەی لەوكاتەدا لەبەربوونی حكومەتی پاپا, لە ئیتالیادا هەبوو, جۆرێك بوو لە "نادەوڵەت" و ئەم بارودۆخە تا ئەوكاتە بەردەوام بوو كە ئاین لەئامرازی سیاسەتی پاپ و لەخزمەتی پێشگرتن لەپێكهاتنی دەوڵەتێكی بەهێز لەئیتالیادا, كرا بەبەشێك لەسیاسەتەكانی دەوڵەت. سیاسەتی پاپا لەوكاتەدا, لەلایەكەوە دەستێوەردانی كاروباری ناوخۆیی ئەو كەسانەی لەخۆگرتبوو كە لەژێر دەسەڵاتی مەعنەوی كڵێسادا نەبوون, و لەلایەكی تریش لەپێناوی هێندێك بەرژەوەندیدا كاریدەكرد كە لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەكانی دەوڵەتی وەختدا نەبوو و ناچار ئاژاوەو گرفتاری لێدەكەوتەوە.)

دەكرێ لای میكاڤیلی پشتگیری ئەو خاڵە بكەین كە لەجێیەكی تردا باسمكردووە, بۆرژوازی سەدەكانی ناوەڕاستی ئیتاڵیا لەقۆناغی پیشەییەوە پێی نەخستە قۆناغی سیاسیەوە, چونكە نەیتوانی خۆی لەتێڕوانینی مۆسنۆپۆلیتیانەی پاپا, قەشەكان و روناكبیرانی نا كڵێسای (مرۆڤ خواز) كە نوێنەری بوون, رزگار بكات. بەدەربڕینێكی تر, ئەم بۆرژوازیە نەیتوانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ پێكەوە بنێت و لەئەنجامدا لە چوارچێوەی (سیستمی فیۆداڵی و كۆلسمۆپۆلیتیای سەدەكانی ناوەڕاستدا مایەوە.

ئازالینی دەنووسێت: "پێناسەكەی ئولپیان[68] و لەوەش ئاشكراتر ناوەڕۆكی یاداشتەكانی, بەتەنها پشتگیری لەشوناسی سەربەخۆو جیاوازی ئەم دوو رشتە زانستیە دەكەن: "مافە گشتیەكان بەندن بەدەوڵەتی كۆماری رۆمەوە. مافە گشتیەكان, دابونەرێتەكان قەشەو فەرمانداران دەگرێتەوە", كەواتە دەرئەنجام, لەنێوان زانستە سیاسیەكان و مافە بنەڕەتیەكاندا سەبارەت بە بابەتی ناسین (مەعریفە), نەك ناوەڕۆك, یەكێتییەك پایەدارە, چونكە رێساكانی ئەم دووزانستە بۆ تێكهەڵچونیان لەگەڵ پرسەكاندا,

www.pertwk.com

لەبنەڕەتدا جیاوازە. لەڕاستیدا بواری سیستمی یاسایی‌و بواری سیستمی سیاسی تەواو لێکجودان‌و لەگۆشە نیگای وەستاوەوەو وەك ئەنجامی سروشتی وەرچەرخانە دیاریکراوە مێژووییەکان, لێکدەداتەوە, لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی, هەرئەم ئۆرگانیزمە لە گۆشەنیگای بزۆزەوەو وەك بەرهەمێك تەماشا دەکات کە کەموکورتی‌و دەسکەوتەکانی شیاوی هەڵسەنگاندنن‌و لەسایەی پێویستیەکانی کات‌و گۆڕانەکانی داهاتوودا, شایانی گۆڕانن." کەواتە لە راستیدا دەکرێ بڵێین "سیستەمی یاسایی, دیدگایەکی شیکاری‌و بوونناسانەی هەیە, چونکە خەسڵەتی ڕاستەقینەی دەزگاگشتیەکان دەخاتە بەرلێکدانەوەوە", لەکاتێکدا "سیستەمی سیاسی دیدگایەکی رەخنەگرانەی هەیەو پرسەکان لە گۆشە نیگای زانستی ئەرکە ئاکاریەکانەوە تاوتوێدەکات. بەکورتی, سیستەمی سیاسی, هەڵسەنگاندنەکەی بەپێی پێوەرە بەهادارو تێبینەکردەییەکان کەلەناوخۆیاندا ناکرێ‌و نابێ یاساییبن پتەو دەکات."

وئەم دێوانەیەش خۆی بە ستایشکەرو شاگردی میکیاڤیل دەزانێت! تەنانەت وا وێنا دەکات کە تێفکرینی میکیاڤیلیشی بەرز کردۆتەوە!

"لەوشتانەی باسکران, وادەردەکەوێت, وێرای یەکێتی ڕوکەشی لەپێشدا گوتراو, لەناوەرۆك و ناواخنی ئەم دووڕشتەدا, جیاوازیەکی وا هەیە کە رەنگە بەهۆیەوە بتوانرێت بۆچوونی یەکێك لەگەورەترین یاساناسانی ڕەتبکرێتەوە سەبارەت بەوەی بەسەختی دەتوانرێت‌و یانی هەر لەبنەڕەتدا ناکرێ زانستی سیاسی بەتەواوەتی جیا لەمافە بنەڕەتیەکان بهێنرێتە ئاراوە. بە رای ئێمە بیرورای ئەم بیرمەندە تەنیا کاتێك راستە کە خوازیارببین لێکدانەوەکانمان لەم رادە (گشتی‌و هەمەکیەدا) ڕاوەستێنین, بەڵام ئەگەر هەنگاوێك بچینە پێشەوە و بواری پاوەنکراوی زانستە سیاسیەکانیش پێناسەو سنورداربکەین, ئەوکات ئیدی بیروڕاکەی سەرەوە هەڵە دەبێت.
``



لەڕاستیدا زانستی سیاسەت خۆی بە شرۆڤەکردنی دروستبوونی دەوڵەت لەگۆشە نیگای نارەخنەگرانەوەو پشتبەستوو بەزانستی ئەرکە ئاکاریەکان, سنووردار ناکات. بەواتایەکی تر, بەپێچەوانەی شێوازو ڕەوتگەی مافە بنەڕەتیەکان, زانستی سیاسەت خوێندنەوەکانی لێکۆڵینەوەکانی لە بوارڕێکی شیاودا واتە تاوتوێکردنی یاسامەندیەکانی پەیدابوون, نەشونماو رووخانی دەوڵەت, گشتگیر دەکات. سەرەڕای ئەوە, ناکرێ لافی ئەوەلێبدرێت کە ئەم لێکدانەوانە پەیوەندیان بە مێژووەوە (!) هەیە لە چەمکە بەرینەکەیدا(!) چونکە ئەگەر بەوەش قایلبین, کە دۆزینەوەی هۆو هۆکارەکان‌و پەیوەندیە بەرامبەرەکانی نێوان یاسا باڵادەستەکانی سەر خەسڵەت, و وەرچەرخانی دەوڵەت جۆرە توێژینەوەیەکی مێژووییە بەم حاڵەشەوە (زانستی) دۆزینەوەی ئامرازی گونجاو بەمەبەستی کۆنترۆڵی زانستی تەواوی ستراتیژی سیاسی, هەربەوجۆرە لەبواری پاوانکراوی پسپۆڕی سیاسیشدا دەمێنێتەوەو پەیوەندی بەزانستی مێژوو و مافەکانەوە نابێت. ئەمەش بەتەواوی هەمان کارە کە میکاڤیل مزگێنی ئامادەکردن‌و تەواوکردنی دابوو لەم گوزارشتانەی خوارەوەدا: (دەیسەلمێنم کە ئەم شازادە نشینانە چۆن شیاوی کۆنترۆڵ‌و حکومەتکردن) ئەم هەنگاوانە, لەبەر گرنگێتی پرسەکەو ئەو پێناسەیەی کە لێیکراوە, نەك تەنها پاساوی بۆ سەربەخۆیی زانستی سیاسەت هێناوەتەوە, بەڵکو لەوڕوانگە ڕاڤەکراوەوە جیاوازیەکی ئاشکرا لەنێوان ئەم زانستەو مافە بنەڕەتیەکاندا, دەهێنێتە ئاراوە. کەواتە ئەمەیە ماناو چەمکی سەربەخۆیی زانستی سیاسەت!

هەڵبەت بەگوتەی بەڕێز ئازالینی هەم زانستێکی سیاسەت هەیەو هەم هونەرێکی سیاسەتیش: "پیاوانێك پەیدادەبن, کە بەرژەوەندی و پێویستیەکانی وڵاتی ژێر دەسەڵاتیان بەیارمەتی دۆزینەوەو دیتنەوە تیگەیشتوون و تێدەگەن. ئەوانە لەکردەوەی حوکمڕانیدا دۆزینەوەو دیتراوە

www.pertwk.com

تایبەتی و ناوەکیەکانیان لەدەرەوە جێبەجێدەکرد. دیارە مەبەست لەوە نیە کەکاری بینراو و هونەری تەنها یان بەشێکی گەورەی چالاکیەکانی پێشەوایەك پێکدەهێنێت. مەبەستمان تەنها ئەمەیە کەدەبێت لەتەنیشت چالاکیە کردەوەیی و ئابووریو ئاکاریەکاندا, هەوڵدانە تیۆریە گوتراوەکانی سەرەوەش بەرەوپێش ببات (چ ئەم چالاکیە تیۆریە شێوەیەکی بینراو پەیدا بکاتو چ بەشێوەیەکی بابەتی رەنگبداتەوە!). ئەگەر کەسێك ئەم جۆرە مەرجانەی نەبێت, دیارە ناتوانێت وەك سیاسەتمەدارێكو لەپۆستی پێشەوایەکدا, درێژە بەژیانی بدات, بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیەی کە تواناگەلە ناوو ناوبانگی پێشەواکە بەتەواوەتی لەبەر هەبوونی ئەو تواناگەلە زگماکیەیەتی(؟) کەواتە لەبواری سیاسەتدا, شانبەشانی خاوەن زانستەکان کەلای ئەوان چالاکی تیۆریو مەعریفی بالادەستە, پیاوانی هونەریش کەلایان چالاکی تیۆری دیتن بالادەستە, دەژینو چالاکی ئەنجام دەدەن.

ئەوەی باسکرا هێشتا وەسفێکی گشتگیر نیە لەبواری هونەری سیاسەتدا, چونکە ناکرێ سیاسەت تەنها بەکاری ئەو پێشەوایانەوە سنووردار بکرێت کە بەهۆی چالاکیە گونجاوە دەوڵەتیەکانەوە, ئەو چەمکانەی دۆزینەوەو دیتنی لە دەرونیاندا خولقاندویەتی, نمای دەرەکی پێدەبەخشن, بەڵکو دەبێت ئەو نووسەرانە راستیە سیاسیە بینراوەکان, نەك لەڕێگەی کردەوەی سیاسیەوە, بەڵکوو لەڕێگەی ئەو بەرهەمو نوسینانەی کە ئەو دیتنانەیان وەرگێڕاوە, بەدیدێنن (لەڕیزی هونەرمەندانی سیاسەت لەقەڵەم بدرێن.) ئەم خاڵە سەبارەت بە "کامانکادای[69]" هیندی (سەدەی سێیەمی زایین)و هەروەها لەبارەی پەتراوارك[70], بەتایبەت لەبەرهەمەکەیدا لەژێر ناوی "ترا تارەلۆ پەی کارارەسی[71]"و دەربارەی "بۆترۆ[72]" لە "راجیۆن دی ستاتۆ[73]" داو تا رادەیەکیش دەربارەی میکیاڤیل مازینی راستی لەخۆ دەگرێت.

``



بەڕاستی پوچیەکی ئاشکرایە, بەلام ئەم قسە هیچو پووچانە نەك شایستەی میکیاڤیل نیە, بەڵکو پتر لە هەر کەس, شایستەی خودی بەڕێز "تیتۆنی" سەرنووسەری گۆڤاری "نۆئۆ ئەنتۆلۆژیا"یە. نازالینی نە لەفەلسەفەداو نە لەزانستە سیاسیەکاندا خێر لەشەڕ جیا ناکاتەوە.

من لەبەرئەوە ئەو یاداشتە دورو درێژانەم لەنوسینەکانیدا ئامادەکرد تا هیچ نەبێ لەم رێگەیەوە بتوانم گرێیەك لەکێشەکەی بکەمەوەو بۆ خۆشم هەندێ چەمکی تازە بدۆزمەوە.

بۆ نموونە, دەبێت ئەو ئاڵۆزیانە سەبارەت بەچەمکی (دیتن)ی سیاسیو "هونەر"ی سیاسەت لاببرێت. لەم پەیوەندیەدا, دەبێت هێندێك لەبیروڕاکانی بەرگسۆنمان لەبیر بێت: "تەنها عەقڵ دەتوانێت بەهەندێ واژەی وەستاوو بێجوڵەوە, وەرگێڕی ژیان (واتە واقیعیەتی بزۆز) بێت. عەقڵ بەدەوری ئەم راستیەدا دەسووڕێتەوەو لەگۆشە نیگای جۆراو جۆرەوە تێیدەڕوانێت, بەلام لەجیاتی دزەکردن بۆ بنچینەی ئەو راستیە, بەرەولای خۆی رایدەکێشێت. ئەوە تەنها (دیتنە) کە بەرەو قووڵایی ژیان رێنماییمان دەکاتو مەبەستم لە (دیتن) شتێك نیە جگە لە غەریزەی داماڵراو لەوابەستەبوون." "چاوەکانمان تایبەتمەندی بونەوەرێکی زیندوو وەردەگرن, بەلام لەجیاتی پەیوەندی ئۆرگانێك لە نێوان ئەم تایبەتمەندیانەدا, تەنها لەپاڵ یەکتردا ڕیزیان دەکات. (ئەم چاوانە) دەستەوەستانن لەتێگەیشتنی ئامانجو ناکامی ژیان, واتە ئەو جووڵە ساکارەی کە لەملاولای تانوپۆی هەر دیاردەیەکی زیندوودا تێپەڕ دەبێتو ماناو ئەنجامی پێدەبەخشێت, پەیامی هونەرمەندیش بەتەواوەتی تۆمارکردنی ئەم ئامانجو مەبەستەیە, ئەو, بە حەزێکی تایبەتەوە, خۆی دەخاتە ناو کرۆکی بابەتەکەوە (تاوتوێیدەکات)و بەکۆمەکی هێزی دیتنی خۆی, ئەو مەودایە تێدەپەڕێنێت کە کاتو شوێنی نێوان (ئەو)و سەرمەشقی لێکدانەوەی, داناوە. تێیدەپەڕێنێت, دیارە ئەمە راستیەکە کە تەنها (دیتنی

www.pertwk.com

جوانناسی) دەتوانێت ئەو شتانەی تایبەت بەتاکە کەسن زەوت و دەستەمۆ بکات." "سیمای دیاری عەقڵ، بێتوانایی سروشتی ئەو عەقڵەیە لەتێگەیشتنی ژیاندا، چونکە ئاشکراکەری دیاردەگەلی نابەردەوام و بێجوڵەیە".

دیارە لەنێوان دیتنی سیاسی و (دیتنی جوانناسی) و غەزەلی و هونەریدا جیاوازی هەیەو تەنها دەکرێ بەشێوەیەکی مەجازی قسە لەهونەری سیاسەت بکرێت. دیتنی سیاسی نەك لەهونەرمەندا بەڵکوو لە "ڕێبەر"یشدا خۆی دەنوێنێت. مانای ئەم دیتنە "ناسینی مرۆڤ" نیە، بەڵکو دەبێت وەك خێرایی و هۆشمەندی لە گرێدانی ڕووداوە بەڕوکەش بەڕواڵەت بێ پەیوەندیەکان و دۆزینەوەی ئامرازی پێویست بۆ ئامانجە دیارەکان و دیتنەوەی بەرژەوەندی تێکەوتووی هەر کێشەو خستنەکارو ڕێنماییکردنی جۆش و خرۆشی مرۆڤەکان لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم بەرژەوەندیانەدا، لێکبدرێتەوە. "کردەوەی" ڕێبەرێك (چ بەچەمکی ئەرێ و چ نەرێ، چ لە دەستپێکردن چ لەڕاوەستاندنی جوولەیەك لەپێناو یان پێچەوانەی ڕێڕەوی ئامانجی خوازراودا) "جیلوەگای" (تواناییەکانی)یەتی. دیارە لە سیاسەتدا، "ڕێبەر"هەم دەتوانێت تاکێك بێت و هەم دەزگایەکی سیاسی بەربڵاوتر بێت، بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی دەزگایەکی وەها، یەکێتی کردەوە لەلایەن تاکێکەوە (و جاروبار گروپێکی بچووك کە لەچوارچێوەکەیدا تاکە کەسێك هۆکاری پێکهێنانی هاوئاهەنگیە) بەدیدێت و لەوانەشە، سەرەڕای هەڵسووڕانی بەردەوام و یەکگرتووی ئەم گروپە، ئەو تاکە کەسە ناوبەناو بگۆڕدرێت.

ئەگەر بڕیار وابێت چەمکی میکیاڤیل سەبارەت بە شازادە بەزمانی سیاسەتی ئیمڕۆ وەربگێڕدرێت، ئەوکاتە دەبێت بەم جیاوازیانەی خوارەوە قایلبین: "شازادە" دەتوانێت سەرۆکی دەوڵەتێك، ڕێبەری حکومەتێکی یان



تەنانەت ڕێبەرێکی سیاسی بەئامانجی زەوتکردنی دەوڵەت یان پێکهێنانی دەوڵەتێکی تازەبێت، لەچەمکێکی وەهادا، دەکرێ شازادە وەك پارتێکی سیاسیش وەربگێڕدرێتەوە. لەهێندێك دەوڵەتدا، سەرۆکی دەوڵەت یان بەدەربڕینێکی تر، ئەو پۆستەی کەهاوسەنگی بەشێك لەو بەرژەوەندیە جۆراو جۆرانە رادەگرێ کەدژی بەرژەوەندی گروپی باڵادەست (دیارە نەك بەشێوەیەکی پاوانکراو) خەبات دەکات، بەتەواوەتی پارتێکی سیاسیە. دیارە بەم جیاوازیەی کە ئەم پارتە، لەچەمکی نەریتی مافە بنەڕەتیەکاندا، بەشێوەیەکی یاسایی نە ئیدارەو نە حکومەتی وولاتیشی بەدەستەوەیە. پارتێکی وەها، "دەسەڵاتی بەکردەوەی" هەیەو کار کردە هەژمونیەکانی لەئەستۆدایەو لەئەنجامدا ئەرکی هاوسەنگکردنی بەرژەوەندیە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنیشی گرتۆتە ئەستۆ. دیارە (لەهەلومەرجی وەهادا) لەنێوان "کۆمەڵگای مەدەنی"و کۆمەڵگای سیاسیدا، پەیوەندیەکی وا دانراوە کە خەڵك تێکڕا هەستدەکەن پارت، بەپێچەوانەی (ڕواڵەتە یاساییەکان) هەم دەوڵەت و هەم حکومەتیشی بە دەستەپایە. هەمیشە بەپێی ڕاستیەکی وەها بزۆز، چیدی ناکرێ دەستورێك، لەچەمکە نەریتیەکەیدا دابڕێژرێت، بەڵکو تەنها دەتوانرێت پرەنسیپ گەلێك بخولقێنرێت کە بەپێی ئەو پرەنسیپانە ئامانجی دەوڵەت، تەفرو تونا کردن و لەناوبردنی خودی دەوڵەتە، بەواتایەکی دی، لەخۆگرتنی دوبارەی کۆمەڵگای سیاسی بێت لەکۆمەڵگەی مەدەنی.

www.pertwk.com

# بەشی پانزدەیەم

## پەرلەمان و دەوڵەت

www.pertwk.com

پرۆفیسۆر میسکۆلژی[74]، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای هەنگاریا لە رۆما، لەوتارێکدا لە رۆژنامەی "ماگیار زەمل[75]"دا نووسیویەتی کە، لەئیتاڵیادا "پەرلەمان کە سەردەمێك بەناو لەدەرەوەی دەوڵەتدا بوو، ئیمڕۆش سەرەڕای ئەو رۆڵە بونیاتنەرەی کە هێشتا لەئەستۆدایە، لەناو دەوڵەتدا جێگەی کراوەتەوەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەپێکهاتەکەیدا بەدی هاتووە..."

لەزانستو هونەری سیاسەتدا، ئەم چەمکەی گوایە پەرلەمان دەتوانرێت لەدەوڵەتدا "جێبکرێتەوە"، دۆزینەوەیەکە تەنها شایستەی کریستۆف کۆلۆمبە کۆنەپەرستەکانی ئەمڕۆیە. بەڵام بەهەرحاڵ دەربڕینەکانی سەرەوە شایەتێکی ئاشکران، شێوە تێگەیشتنی کردەیی زۆرێك لەسیاسەتمەدارانی دەوڵەت. دەبێت ئەم پرسە، لەهەر دۆخێکدا بخرێتەڕوو داخۆ پەرلەمان، تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە تیایدا بەڕوکەش زۆرترین هێزی راستەقینەی هەیە، بەشێك لە بونیاتی دەوڵەتی پێکدێنێت؟ بەدەربڕینێکی تر، رۆڵی راستەقینەی پەرلەمان چیە؟ سەرەڕای ئەمە، ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەرێیە، کەواتە پەرلەمان کام بەشی بنیاتی دەوڵەتی پێکەێنیٚو کارکردەکانی چۆن ئەنجام دەدات؟ لەلایەکی ترەوە، ئەگەر پەرلەمان بەبەشێکی ئۆرڤانێك لەدەوڵەت ناژمێردرێت، ئایا لەبنەڕەتدا بوونی، بۆ دەوڵەت گرنگیەکی هەیە؟ لەکۆتایدا ئەو تۆمەتانەی دژی پەرلەمانتاریزمو سیستەمی حیزبی ئاراستەکراوون -وەك بەشێکی دانەبڕاوی پەرلەمانتاریزم- پشت بەکام بنەمایە دەبەستن؟ (دیارە مەبەستمان بنەما بابەتیەکانە، یان بەدەربڕینێکی تر، ئەو راستیانەیە کە دەوڵەت لەئەنجامدانی ئەرکە تەکنیکیەکانیدا روبەڕووی کۆسپو تەگەرە دەکاتەوە.)



ئەم خاڵە بەئاسانی قابیلی تێگەیشتنە کەچۆن سیستەمی پەرلەمانی دەتوانێت ببێتە (موی لووت) بۆ بیرۆکراتە پیشەییەکان، بەڵام باسەکە لەسەر ئەم خاڵە نیە، دەبێت ئەم خاڵە روونبکرێتەوە ئایا سیستەمی حیزبیو پەرلەمانی، کە دەبوایە میکانیزمێکی لەبار بوایە بۆ هەڵبژاردنی کارگێڕان لەپێناوی پێکهێنانی هاوسەنگی لەگەڵ فەرمانبەرە دانراوەکانداو کۆسپ بوایە لەبەردەم داڕزانی ئەم کارگێڕانەدا، نەبۆتە کۆسپێك کە لەڕاستیدا بە ئاراستەی پێچەوانەی (پەیامەکەی) هەڵدەسووڕێت؟و ئەگەر بەڕاستی ئاوایە، بۆچی ئەو گۆڕانە رویداوە؟ دەبێت لەبیرمان بێت کە تەنانەت وەڵامێکی راستیش بۆ ئەم پرسیارانە کۆتایی بەپرسەکە ناهێنێت، تەنانەت ئەگەر بەوەش قایلبین (کەدەبیٚ قایلبین)کە پەرلەمانتاریزم ناکاریگەرو تەنانەت زیانبەریشە، دیسان بەم ئامانجە ناگەین کەدەبێت سیستەمی بیرۆکراتی رێزی لێبگریٚو دروستبکرێتەوە. دەبێت لەم پرسە رابمێنین کەداخۆ پەرلەمانتاریزمو سیستەمی هەڵبژاردن هاوتان یان دەتوانرێت بە سیستەمێکی هەڵبژاردنی نویٚ، چارەسەرێکی تازە هەم بۆ پرسی پەرلەمانتاریو هەم بۆ سیستەمی بیرۆکراتی بدۆزرێتەوە؟

www.pertwk.com

# بەشی شانزدەیەم

## ڕەخنە لەخۆگرتن
## و
## ڕیاکاری ڕەخنە لەخۆگرتن

www.pertwk.com

ئەم ڕۆژانە ڕەخنە لەخۆگرتن بووە بە وێردی سەر زمان. بە ڕوکەش لاڤ ئەوە لێدەدرێت جێگرەوەیەکی بەدیهاتووە لەبار بۆ ئەو ڕەخنانەی کەسەرچاوەیان گرتووە لە خەباتی سیاسی "ئازاد" لەسیستەمێکی پەرلەمانیدا, جێگرەوەیەك ئەگەر بەشێوەیەکی جدی بخرێتەکارەوە, لەخودی بنەماکەشی پڕبارترو کاریگەر تر دەبێت[76]. بەڵام بابەتەکە لێرەدایە: دەبێت ئەم جێگرەوەیە بەجدی بەکار ببرێت, ڕەخنە لە خۆگرتن دەبێت کردەیی و بێبەزەییانە" بێت, چونکە کاریگەر بوونەکەی بەتەواوی بە بێبەزەیبوونەکەیەوە بەندە. بەڵام لەڕاستیدا, ڕەخنە لەخۆگرتن تەنها بۆتە بۆنەیەك بۆ ئاخاوتنە جەنجاڵی و دەربڕینە بێمایەکان. بەکورتی, ڕەخنە لەخۆگرتن (پەرلەمانتاریزە) کراوە. تا هەنوکەش هیچ کەس ئەم خاڵەی بەگوێدا نەدراوە کە لەناوبردنی سیستەمی پەرلەمانتاری کارێکی هێندە ئاسان نیە. پەرلەمانتاری "ئاماژەیی"و "شاراوە" چەندین پلە لە جۆرە ئاشکراکەی مەترسیدارترە, چونکە جۆری یەکەم هەموو زیانەکانی جۆری دووەمی, بێهیچ یەك لەبەهرەکانی لەخۆگرتووە. بەزۆری سیستەمی حزبی "ئامازەیی" یان بەدەربڕینێکی تر, پەرلەمانتاری "ئامازەیی و شاراوە" لەشوێنێکدا دەردەکەوێت کە کەمتر چاوەڕوانی دەکرێت. ئاشکرایە ناکرێ فۆرمێکی "ڕەسەن"ی وەك پەرلەمانتاری, بێڕیشەکێشکردنی ناوەڕۆکەکەی واتە تاك خوازی, لەنێو ببرێت. دیارە دەبێت ئەم تاك خوازیە لەچەمکی وردی واژەکەیدا, واتە لەبری "دەستێوەردانی تاك" سوودو دەستپێشکەری

``



ئابووری لەلایەن سەرمایەدارو بەمەبەستی سوودی تایبەتی, لەناو ببرێت. ڕەخنە لەخۆگرتنی ریاکارانە بەتەواوەتی سیمای دیاریکراوی وەها بارودۆخێکە. ئامارو ئەژمارەکان دەرخەری پەیوەندیە راستەقینەکانت. دیارە مەگەر ئەوەی لافلێبدەن هەموو جۆرە تاوانکاریەك ریشەکێشکراوە, و ژمارەی ئەو لافلێدانانەش (بەتوندی) ڕەتدەکەنەوە.

دەبێت هەموو پرسەکە بەتایبەت لەژێر تیشکی پەرلەمانتاریو سیستەمی حیزبی "ئامازەییدا" پێداچوونەوەی تێدابکرێت. ڕۆڵی ئەم سیستەمە ئامازەییە, وەك ڕۆڵی "بازاڕی ڕەش"و "بلێتەکانی یانسیبی نایاسایی" لەکاتێکدایە یانسیبی دەوڵەتی و بازاڕە ڕەسمیەکان, بەهۆیەك داخراون. لەڕوی تیۆریەوە, گرنگ ئەوەیە نیشانی بدەین لەنێوان ملهوڕی تێکشکاوی سیستەمە یاساییەکانداو ملهوڕی تازەدا, جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیەو ناکرێ لەم پەیوەندیەدا تەنها باس لە کۆنەپەرستی بکرێت. جگە لەوە, دەبێت ئەوە دەرخەین کە "پەرلەمانتاری ڕەش" بەرهەمی پێویستیە مێژووییەکانی هەلومەرجی هەنووکەییەو لەخۆیدا بەجۆرێك "پێشکەوتن" لەقەڵەم دەدرێت و گەڕانەوە بۆ "پەرلەمانتاری" نەریتی جۆرە کۆنەپەرستیەکی دژ بەمێژوو دەبێت, چونکە تەنانەت لەو هەلومەرجەدا کە "پەرلەمانتارە نەریتییەکان" بەڕەسمی سەرقاڵی "چالاکین", دیسان ئەوە هەمان پەرلەمانتاری ڕەشە کەبەڕاستی کاریگەری هەیە. بەڕای من دەکرێ پرسەکە بەپشت بەستن بە چەمکی "هەژمۆنی",و بەگەڕانەوە بۆ تیۆری پۆلێنخوازی ڕونبکرێتەوە دیارە نابێت ئەمجارە پۆلێنخوازی لە چەمکی رژێمی کۆندا بەکار ببرێت, بەڵکو

www.pertwk.com

دەبێت لەچەمکی تازەدا بەکار بهێنرێت، کەبەپێی ئەوە پۆل ناتوانێت بەشێوەی رابردوو، مەرزو سنووری داخراو و بەرتەسکی هەبێت. (هەڵبەت ئیمڕۆ) بەپۆلێنکردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ چوارچێوەگەلێکی بۆماوەیی و ... هتد، لەئارادایە. لەرابردووشدا ئەم چوارچێوانە رێژەیی بوون و تەنها سیمای زەق و ئاشکرای، هەمان "ئیمتیازی یاسایی" بوو. دەبێت لەکاتی باسکردنی ئەم پرسەدا، لەهەر جۆرە ئاماژەیەك کە بۆنی کەمترین پشتیوانیکردنی دیکتاتۆری لێدێت، پارێز بکرێت و دەکرێ بەجەختکرن لە خەسڵەتی "تێپەڕبووی" دیاردەکە، ئەم ئامانجە بەدەستبهێنرێت.

(هەڵبەت مەبەست لەخەسڵەتی تێپەڕبوو، کورتخایەنبوونی خولی بەردەوامبوونی نیە، بەڵکو تەنها مەبەست ئەوەیە (دیاردەی باس لێکراو) خولێکی (مێژوویی) پێکناهێنێت. (لەم پەیوەندیەدا، دەبێت لەبیرمان بێت کە "خولێکی نامێژوویی" لەگەڵ "کورت" بوونی خولی بەردەوامی دیاردەیەکدا بەهەڵە لێکبدەنەوە، لە کاتێکدا دەکرێ دیاردەیەك، وێڕای ژیانی مێژوویی تا رادەیەك درێژخایەنیشی، "خولێکی مێژوویی" نەبێت، جاروبار هێزە تێکدەرەکانی هێندێك رژێم گومانیان لێناکرێت، بەتایبەتی ئەوکاتەی ئەم "هێزە" خۆی بەرهەمی لاوازی (سەپێندراوی) ئەوانیترە. لەم پەیوەندیەدا دەبێت بیروڕاکانی "سەزار ئارۆسی" بەبیری بهێنرێتەوە[77]. گەرچی ئەم بیروڕایانە لە "دوا راڤەکردندا" هەڵەبوون، بەلام جۆرێك ریالیزمی کاریگەریان لەخۆ گرتبوو." پەرلەمانتاری رەش بابەتێکە کە دەهێنێت قسەیەکی زۆری

``



لەسەر بکرێت. باسێکی وەها، دەبێتە هەلێك تاکوو چەمکە سیاسیە پێکهێنەرەکانی تیۆری "پەرلەمانی" پێناسەو رونبکەینەوە. (لەم پەیوەندیەدا بەراوردکردنی ئەزموونی ولاتە جۆربەجۆرەکان سەرنج راکێشە، بۆ نموونەو داخۆ پاکتاوکردنی لیۆن داڤیدوی (تروتسکی) "لەهەمان کاتدا" نیشانەیەك نەبوو لە پاکتاوکردنی پەرلەمانتاری رەش کەدوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی "رەسمی" هاتبووە ئاراوە؟) (دەربارەی) راستی بابەتی و راستی یاسایی: ئەوە هێزانەی کە لە کۆمەڵگادا لەهاوسەنگیەکی ناجێگیردان، رەنگدانەوەی "یاسایی" ئەم هاوسەنگیە بەئانقەست "ئابووریەی" خۆیان لەپەرلەماندا دەبیننەوە؟، دەبێت ئەم بوارە یاساییە تەفرو تونا بکرێت، چونکە دەبێتە ناوەندی پێکێنان و، وروژاندنی هێزە بەزەبرو نا بێدارەکانی پێشوو. کەواتە لەناوبردنی ئەم ناوەندە، نیشانەو (پێشڕەوی) توندبوونی ململانێیە نەك بەپێچەوانەوە، کاتێك کەدەکرێ بەشێوازی یاسایی چارەسەر بکرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو ململانێیە ترسناك نیە، ململانێ بەتەواوی ئەوکاتە ترسناك دەبێت، کە بەردەوام بوونی هاوسەنگی یاسایی بە شتێکی ناحەتمی دیاریبکرێت. (دیارە ئەمە بەو مانایە نیە بەلەناوبردنی کەش نما، هەواکەش لەناو دەچێت.)

www.pertwk.com

# بەشی حەڤدەیەم

## دەوڵەت

www.pertwk.com

لەناو ئەو مەیلە مافناسیە تازانەدا بەتایبەت لەبەرهەمەکانی "ڤۆلپەچەلی"و "سپیرتۆ[78]" کە لە گۆڤاری "نۆئۆڤی ستادی[79]" دادیارە, دەبێت ئەو ئاوێتەبونەی کەلەنێوان چەمکی دەوڵەتی چینایەتیو کۆمەڵگای رێکخراودا روویداوە, وەك خاڵی دەستپێکردن سەرنجی پێبدرێت. ئەم سەرلێشێواویە بەتایبەت لەوتاری سپیرتۆدا, لەژێر ناوی "ئازادی ئابووری"دا بەڕونی دەردەکەوێت, ئەم وتارە سەرەتا کۆنگرەی نۆیەمی ئەنجومەنی پێشکەوتنە زانستیەکان, لەسەپتامبەری 1930 دا, لە "بۆڵزانۆ[80]" پێشکەشکراوەو پاشان لەژمارەکانی سەپتامبەرو ئۆکتۆبەری 1930 (نۆئۆڤی ستاریدا) بڵاوکراوەتەوە.

تا ئەوکاتەی دەوڵەتی چینایەتی دەسەڵاتی بەدەستەوەبێت, کۆمەڵگای رێکخراو ناتوانێت ئامادەگی هەبێت, مەگەر ئەوەی ئەم (رێکخراوییە) بەشێوەیەکی مەجازیو بەم چەمکە بەکاربهێنین کە لەدەوڵەتی چینایەتیش خۆی جۆرە کۆمەڵگایەکی رێکخراوە. خەڵکانی یۆتۆپیاخواز هەر لەو ساتەدا کەرەخنەیان لەکۆمەڵگای سەردەمی خۆیان دەگرت, بەباشی ئەم راستیەشیان دەرکدەکرد کە کۆمەڵگایەکی چینایەتی ناتوانێت کۆمەڵگایەکی رێکخراو بێت. ئاستی ئەم وشیاریە تا ئەو رادەیەیە کە لەتێکڕای ئەو کۆمەڵگایانەی وەك کۆماری شکۆمەند (یۆتۆپیا) خراوەتەڕوو, هەمیشە یەکسانی ئابوری وەك بنەمایەکی پێویست بۆ ئەو چاکسازیانە لەقەڵەم دراوە کەدەبێت ئەنجامبدرێت. ئەمجۆرە لایەنگرانەی یۆتۆپیا لەڕاستیدا چیدی بیرمەندانی پۆتۆپیایی نین, بەڵکو لێکۆڵەرەوەی بابەتین لەزانستی سیاسی داو بە رەخنەگرانی پەیگیری کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدرێن.

خەسڵەتی پۆتۆپیایی ئەندێشەی هێندێك لەوانە لەم راستیەدا شاراوەتەوە کە وایاندەزانی بەبەکارهێنانی یاسای سەرەڕۆیانەو ئیرادی, دەکرێ یەکسانی ئابووری بەدیبێت. بەڵام ئەو تیۆرەی کە پێیوایە یەکسانی کامڵ و رەهای



سیاسی بێ یەکسانی ئابووری دەستەبەر ناکرێت, تا هەنووکەش تیۆرێکی راستو دروستە. (دەکرێ ئەم تیۆرە لای هێندێك لەبیرمەندانی راستڕەویشدا بدۆزێتەوە. بەدەربڕینێکی تر, تەنانەت لەناو ئەو تاقمە لەڕەخنەگرانی دیموکراسی کە تێدەکۆشن بەکەڵك وەرگرتن لە سەرمەشقی سویسراو هۆڵەندا, داواکاری جیانگرەوەی سیستمەکەیان بسەلمێنن, ئەو تیۆرەی سەرەوە هەندێ لایەنگری هەیە.) لەناو بیرمەندانی سەدەی هەڤدەیەمیشدا ئەم تیۆرە لایەنگری هەبووەو بەئاشکرا "لۆدڤیکۆ زۆکۆلۆ[81]" لەکتێبی "ئیل بلووزی[82]" دا و تەنانەت میکیاڤیل, بەنموونەی ئەمجۆرە بیرمەندانە دەژمێردرێن, مەوراس[83] بەمجۆرە بەڵگە دەهێنێتەوە کە بەتەواوی لەبەرهەبوونی جۆرە هاوسەنگیو یەکسانیەکی ئابووری لە سویسرادا سیستەمی دیموکراسی دەرفەتی بۆ رەخساوە.

ئاوێتەبوونی چەمکی دەوڵەتی چینایەتیو کۆمەڵگای رێکخراو تایبەتە بەچینە ناوەڕاستەکانو روناکبیرە وردەکان کە دڵخوازانە خوازیاری هەرجۆرە رێکخستنێکن کەبتوانێت ببێتە کۆسپ لەبەردەم سەرهەڵدانی ململانێی توندو هەورازو نشێوی سەختدا, ئەمەش چەمکێکی پاشەکشەکەرو کۆنەپەرستە, بەر لە من, عاقڵانەترینو دیارترین ئەو شتەی کەدەکرێ دەربارەی دەوڵەتی "ئاکاری[84]و دەوڵەتی کلتوری بگوترێت, بەمجۆرەی خوارەوەیە: هەر دەوڵەتێك ئاکاریە, چونکە هەمیشە یەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی رەوشتو کولتووری جەماوەرە بۆ ئاستێکی دیاریکراو کە لەگەڵ پێویستییە کامڵبووەکانی هێزە بەرهەم هێنەکانی کۆمەڵگادا دەگونجێتو بەناچار لەخزمەتی چینە باڵادەستەکاندایە. لەم ڕووەوە, قوتابخانەکان, وەك کارکردی فێرکاری ئەرێتیو دادگاکانیش وەك کارکردنی سەرکوتکەرو فێرکاری نەرێتی دەوڵەت, بنەڕەتیترین چالاکیەکانی دەوڵەت پێکدێنن. بەڵام لەڕاستیدا چالاکیو دەستپێشکەری تایبەتی هەمەجۆری

www.pertwk.com

تریش، بەتەواوەتی هەمان ئامانج لەپێشدەگرن. ئەم چالاکیو دەستپێشکەریانە، بەگشتی، دەزگای هەژمونی کولتووریو سیاسی چینە بالادەستەکان پێکدێنن.

چەمکی هیگڵ سەبارەت بەدەوڵەت پەیوەندی بەسەردەمانێکەوە هەیە کەگەشەکردنو پەرەسەندنی بۆرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکەوتو لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاریو جیهانگرەوە بۆ (دەوڵەتی بۆرژوازی) لەژێر ئەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێتو لەکۆتاییدا رۆژێك هەموو جیهان دەبێتە بۆرژوازی، بەڵام لە راستیدا تەنها چینێك دەتوانێت دەوڵەتێکی ئاکاری بخولقێنێت کە لەناوبردنی خۆیو دەوڵەتی وەك ئامانج بۆخۆی لەبەرچاو گرتبێت، بەکورتی تەنها چینێکی وەها دەتوانێت دەوڵەتێکی وا بخولقێنێت) کۆتایی بە دووبەرەکی ناو هەژاران بێتو ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتیو وا پێکبێنێ کە لەیەکێتی تەکنیکیو ئاکاری بەهرەمەند بێت.

(دەربارەی) تیۆری هیگڵ سەبارەت بە پارتو ئەنجومەنەکان، وەك "داوە دەزوو" بەتایبەتەکانی (تانو پۆی) دەوڵەت: لەڕووی مێژووییەوە، ئەم تیۆرە لەئەزموونی سیاسی شۆڕشی فەرەنسا هەڵقوڵاوەو ئەو پەیامەی لەئەستۆدا بووە کە خەسڵەتێکی بابەتیتر بە بزاڤی یاساخوازی بدات.

دەربڕینێکی تر (بەپێی ئەم تیۆرە) دەبێت حکومەت لەپشتیوانیکردنو هاوتەبایی ژێر چەپۆکەکانیا بنەمایەکی هەبێت: بەڵام دەبێت ئەم پشتیوانیو هاوتەباییە ڕێکخراو بێتو ناکرێ تەنها لەچەمکێکی ناڕوونو نادیارداو تەنها لەکاتی هەڵبژاردنی خولەکاندا دەربڕدرێت. دەوڵەت لەپشتیوانی گەل بەهرەمەندەو ئەم پشتیوانی کردنەی دەوێت. بەڵام لەهەمانکاتدا، دەتوانیت لەڕێگەی کەناڵە حزبیو ئەنجومەنیەکانەوە، خەڵکی لەپێناوی ئەم پشتیوانی کردنەدا "بەبار بێنێت"، دیارە ئەم ئەنجومەنو پارتانە ئۆرگانیزمی تایبەتین



کە بەپێی دەستپێشخەری تایبەتی چینی بالادەست پێکدێن. لەڕاستیدا، هیگڵ بەمجۆرە دەستی لەچەمکی حکومەتی پشت بەستوو بە دەستووری تەنها هەڵگرتو چەمکی دەوڵەتی پەرلەمانی لەگەڵ سیستەمێکی حزبیدا، بەشێوەی تیۆرێك هێنایە ئاراوە. ئەم چەمکە لەحزبو ئەنجومەن نەیدەتوانی سەرەتاییو ناڕوون نەبێت، چونکە لەنیوەی ڕێگەکەدا، لەنێوان ئابووریو سیاسەتدا سەرگەردان مابۆوە. و سەرەڕای ئەوەش، تەنها لەئەزموونی مێژوویی سنووورداری سەردەمی خۆی، سەرچاوەی دەگرتو لەم پاساودانەدا تەنها نمونەیەك لەڕێکخراوێکی کامڵ، واتە "پۆلەکان" (وەك ڕێکخراوێك کەتێیدا سیاسەت راستەوخۆ لەگەڵ ئابووریدا پەیوەندی هەبوو) هاتبوە ئاراوە. ئەزموونە مێژووییەکانی مارکس ئەوەندە (یان لە بنەڕەتدا) سەرووتر لەئەزموونی مێژووییەکانی هیگڵ نەبوو. بەڵام مارکس، بەهۆی چالاکیە رۆژنامەنووسیو وروژێنەرەکانیەوە، لەجەماوەر تێدەگەیشت. چەمکی مارکس سەبارەت بەڕێکخراو توخمە هەمەجۆرانەی لای خوارەوەی دەگرتەوە: ڕێکخراوی پیشەیی، کلووپە ژاکوبینەکان، گروپە پیلانگێڕە بچووك و نهێنیەکان، ڕێکخراوە رۆژنامەنووسیەکان.

لەشۆڕشی فەڕەنسادا، دوو جۆر ڕێکخراو لەبرەودا بوون: لەلایەك، "کلووب گەلێك" هەبوون کە لە راستیدا چەشنە ڕێکخراوێکی بێ دیسپلین بوو و لەتوێی چەمکی "شوورا جەماوەریەکاندا" هەڵدەسووڕاو بەگشتی لەسەر تەوەری کەسایەتیە سیاسیە ناسراوەکاندا پێکهاتبوو. هەر کام لەم (ڕێکخراوانە) رۆژنامەیەکی بڵاو دەکردەوەو لەڕێگەیەوە سەرنجو حەزی کڕیارە تایبەتیەکانی کە ژمارەو سنوورێکی ئەوەندە دیاریشیان نەبوو، رادەکێشاو دەیپاراست. کڕیارەکان رۆژنامەیەکیان دەخوێندەوەو لە کۆبوونەوەکانی کلووبدا، پشتیوانیان لە هەڵوێستو بیروڕاکانی دەکرد. بێگومان لەناو ئەو تاکانەی هەمشە لەکۆبوونەوەکانی کلووبدا ئامادە دەبوون،

www.pertwk.com

گروپی بچووکی گردبۆوە پێکدەهات کە تاکەکانیان هۆگری یەك دەبوون‌و لەدەرەوەی کۆبوونەوەکانی کلووبشدا, کۆدەبوونەوەو بۆ نموونە بۆ پشتیوانی کردن لە رەوشێك, لەکۆبوونەوەی گشتیدا ئامادەکاریەکی پێویستیان بۆ ئەو دۆخە دەکرد. ئاشکرایە خەسڵەتی ئەم ئامادەکارییە, بەگوێرەی هەلومەرجی دیاریکراو و بەرژەوەندی هاوبەشی دەگۆڕا.

لەلایەکی ترەوە, گروپگەلێکی پیلانگێڕی نهێنی بچووك هەبوون, کەبەر لە 1848, لەئیتاڵیاشدا برەوێکی زۆریان سەندبوو و لەفەرەنساشدا, دوای سەردەمانی تەرمیدۆر, و لەناو لایەنگرانی پلە دووەمی ڤاکوبینەکاندا پەرەی سەند. بێگومان لەسەردەمی ناپلیۆندا, بەهۆی کۆنترۆڵی توندی پۆلیسەوە, پێکهێنانی ئەم گروپانە لەگەڵ دژواری زۆرتردا رووبەڕوو بوو, لەکاتێکدا کە لە 1815 وە تاوەکوو 1830, لەبەر بوونی کەشێکی لیبراڵیانەو ئاسوودە بوون لە کەڵکەڵەکان ئەم گروپانە ئاسانتر دروستدەبوون. هەر لەو سەردەمەشدا واتە لە 1815 وە تاکو 1830, لە ئۆردووی سیاسەتدا, توێژبەندی گشتی بەدیهات. تەنانەت لە "رۆژە درەوشاوەکان"ی 1830[85]یشدا ئەم توێژبەندیە تێبینی دەکراو بەوردی لەم رۆژانەدا, تێکڕای ئەو رێکخراوانەی کەبەدرێژایی پانزدە ساڵی پێشوودا پێکهاتبوون, هەموو بەیەکجاری راگەیەندران. لە 1830 تا 1848 ئەم تەوژمی توێژبەندیە تەواو بوو و نموونەگەلێکی زۆر کامڵبووی وەك "بلانکی[86]"و میلیۆبوئۆناڕۆتی[87] بەبەرهات.

هەرچەند ئەم ئەزموونانە بەشێوەیەکی زیندوو, لەبەرهەمەکانی مارکسدا رەنگیان داوەتەوە, بەڵام پێناچێت هیگڵ سەبارەت بەوانە زانیاریەکی سەرەتایی هەبوبێت. بەتەواوەتی ئەو شۆڕشەی چینی بۆرژوازی لەچەمکی یاساو لەو رێگەیەشەوە لەکارکردنی دەوڵەتدا پێکیهێنا, بەوردی لەم پرسەی مەیلی هاودەنگیدا دەرکەوتووە (و ئاکاری دەوڵەت و یاساش هەر لەمەوە



سەرچاوەی گرتووە.) لەبنەڕەتدا چینە باڵادەستەکانی رابوردوو لەم لایەنەوە پارێزگار بوون کە مەیلیان بەدروستکردنی پەیوەندی ئۆرگانێك لەنێوان خۆیان‌و چینەکانی تردا نەبوو, یان بەدەربڕینێکی تر مەیلیان بە پەرەپێدانی بواری تەکنیکی‌و ئایدۆلۆژی چینەکەی خۆیان نەبوو: چەمکی ئەوانە (لەچین) پتر هاوشێوەی کەم‌و کوڕیەکی داخراو بوو. لەبەرامبەردا, بۆرژوازی خۆی وەك ئۆرگانیزمێکی هەمیشە بزوێنەر دەخستەڕوو, کە دەتوانێت تێکڕای کۆمەڵگا لەخۆبگرێت‌و لەگەڵ ئاستی کولتوری‌و ئابووری خوازراوی خۆیدا هاوئاهەنگیان بکات. بەمجۆرە, (لەسەردەمی بۆرژوازیدا) کارکردی دەوڵەت لەبناغەوە گۆڕا: دەوڵەت گۆڕا بە "مامۆستا"یەك.

(دەربارەی ئەوەی کە)چۆن ئەم رەوتە راوەستێنراو گەڕانەوە بۆ چەمکی دەوڵەت وەك هێزی زەبر ئاسای تەنها, چینی بۆرژوازی "تێر" بووە, ئەم چینە نەك تەنها چیدی پەرە ناستێنێ, بەڵکو روو لە رووخانە, نەك تەنها توخم گەلی تازە لەخۆ ناگرێت, بەڵکوو پارچەگەلێکی خۆشی لەدەستدەدات (یان لانیکەم ئەوەی لەدەستیدەدات پترە لەوەی کە بەدەستیدێنێت). (پرۆلیتاریا بەناوی) ئەو چینەی کە بەڕاستی لافلێدەری توانایی لەخۆگرتنی کاملی کۆمەڵگایەو دەتوانێت بەکردەوە پرۆسەیەکی وا بخاتەگەڕ, چەمکی دەوڵەت‌و یاسا بەم شێوەیە کامڵدەکات کە مزگێنی کۆتایی هاتنی دەوڵەت‌و یاسا دەدات, چونکە کارکردەکانی دەوڵەت و یاسا, هەردوك بەسەرچوون‌و تەواوبوون‌و کۆمەڵگای مەدەنی بەرەولای خۆی رایاندەکێشێت.

بەخوێندنەوەی کتێبی ئەم دواییەی "دانیەڵ هالەڤی[87]", لەژێر ناوی "نابوتبوونی ئازادی"دا, دەکرێ پەی ببرێت بەخەسڵەتی تاك رەهەندی چەمکی رەمەکی دەوڵەت, و ئەو هەلە زەقانەی لە دیدگایەکی وەهاوە سەرچاوە دەگرن. من لەم دواییەدا لە "نۆئوڤەل لیستەرەیر[88]"دا رەخنەیەکم لەسەر ئەم کتێبە خوێندەوە. بەڕای هالەڤی "دەوڵەت" واتە دەزگای

www.pertwk.com

نوێنەرایەتی, پاشان ئەم راستیە دەدۆزێتەوە کەگرنگترین رووداوەکانی فەرەنسا, لە 1870 وە تاوەکو ئەمڕۆ, دەرئەنجامی چالاکی دەزگا سیاسیەکان نەبووە کە لەڕای گشتی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە, بەڵکو لەدەست تێوەردانی ئۆرگانە تایبەتەکان (وەك کۆمپانیا سەرمایەداریەکان و ناوەندی فەرماندەیی سوپا)و کارمەندانی پایەبەرزی نەناسراوەوە سەرچاوەی گرتووە ئەم راستیە چ شتێك دەردەخات, جگە لەمەی کەنابێت چەمکی "دەوڵەت" تەنها بەدەزگای حکومیەوە سنووردار بکرێت, بەڵکو دەبێت تێکڕای دەزگا "تایبەتەکانی" هەژمۆنی, یان بەکورتی کۆمەڵگای مەدەنیش لەم چەمکەدا بگونجێندرێت؟ ئەو رەوتە ئایدۆلۆژیە راستڕەوە دیکتاتۆرخوازانەیەی کەخوازیاری بەهێزکردنی هەرچی زیاتری هێزی جێبەجێکەری دەوڵەتن, زادەی بیروڕایەکن کەلەبەر دەست تێوەرنەدان و دواکەوتن لەڕەوتی رووداوەکان رەخنە لەدەوڵەت دەگرێت. بەهەرحاڵ, دەبێت کتێبەکەی هالەڤی بخوێندرێتەوەو بزانرێت ئایا ئەویش هەنگاو بەو ئاراستەیەدا هەڵدەگرێت یان نەخێر. دیارە بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەکانی (وەك هاودەردی لەگەڵ سۆرەل و مەوراسدا) چارەنوسێکی وەها بۆ ئەو, هێندە بەدور نازانرێت.

"کۆرزیۆ مالاپارتە[89] لەپێشەکی کتێبە بچووکەکەیدا, لەژێر ناوی تەکنیکی کۆدێت, بەڕوکەش وەها لافلێدەدات کە فۆرمولی "هەموو شتێك لەچوارچێوەی دەوڵەتدا نەلەدەرەوەی و نەلە دژیشی" هاوتای ئەم وتەیەیە کە "لەو جێگایەی ئازادی هەیە, دەوڵەت نیە" بێگومان ناکرێ لەوتەی دووەمدا ئازلی لەچەمکە ناسراوەکەیداو بەمانای "ئازادیە سیاسی و ئازادیە چاپەمەنیەکان" لەقەڵەم بدرێت, بەڵکوو دەبێت لەبەرامبەر چەمکی "پێویستی"داو لەچوارچێوەی بیروڕاکانی (ئەنگلسدا)دابنرێت, بەتایبەت کاتی قسەکردن لەمەڕ تێپەڕین لەیاسای پێداویستیەوە بۆ یاسای

``



ئارەزومەندانە[90]. دیارە مالاپارتە سوودی لەگرنگێتی بیروڕاکانی ئەنگلس وەرنەگرتووە (22–1931).

لەم مشتومڕە (رووکەشەدا) سەبارەت بە کارکردەکانی دەوڵەت (کەدەوڵەت لەچەمکی سنوورداری سیاسی – یاساییەکەیدا وێنا دەکەن), زاراوەی "دەوڵەت وەك ئێشکگری شەو" هاوتای زاراوەی ئیتالی "دەوڵەت وەك پۆلیس, سەرەتا لە لایەن لاسالەوە خرایەڕوو کرا. چەمکی ناکۆکی ئەم زاراوەیە "دەوڵەتی ئاکاری" یان "دەست تێوەردان خواز", بەڵام لەنێوان خودی ئەم دوو چەمکەشدا جیاوازی هەیە. سەرچاوەی چەمکی دەوڵەتی ئاکاری, فەلسەفی و رۆشنبیرانەیە (هی رۆشنبیرانە: هیگل)و دەتوانێت لەخاڵێکدا لەگەڵ چەمکی "دەوڵەت بەناوی ئێشکگری شەودا" بەیەك بگەن چونکە (ئەم چەمکە) ئاماژە بەچالاکیە سەربەخۆو فێرکاری و ئاکاریەکانی دەوڵەت دەکات و لەبەرامبەر کۆسمۆپۆلیتاخوازی و دەستێوەردانی رێکخراوە مەزهەبی قەشەییەکاندا, وەك پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست, دایدەنێت. چەمکی دەوڵەتی دەستتێوەردان خواز سەرچاوەیەکی ئابووری ناسیۆنالیستی و پشتیوانی (لە سەرمایە نەتەوەییەکان)دەکرێن, و لەلایەکی تریشەوە, چەمکی دەوڵەتی دەستتێوەردەر چاودێری ئەو کۆششانە دەکات کە ئامانجی سەپاندنی کادرێکی دیاریکراوە لەفیۆداڵ و خاوەن زەویەکان بەسەر رێکسختنە دەوڵەتیەکاندا, و بە روکەش دەیەوێت لەم رێگەیەوە, لەبەرامبەر توندڕەوی سەرمایەداریدا, "پشتیوانی" لە کرێکارەکان بکات, (سیاسەتی بیسمارك و دیزرائیلی[91]).

دیارە رەنگە ئەم مەیلە جۆراو جۆرانە بەشێوەگەلێکی جیاواز تێکەڵ بکرێن و لەڕاستیشدا بەزۆری وابووە. بێگومان لیبراڵەکان ("ئابووری ناسان") لایەنگری چەمکی "دەوڵەت بەناوی ئێشکگرەوەن" و حەزدەکەن ئەم کارە مێژووییە بدرێت بە کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزە هەڵقوڵاوەکانی و دەوڵەت لە

www.pertwk.com

ڕۆڵی گەرەنتیێ جیێبەجیێکردنی "ڕێساکانی گەمە" و دابینکردنی گەمەیەکی دادپەروەرانەدا دەردەکەوێت. بەگشتی ڕووناکبیران لە نێوان ئەوبوارە جۆراوجۆرانەی کە تیایدا لیبراڵو دەستێوەردەخوازن, سنوور و مەودایەکی دیار کراو دادەنێن (وەنگە لە بواری ئابووریدا لیبراڵ بن و لەبواری کولتووریشدا دەست تێوەردەرخواز بن.)

کاتولیکەکان حەزدەکەن دەوڵەت, لەبەرگری کردنی سەداسەری بەرژەوەندەکانیان بەتوندی دەست تێوەردەربێت, بەپێچەوانەی ئەمەو بەتایبەت ئەوکاتەی کە کەمینە بن, خوازیاری دەوڵەتێکی "بێلایەنن" لانیکەم لە پشتیوانیکردنی بەرهەڵستکارەکانیان خۆ بپارێزێت.

ئەم بەڵگەیەی خوارەوە شیاوی تێڕامانە: ئایا چەمکی دەوڵەت بەناوی ژەندرمەی ئێشکگری شەو (لە ئێستادا قسەکردن لەسەر چەمکە مشتومڕ هەڵگەرەکانی ژەندرمەو ئێشکگری شەو دادەنێین بۆ هەلێکیتر) تەنها چەمکێك نیە کە لەسەرووی چەمکی دەوڵەتی "ئابووری– پۆلێنی"دا هەنگاوی هەڵگرتووە؟

ئێمە ئێستا لە خەمی دیاریکردنی پرسی یەکسان و چونیەك زانینی دەوڵەتو حکومەتداین. ئەم چونیەکزانینە, نیشانەیەکە لەبیرکردنەوەی ئابووری–سەندیکایی, وەدەربڕینێکیتر, نیشاندەری تێکەڵبوونی واتاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵگەی سیاسیە. دەڵێت ئەوەمان لەیادبێت کە چەمکی گشتی دەوڵەت, ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە دەبێت بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی راڤە بکرێت (بەتایبەت ئەگەر دەوڵەت وێرای کۆمەڵگەی مەدەنیش بەیەکسان بزانین لەهەمبەر کۆمەڵگەی سیاسیدا, دەربرینێکی تر, دەوڵەت بەهاوتای ئەو هەژمۆنیە بزانین کە بەهرەمەندە لە گرتنەبەری پشتگیریکردنی بەزەبردا.) ئەو بەڵگەیەی سەرەوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە دەوڵەت بەژاکاووتواوە لە کۆمەڵگەی ڕێکخراو تێدەگات, بەڵگەیەکی بنەڕەتیە.



لە قوتابخانەیەکی وەهادا, دەکریێ وێنای ئەو ڕۆژە بکرێت کە توخمی زەبر ئاسای دەوڵەت, هەموو ڕۆژێك زیاتر کاڵدەبێتەوە, و لەبەرامبەردا, توخمەکانی کۆمەڵگەی ڕێکخراو (یان دەوڵەتی ئاکاری یان کۆمەڵگەی مەدەنی) هەموو ڕۆژێك زیاتر روخساری دەردەکەوێت.

کەواتە لەراستیدا چەمکەکانی "دەوڵەتی ئاکاری" و "کۆمەڵگەی مەدەنی" دەربڕی ئەم ڕاستیەن کە هەرکات, بیرمەندانی گەورەی سیاسی مافناسی, لە بواری زانستی رەسەندا بیریانبکردایەتەوە, ئەوا وێنای "دەوڵەتی" بێدەوڵەت لایان شکڵیدەگرت. دیارە (ئەوکۆمەڵگەیەی وێنایان دەکرد) لە یۆتۆپیایەك زیاتر نەبوو, چونکە پشتی بەم گریمانەیە بەستبوو کە هەموو مرۆڤەکان بەراستی یەکسانن‌و ناچار لەباری ئاکاری و عەقڵیەوە هاوئاستو هاوتەرازن و دەتوانن بەشێوەیەکی خۆوروژێنەر, وبیێ پێویست بوونی زەبرو فشاری چینەکانی تر, یاساکان, وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ لە ئاگایی, پەسەندو جێبەجێدەکەن.

دیارە دەبێت ئەم خاڵەمان لەبیربێت کە زاراوەی "ئێشکگری شەو" بۆ ئاماژەکردن بەدەوڵەتە لیبراڵ داهێنراوەکانی لاساڵ, و بەکورتی, (دروستکراوی زەمینی) بیرمەندێکی دۆگمایی و نادیالیکتیکی و دەوڵەت زەدەیە. (دەبیێ لەم پەیوەندیەدا لەبیروڕای گشتی لانساڵ سەبارەت بەدەوڵەت و جیاوازی لەگەڵ بیرواکانی مارکسیزمدا بەوردی تێڕامێنین[92].) لەو قوتابخانەیەدا کە دەوڵەت بەرەنگدانەوەی کۆمەڵگەی ڕێکخراو دەزانێت, سەرەتا دەبێت قۆناغێك تێپەڕێنین کە تێیدا دەوڵەت هاوسان‌و یەکسانە لەگەڵ حکومەتدا و هاوتای کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتو پاشان دەچێتە قۆناغی دوهەمەوە کە تێیدا دەوڵەت رۆڵی ئێشکگری شەوی لەئەستۆدایەو لە پۆستی ڕێکخستێکی زەبرئاسادا دەردەکەوێت کە زامنکەری وەرچەرخانی بەردەوامی هێزە گەشەکەرەکانی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوەو پلە بەپلە, بواری دەسەڵات و

www.pertwk.com

دەستتێوەردانە جەبرئاساکانی خۆی سنووردار دەکات. دیارە بەهۆی ئەم وەرچەرخانەوە, و لەبەر ئەم راستیەی کە سەردەمێکی نوێی ئازادی ئۆرگانێك خەریکە دەستپێدەکات, نابێت وەها بیربکرێتەوە کە لیبرالیزمێکی نوێ لە دەستوری ئەوڕۆژەدا جێیگرتووە[93].

ئەگەر ئەمە راستیەکە کەهیچ دەوڵەتێك ناتوانێت خۆی لە تێپەڕاندنی قۆناغێکی سەرەتایی ئابووری– سەندیکایی بپارێزێت, کەواتە دەکرێ ئەوە هەڵێنجرێت کە سەرەتا, ناوەرۆکی هەژمۆنی سیاسی بۆ ئەو گروپە تازەیەی کە دەوڵەتی تازەی بنیاتناوە, بەگشتی لەسەر تەوەری سیستەمی ئابوری دەسوڕێتەوە. ئەوشتەی لە قۆناغێکی وەهادا, دەخرێتە بەرنامەی رۆژەوە, نوێکردنەوەی بینای پەیوەندیە بابەتیەکانی گەلە لەلایەکەوەو, جیهانی ئابووریو بەرهەم هێنانە لەلایەکی ترەوە. توخمە سەرخانیەکان لەم سەردەمەدا کەمن, وئەوەی هەیە, خەسڵەتی ئامادەکاری و ململانێی هەیەو بەهەرحاڵ, توخمێکی "بەرنامەرێژکراوی" ئەوتۆ لەخۆناگرێت. بەگشتی سیاسەتی کولتووری نیگەتیڤ دەبێت و شێوەی رەخنەکردنی سەردەمانی رابردوو دەگرێتە خۆیو دەیەوێت سەردەمی رابردوو وێرانبکات و لەبیرەوەریەکان بیسڕێتەوە.

پرۆژەی بینای دیدی (کۆمەڵگە) تەنها لە گشتیترین هێڵەکانیدا رووناك دەبێت و تەنانەت لەم هێڵانەشدا, بەهەرحاڵ بەردەوام لەپێناوی یەکخستنی هەرچی وردتری لەگەڵ بینای ڕوو لە پێکهێنانی کۆمەڵگەدا, گۆڕانی بەسەردا دێت (ودەبێت بەسەریدا بێت). لەسەردەمی کۆمۆنەکانی سەدەکانی ناوەراستی (ئیتالیادا), ئەم پرۆسەیە بەتەواوی بەدینەهات, چونکە کولتوور, کە لەبواری دەسەڵاتی کڵێسادا مابۆوە, خەسڵەتێکی دژە ئابووری هەبوو (واتە, دژی سەرمایەداری نوێکار بوو.) خەریکی ڕێگرتن بوو لەم گۆڕین و وەرچەرخانە, بەمجۆرە بوو کە (لە ئیتاڵیادا) مرۆڤ خوازی و (ڕێنیسانس)



خەسڵەتێکی کۆنەپەرستانەی گرتەخۆی, چونکە هەردوو بزاڤەکە دەربڕی شکستی چینی تازەو ڕەتکردنەوە سیستمێکی تازە بوو بۆ ئەم چینە.

پرسێکی تر کە دەبێت تاوتوێبکرێت, ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیکیەیە کەلەنێوان سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتێکدا هەیە. داخۆ ئەمە سیاسەتە ناوخۆییەکانن کە سیاسەتی دەرەکی دیاریدەکەن, یان بە پێچەوانەوە؟ لەم پەیوەندیەدا دەبێت لەنێوان هێزەگەورەکانو شێوە جۆربەجۆرەکانی حکومەتدا جیاوازی دابنرێت (بۆ نموونە حکومەتێك وەك ناپلیۆنی سێیەم, بەڕوکەش لەدووجۆرە سیاسەت پەیڕەویدەکرد: لەناوخۆدا. سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەو لەدەرەوەشدا سیاسەتێکی لیبراڵی هەبوو).

(دەربارەی) هەلومەرجی دەوڵەت پێشو پاش شەڕ, ئاشکرایە لە ئیتلافو یەکێتیدا, کاری گرنگ بۆ دەوڵەت ئەو دۆخەیە کە لەکاتی ئاشتیدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە. ڕەنگە ئەو هێزەی کە لەسەردەمی شەڕدا هەژموونی لەدەستدا بووە, لەئەنجامی ئەولاوازیەی لەڕەوتی ململانێوە هەڵقولاوە, هەژمونەکەی لەدەستداوەو بەزۆر بەهەژمۆنی بوونی هێزێکی "ژێردەست" کە لەدرێژەی شەڕدا زیرەکتر یان بەختەوەرتر بووە, قایلدەبێت. ئەم پرسە بەتایبەت لەشەڕە جیهانیەکاندا روودەدات, واتە ئەوکاتەی کە دەوڵەتێك هەموو هێزەکانی دێنێتە ناو گەردوونەوە و لە ڕێگەی یەکێتیو هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی تردا لەشەڕەکەدا سەردەکەوێت, بەڵام لەکاتی سەرکەوتنەکەدا, جگە لە دەوڵەتێکی تێکشکاو و لاوازکراو, شتێکی تر نیە.

بەتەواوەتی هەرلەبەرئەمەیە کە لەپەیوەندی لەگەڵ چەمکی " هێزی گەورەدا" پێویستە فاکتەری جۆراوجۆر, بەتایبەت فاکتەری هەمیشەیی" و بەکورتی "فاکتەرە بەزەبرە ئابووریو داراییەکان" و ژمارەی دانیشتوان لەبەرچاو بگیرێت.

www.pertwk.com



# بەشی هەژدەیەم

# پێکهێنانی
# ئەنجومەنە نەتەوەییەکان

www.pertwk.com

هەروەك لەشوێنێكی دیكەدا گوتومە, ئەگەر پارت و ئەنجومەنێك لە چەمكە بەربلاوەكەیدا لەبەرچاو بگرین, ئەوكات دەكرێ بەئاسانی لافی ئەوە لێبدرێت كە لەهیچ كۆمەڵگەیەكدا, هیچكەس ناڕێكخراوو ناوابەستە نیە بە چوارچێوەیەكی حیزبییەوە. بەگشتی نێو ڕێكخستنە جۆراوجۆرە ئامادەكانی هەر كۆمەڵگەیەدا (كە لەبنەڕەتدا دابەشدەبن بەدووجۆری سروشتی و پەیمانی یان خۆبەخشی, یەكێكیان بەشێوەیەكی ڕەها یان ڕێژەیی زاڵ و بالادەستەو لەپۆستی دەزگای هەژمۆنی گروپێكی كۆمەلایەتیدا, لە بەرامبەر جەماوەری گەلدا, هەڵدەسووڕێت و وەك بناغەی دەوڵەت, لە چەمكە سنووردارە حكومەتی– زەبرئاساكەیدا, بەكاردەبرێت.)

زۆرجار وا ڕێدەكەوێت كە تاكەكان ئەندامی پتر لە ئەنجومەنێكن و هەندێجاریش تەنانەت لە هەندێ ئەنجومەندا ئەندامن كە لەڕووی چییەتیەوە ناكۆك و جیاوازن. سیاسەتێكی تۆتالیتار بەتەواوی لەپێناوی ئەم ئامانجانە لای خوارەوەدا هەنگاو دەنێت:

1–زامنكردنی ئەم خاڵەی ئەندامانی پارت بتوانن تێكڕای ئەو خواستانەی پێشتر لە كەناڵی ئەنجومەنە جۆراوجۆرەكانەوە دابینیاندەكرد, تەنها لەچوارچێوەی خودی حیزبدا بە دوایدا بگەڕێن.

2–لەناوبردن یان لەخۆگرتنی هەموو ڕێكخراوەكانی تر و دانانی هەموویان لە ژێلا پۆستی (تاكە) پارتێكدا كە بەناوی ڕێكخەرو چاودێری پاوەنكاری كارەكانەوە هەڵدەسوڕێت. لەبارودۆخێكی وەهادا, یەكێك لەم دوو دۆخەی خوارەوە دێتە ئاراوە:

1–دەكرێ ئەو پارتەی قسەی لەسەردەكرێ خۆی گوێزەرەوەو پشتیوانی كولتوورێكی نوێ بێت و لەئەنجامدا بكەوێتە قۆناغێكی پێشكەوتنخوازەوە.

``



2–پارت بیەوێت لە تۆتالیتەر[94]بوونی هێزێكی تر, كە گوێزەرەوەی كولتوورێكی نوێیە, ڕێگە بگرێت و ناچار پارتێكی وەها خەسڵەتێكی خۆپارێزو و كۆنەپەرستی دەبێت و لەم نێوەدا گرنگ نیە كە كۆنەپەرستی نكوڵی لە چییەتی خۆپارێز و "كۆنەپەرستانەكەی" بكات (كە بەگشتی دەیكات) و خۆی وەك گوێزەرەوەی كولتووری نوێ لەقەڵەم بدات.

"لۆیجرئەینۆدی[95]" لە ژمارەكانی ئایارو حوزەیرانی 1931 ی گۆڤاری "ریفۆرماسۆسیالدا"[96] كتێبێكی فەرەنسی لە ژێر ناوی "ئەنجومەنەكانی ولات: ڕەخنەی لەوخوێندنەوەیە گرتووە كەسەبارەت بەتوخمە پێكهێنەرەكانی ولاتی فەرەنسا كراوە.

لەم كتێبەدا هێندێك لەم ئەنجومەنانە– دیارە تەنها ئەوانەی كە بەرەسمی هەڵدەسورێن– تاوتوێكراوون. (بۆ نموونە, داخۆ خوینەرانی ڕۆژنامە, جۆرە ئەنجومەنێك پێكناهێنن؟)بەهەرحاڵ, تا ئەو ڕادەیەی كە پرسەكە تاوتوێكراوە, پێویستە كتێب و ڕەخنەكەی (ئەینۆدی)ش بخوێنرێتەوە.

www.pertwk.com

# بەشی نۆزدەیەم

# یاسادانەر کێیە؟

www.pertwk.com

دەبێت چەمکی "یاسادانەر" لە چەمکی "سیاسەتمەدار"دا بەهاوتا بزانرێت. لەمەوە کە هەموو مرۆڤەکان "بوونەوەری سیاسین", کەواتە لەهەمان کاتدا یاسا دانەریشن. بەڵام لەم نێوەدا دەبێت بە هێندێك جیاوازی قایلبین. "یاسادانەر" مانایەکی رەسمیو مافناسی دیاری کراوی هەیەو بەوکەسانە دەگوترێت کە, بەپێی یاسا, دەسەڵاتی نووسینی یاسای تازەیان هەیە.

بەڵام دەکرێ ئەم چەمکە مانای دیکەش لەخۆ بگرێت.

هەر مرۆڤێك بەگوێرەی چالاکی خۆی و لەوڕووەوەو کە دەژی و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەگۆرێت (ولایەنگەلێکی لێدەگۆڕێتو درێژە بەهەندێ روخساری دیکەی دەدات), "رێسا" دەخوڵقێنێتو یاساگەلێك بۆ ژیان و رەفتار دادەنرێت. دیارە, رەنگە بواری چالاکی یەکێکیان سنووردار بێتو چالاکی ئەویدیکەیان بەربڵاوبێتو هۆشیاری ئەو لەهەمبەر ئاواتو ئامانجەکانیدا زۆرتر یان کەمتر بێت, جگەلەوە, دەسەڵاتو بواری نوێنەرایەتیکردن هەندێجار فراوانو جاروباریش سنووردارەو رەنگدانەوەی "رێسا خوڵقێن" و رێکخراوی ئەم دەسەڵاتە, بەپلەی جیاواز, لەلایەن ئەوکەسەی کارەکەی پێسپێردراوە جێبەجێدەکرێت. باوك لەبەرامبەر کوڕدا حوکمی یاسادانەری هەیە, بەڵام دەسەڵاتی باوکانە و ئاستی پەیڕەویکردنو هۆشیاربوون لەم دەسەڵاتە لەبنەماڵە جۆربەجۆرەکاندا جیاواز دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی, دەکرێ بڵێین کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤە ئاساییەکان و ئەوانەی– بەئاشکرا یاسادانەران, لەم راستیەدا شاراوەتەوە کە گروپی دووەم نەك تەنها ڕێنمایەکان دادەڕێژێت کە لەحوکمی رێساگەلێکدان بۆ ڕەفتاری ئەوانیدی, بەڵکو بۆ "سەپاندنی" ئەم ڕێنماییانەو چاودێری کردن بەسەر ڕاستی جێبەجێکردنیاندا, هێندێك ئامراز دەخوڵقێنێت. لەگروپی دووەمدا, زۆرترین بەشی دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕاستیدا لە



دەستی ئەو تاقمە کادێرە (هەڵبژێراو و هەمیشە)ییانەی دەوڵەتدایە کە هێزە یاساییە زەبرئاساکانی دەوڵەتیان لەبەردەستایە. بێگومان ئەمە بەومانایە نیە کە ڕێبەرانی ڕێکخراو و دەزگا "تایبەتەکان" ئامرازی سزادانی زەبر ئاسایان لەدەستدا نیە, بەڵکو بەپێچەوانەوە, ئەم (سزا) تایبەتیانە دەکەونە ناو شەبەنگێکی بەرینەوە و تەنانەت فەرمانی لەسێدارەدانیش دەگرنەوە.

کۆتایی دەسەڵاتی یاسادانان ئەوکاتە دێتەدی کە ڕێکخستنی سیستەماتیکی رێنماییەکان لەگەڵ رێکخستنێکی تا دواڕادە ریك‌وپێکدا بۆ جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەم ڕێنماییانە هەرهەنگاو و هاوڕەوتبکرێت. زیاد لەمانەش ئامادەکاریەکی دوورودرێژ پێویستە تا ئەوجەماوەرەی کە دەبێت بەم رێنماییانە بژینو هاوهەنگاو و هاوڕەوت بکرێت. زیاد لەمانەش ئامادەکاریەکی دوورودرێژ پێویستە تا ئەو جەماوەرەی کە دەبێت بەم ڕێنماییانە بژینو هاوئاهەنگبن, ئەم ڕێنوێنیانە بەشێوەیەکی "خۆوروژێنەر" وەربگرن. ئەگەر هەرکەس لە چەمکێکی فراواندا یاسا دانەر بێت, کەواتە تەنها وەرگرتنی رێنمایییەکانی ئەوانیتر ڕەتکەرەوەی خەسڵەتی یاسادانەری خودی ئەو نیە, دیارە بەومەرجەی ئەو لەساتی جێبەجێکردنی رێنماییەکاندا, ئەوانی دیکەش ناچار بەجێبەجێکردنیان بکاتو دوای تێگەیشتنی گەوهەری (رێنماییە تازەکان) برەوسان پێبدات و وەك یاساگەلی باڵا دەست بەسەر بوارێکی دیاریکراو و سنوورداری ژیانیشدا, بانگەشەیان بۆ بکات.

www.pertwk.com

# بەشی بیستەم

# دین, دەوڵەت, پارت

www.pertwk.com

هیتلەر لە "نەبەردی من"دا دەنووسێت: "پێکهێنان و لەناوبردنی ئاینێك، کارێکی یەکجار گرنگترە لە پێکهێنان و لەناوبردنی دەوڵەتێك، چ جای پارتێك...". (ئەمە تێڕوانینێکی رووکەش‌و نارەخنەگرانەیە. سێ توخمی ئاین (یان چەمکێکی "کارا" لەجیهان)، دەوڵەت‌و پارت لێکجیانەکراوەن‌و لەوەرچەرخانی راستەقینەی مێژوویی – سیاسیدا، هەمیشە تێپەڕبوونێکی پێویست لەیەکێکیانەوە بۆ ئەوی تریان دەبینرێت.

لەبیروڕاکانی میکیاڤیلدا، و لەزمان‌و شێوازی ژیانی سەردەمی ئەودا، دەکرێ ئەوە ببینین کە هاوچەشنی‌و پەیوەندی بەرامبەری نێوان ئەم سێ توخمە دەرککرابوو لەدەستدانی رۆح لەپێناوی دەوڵەت‌و کۆمەڵگادا، لەخۆیدا توخمێکە لە تێفکرینی رەهای لائیسك (نائاینی)و بەشێکە لەچەمکی ئەرێ‌و نەرێی جیهان (کە پێچەوانەی ئاین‌و وێناکاری بالادەستی (کۆمەڵگا) کاردەکات). لە دونیای مۆدێرندا، پارت کاتێك بەڕاستی پارتە – دیارە مەبەستی لەڕێکخراێکی کامڵە نەك فراکسیۆنێك لە رێکخراوێکی گەورەتر – کەشێوەبەندی‌و رێکخستن‌و کارەکەی وابێت کە بتوانێت، ببێتە دەوڵەتێکی کامڵ (و مەبەست دەوڵەتێکی کامڵەو نەك رەهەندە تەکنیکیەکانی حکومەت)و وێنایەکی تەواو لەجیهان.

وەرچەرخانی پارت بۆ دەوڵەت، کاریگەری لەسەر پارت دادەنێ‌و ئەو حیزبە ناچار بە گۆڕان‌و تازەکردنەوەی بەردەوامی رێکخستنەکەی دەکات، هەر بەو جۆرەی گۆڕانی پارت‌و دەوڵەت بەوێناکاریەکی کامڵ لەجیهانیش (پێداویستییەکی وا دەسەپێنێت). دیارە مەبەست لە گۆڕانی پارت بەوێناکاریەکی کامڵ لەجیهان ئەوەیە کە لەشێوەی بیرکردنەوەو کردەوەیدا

``



گۆڕانێکی کامڵ‌و مۆلووکولی (تاك)پێکبێت ئەم گۆڕانانە کاریگەری بکاتەسەر پارت‌و دەوڵەت‌و ناچاری تازەکردنەوەی بەردەوامی رێکخستنیان بکات‌و پرسی تازەو نوێیان بۆ فەراهەمبکات. ئاشکرایە بەکردەوەدا، داڕشتنی ئەم چەمکە لەجیهان، لەگەڵ کۆسپی دەمارگیری کوێرو یەکلایەنەی "پارتدا" یان دارو دەستەو فراکسیۆنی پارتێك کە ململانێی تێدا ئەنجامدراوە) ڕووبەڕووە. بەدەربڕینێکی تر (بوونی ئەم دەمارگیریانە) بەمانای نەبوونی چەمکێکە لەدەوڵەت‌و جیهان، کە بتوانێت، لە شەڕگەی پێویستی مێژووییدا، بگۆڕێت‌و پێبگات.

دەکرێ ئەم رۆژانە لەژیانی سیاسیدا، شایەتحاڵێکی فراوان بێت لەسەر هەبوونی ئەمجۆرە چوارچێوەو کەموکوڕیە هزریانەی کەبووە هۆی ململانێیەکی سەخت و هەر لە کەناڵی ئەم ململانێیەوەیە کە بەکردەوە وەرچەرخانی مێژوویی بەدیدێت.

بەڵام رابردوو، بەتایبەت رابردووی ئیتاڵیا، کەپتر لەهەر شوێنکی دی جێی سەرنجمانە، لەسەر دەمێ میکافیلی بەدواوە، پڕە لەمجۆرە ئەزموونە دەوڵەمەندانە، بەهەرحاڵ هەموو مێژوو لەحوکمی شایەتحاڵێکدایە بۆ (واقیعییەکانی – راستیەکانی) ئەمڕۆ.

www.pertwk.com

## بەشی بیست و یەکەم

# دەوڵەت و پارتەکان

دەکرێ کارکردنی پارتەکان لەڕێگەی دابینکردنی هەژمونی یان رێبەرایەتی سیاسیدا, بەپێی وەرچەرخانی ژیانی ناوخۆیی خودی پارتەکان بنرخێنرێت. ئەگەر دەوڵەت ئاشکراکەری هێزی زەبر ئاساو سزادەری پەیوەندیە یاساییە بالادەستەکان بێت بەسەر کۆمەڵگادا, کەواتە پارتەکانیش – کە لەراستیدا رەنگدانەوەی پاڵپشتی گروپێك لەدەستە ژێرەکانی (کۆمەڵگان), بەمجۆرە یاسا گەلەوە رێکخستنەکانیان بە جۆری لە کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی دەزانن کە دەبێت کۆمەلانی خەڵك دەرهەق بەچاکەو سوودەکانی باربهێنرێن – دەبێت لەژیانی ناوخۆیی خۆیاندا بیسەلمێنن کە پابەندی هەمان پرەنسیپی ئاکاریین کە دەوڵەتێك ئەوانە بەپێویستی یاسایی ناودێردەکات. لەپارتەکاندا, پێویستی دەبێتە ئازادیو لەهەناوی وەرچەرخانێکی وەهاوە دیاردەی دیسپلینی ناوخۆی پارت لەدایکدەبێت کە بەهایەکی سیاسی لەڕادەبەدەری هەیە (بەتایبەت بۆ کاری رێبەرایەتی), سەرەڕای ئەوەش, ئاستی ئەم دیسپلینە خۆی بەیەکێك لەرێساو پێوانە سوودمەندەکان دادەنرێ بۆ دیاریکردنی بەزەبری گەشەکردنی ئەم پارتانە. لەم دیدگایەوە, دەکرێ پارتەکان بەفێرگەیەك بزانرێت بۆ ژیانی دەوڵەت. توخمە پێکهێنەرەکانی ژیانی پارتەکان (بەمجۆرەی خوارەوەن): خەسڵەتی (خۆڕاگرتن لەبەرامبەر فشاری کولتوورە بەسەر چووەکاندا) شەرەف (ئیرادەی بێ پەروا لەپاراستن و پەرەپێدانی کولتوورو شێوازی ژیانی نوێدا): ئابڕوو (هۆشیاربوون لەبەرامبەر ئامانجە خوازراوە بالاکان). (32 – 1931).

www.pertwk.com



# بەشی بیست و دووەم

## ئەزموونی دەوڵەتداری(97)

www.pertwk.com

(دەربارەی) هەڵسوکەوتی هەریەك لەگروپە کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر بەدەوڵەتەکانیان: لەزمان و کولتووری قۆناغە مێژووییە جۆراو جۆرەکاندا دەوڵەت لەهەردوو شێوەی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسیدا, دەردەکەوێت و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم شێوە دوو فاقیەش لێکدانەوەکانمان ناتەواو دەبن. واژەی "ئەزموونی دەوڵەتداری" بەهەڵسوکەوتێکی دیاری کراو دەرهەق بە "حکومەتی کارگێڕان" یان کۆمەڵگای سیاسی دەگوترێت, دیارە لەزمانی رەمەکیدا, ئەزموونی دەوڵەتداری بەشێوەیەك لەهەمان ژیانی سیاسی دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێ و بۆ ئاماژە پێکردنیشی, هەمان چەمکی دەوڵەت بەکار دەبرێت و تێکڕای دەزگای دەوڵەتیش لەژێر پۆششی ئەم چەمکەدایە.

ئەو لافلێدانەی کە گوایە دەکرێ دەوڵەت لەگەڵ تاکەکانی (گروپێکی کۆمەڵایەتیدا) بەیەکێك بزانرێت و بەبەشێك لەکولتوورێکی زیندوو لەقەڵەم بدرێت (واتە بەشێك لەبزاڤێك بەئاراستەی بنیاتنانی شارستانیەکی تازەو جورمێکی نوێ لەمرۆڤ و هاووڵاتی) دەبێت لە هەمانکاتدا لەخزمەتی هەڵسەنگاندن و ناسینی ئەو ئیرادەیەدابێ کەتێدەکۆشێت, لەبەستێنی کۆمەڵگای سیاسیدا, کۆمەڵگایەکی مەدەنی داڕێژراو و رێکخراو پێکبێنێت و لەم کۆمەڵگا مەدەنیەشدا تاکەکان بتوانن, حوکمی خۆیان بکەن و ئەم حوکمی لەسەرخۆ کردنەیان, نەك تەنها لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا نەکەوێتە ناکۆکیەوە, بەڵکوو ببێتە درێژە پێدەری سروشتی و بەشێکی ئۆرگانێکی. بۆ هێندێك لەگروپە کۆمەڵایەتیەکان کە درێژخایەنی گەشەکردنی کولتووری و ئاکاری سەربەخۆ بەهرەمەند نەبوون, ئەزموونی دەوڵەتداری نەك تەنها پێویستە بەڵکو بەدەسکەوتێکی گەورەش دادەنرێ. دەکرێ حەقیقەتی ئەو جۆرە گروپانە لەسەدەکانی ناوەڕاستا, واتە لەکاتێکدا بدۆزرێتەوە کەبەهۆی

``



ئامادەگی حکومەتە دیکتاتۆرەکان گروپ یان چینێکی دیاریکراو ئیمتیازاتی یاسایی تایبەتیان هەبوو). ئەم ئەزموونی "دەوڵەتداریە" شتێك نیە جگە لەهەمان شێوەی ناسراوی ژیانی دەوڵەت یان لانیکەم سەرەتای ژیانی سەربەخۆی دەوڵەتێك و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نیە کە بەر لە بەدەستهێنانی ژیانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەدیهاتنی ئاسان نەبوو. هەڵبەت ناکرێ ئەم ئەزموونی دەوڵەتداریە بخرێتە لاوە, و بەتایبەت نابێت رێگەبدرێ لەژێر پەردەی بیروڕایەکی دەمارگیردا, وەك شتێکی هەمیشەیی لەقەڵەم بدرێ. دەبێت بەتەواوەتی رەخنە لەم چەمکە بگیرێت تا لەم رێگەیەوە هەندێ شێوەی نوێ لەژیانی دەوڵەتی بێتەئاراوە کەتێیدا دەسپێشخەری تاك و گروپەکان, بێئەوەی بەتەواوی زادەی "حکومەتی کارگێڕان" بێت خەسڵەتێکی دەوڵەتی لەخۆ بگرێت (بەواتایەکی تر, دەبێت دەوڵەت خۆ وروژێنەر بێت)[98].

www.pertwk.com

# بەشی بیست و سێیەم

## "شایستەیی" چینە باڵادەستەکان

www.pertwk.com

لەبەرئەوەی چونیەکبوونی دەوڵەتی چین بەئاسانی شیاوی تێگەیشتن نیە سەیر ئەوەیە کە چۆن حکومەتێك (دەوڵەتێك) دەتوانێت ئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەبوایە پەنجا ساڵ پێشتر روویبدایە، بکاتە بۆنەیەك بۆ پاساودانو برەوپێدانی پێگەو شایستەیی ئەو چینەی نوێنەریەتی، لەکاتێکدا (ئەم دواکەوتنە) دەبوایە شایەتحاڵی ناشایستەیو هۆی شەرمەزاریان[99] بوایە، ئەم کێشەیە حەقیقەتی ئەو کەسە لەخۆدەگرێ کە مرۆڤێك بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەبرسێتیو قاتوقڕی رادەگرێتو دواجار لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا خۆشەویستیەکەی لەدڵدەگرێت. لەژیانی تایبەتیدا بێگومان ئەمجۆرە رەفتارانە تانەو تووڕەیی زۆری بەدواوە دەبێت، بەڵام سەبارەت بە دەوڵەت، دەبێتە شایەتحاڵی ناشایستەبوونی. سەرەڕای ئەوەش وەك ئەوە وایە کەسێك دوای پەنجا ساڵ، تازە دەست بە "خۆشوشتن" بکات، بەڵام خۆی لەو کەسانەی پەنجا ساڵە خەریکی ئەو کارەن بە پانترو شایستەتر بزانێت. لەم رۆژانەدا، گوێمان لەهەندێ قسەدەبێت بەتایبەت دەربارەی سیستەمی زێرابو بینا گشتیەکانو شەقامەکانو تێکڕای ئەو شتانەی ئامرازی بنەڕەتی کۆمەڵگان، بەزوڕناو کەرەناوە رادەگەیەنن کە کۆمەڵگاکەمان لەڕێگەی دابینکردنی ئەم ئامرازە بنەڕەتیانەوە هەنگاوی ناوەو تەنانەت بەتانەوە بەخەڵکانی تر دەڵێن: ئەگەر توانیتان، ئێوەش بیکەن. لەکاتێکدا وڵاتانی تر ساڵانێکی درێژخایەن کە ئەم ئامرازە بنەڕەتیانەیان دابینو دروستکردووە و بێگومان ناتوانن وەك ئێمە کار بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم راستیە وەك شایەتحاڵی "نەزۆك" بوونیان دەخرێتەڕوو.

بەهەرحاڵ ئەم راستیە، بایەخێکی تیۆریو کردەیی فراوانی هەیە کە یەك دەوڵەت/ حکوومەت، لەوساتەدا کە وەك هێزێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، لەهەمانکاتدا تێکڕای پلەوپایەی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو چینەی کە نوێنەریەتی. ئەگەر خوازیار بین چەمکی دەوڵەتمان بەشێوەیەکی کاملو



واقعبینانە تاوتوێکردبێت، دەبێت ئەم لایەنەی پرسەکەش بەتەواوی راڤە بکەین. سەرەڕای ئەوەش، ئەم دیاردەیە ئاوارتەیەو نموونەیەکی تایبەت نیە و دەکرێ لەڕیزی کارکردی دەستەبژێو پێشەنگەکانەوە، یان بەدەربڕینێکی تر لەچەمکی ئەرکەکانی پارتێك لەپەیوەندی لەگەڵ ئەو چینەی کە نوێنەریەتی، لەقەڵەمبدرێت. چینێکی وەها وەك راستیەکی بەدیهاتووی ئابووری (واتە خەسڵەتی بنەڕەتی هەموو چینەکان) هەندێجار لەوانەیە پلەوپایەی ئاکاریو مەعریفی نەبێتو نەتوانێت هەژمونی خۆی جێگیر بکاتو دەوڵەتی خوازراوی خۆی پێکبێنێت.

پەیامی پادشایەتی، تەنانەت لەسەردەمانی تازەشدا لەم راستیەی سەرەوە هەڵقوڵاوە ئەم دیاردە تایبەتەی خوارەوەش (بەتایبەت لە ئینگلتەرەو فەرەنسادا) هەر لەم راستیەوە سەرچاوە دەگرێت: هەندێجار کادری رێبەری بۆرژوازی، وەك چینێك کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستەوەیە، لەو خاوەن زەویانە پێکدێت کەهەرچەند لەسەنگەری زاڵو باڵادەستی ئابووری پێشوویان رەتێنراوون (پۆنکەرەکانو لۆردەکان)و هەرچەند لەڕێگەی پیشەسازیو بانقە تازەکانەوە، شێوەی نوێی هێزی ئابووریان بەدەست هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بۆرژوازیدا ئاوێتە نەبوونو بەیەکگرتویی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکاندا ماونەتەوە.

www.pertwk.com



## بەشی بیست و چوارەم

# هونەرە جوانە مێژووییەکان

www.pertwk.com

لەهەر رەخنەو شرۆڤەکردنێکی هەڵوێستە فەلسەفیەکانی کرۆشەدا, هەڵوێستە کردەییەکانی توخمێکی بنەڕەتی دیاریکەرن, لەلای کرۆشە, فەلسەفەو ئایدۆلۆژیا سەرئەنجام دەبنە یەك و فەلسەفە کەمدەبێتەوە بۆ "ئامرازێکی کردەیی" لەپێناوی ڕێکخستن و کارداو بەتایبەتی (وەك گلێك بۆ) ڕێکخستنی نێونەتەوەییەکان و دیاریکردنی ڕێڕەوی جموجوڵیان. لەڕاستیدا ووتاربێژی کرۆشە لەکۆنگرەی فەلسەڤ ئۆکسفۆردا[100], مانیفێستێکی سیاسی بوو کە ڕووناکبیرانی هەموو وڵاتانی, بەتایبەت ئەوروپای بۆ پێکەوەنانی یەکێتیەکی نێو نەتەوەیی بانگهێشتدەکرد. بێگومان ڕێکخستنێکی وەها دەبێتە حیزبێکی گرنگ بەڕۆڵێکی یەکجار هەستیارەوە.

لەسەردەمانی تازەدا (لەئەمڕۆدا) دەکرێ دیاردەیەك ببینرێت کەلە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەناکۆکی نێوان (هێزە) "فانی"و "مەعنەویەکان" ناسرابوو. دیارە هەر بەو ئاستەی ژیانی تازە ئاڵۆزترە لەژیانی سەدەکانی ناوەڕاست, ئەم دیاردە تازەشە لەرابوردوی خۆی ئاڵۆزترە. گروپە کۆمەڵایەتیە خۆپارێزو نەریتخوازەکان, بەشێوەیەکی فراوان, کەمدەبنەوە بۆ قۆناغی ئابووری – پۆلێنی خۆیان, لەکاتێکدا گروپە پێشکەوتنخوازو داهێنەرەکانیش لەقۆناغی سەرەتایی ئابووری – پۆلێنی خۆیاندا ماونەتەوە. ڕووناکبیرانی نەریت پەرست, هەرڕۆژ پتر لەو چینە کۆمەڵایەتیە دوور دەکەونەوە کەتا بەر لەوەش ئەو چینەیان بە گشتگیرترین و واڵاترین شێوە خستبووەڕوو, و هۆشیاریەکی بەربڵاویشییان بەدەوڵەت بەخشیبوو.

بەم هەنگاوانە, ئەم (ڕووناکبیرانە) بەکردەوە دەستیان داوەتە کارێکی مێژوویی مەزن, ئەوانە بوونە هۆکارو پاڵپشتی قەیرانی یەکجارەکی دەوڵەت. بەڵام ئەم ڕووناکبیرانە, بەپێچەوانەی کلێسا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا, نە ڕێکخراوێکیان هەیەو تەنانەت نە شتێکی نزیك بە ڕێکخراویش و دەرئەنجام



قەیرانی ئیمڕۆ پلە بەپلە لەقەیرانی ئەو سەردەمە قووڵترە. قەیرانی (سەدەکانی ناوەڕاست) چەند سەدە درێژەی کێشاو تەنها ئەوکاتە لەشۆڕشی فەرەنسادا, کۆتاییهات کە ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی لەدرێژایی ئەم سەدانە وەك مۆتۆڕی ئابووری ئەوروپا کاریکردبوو, خۆی بەشێوەی دەوڵەتێکی "کامڵ و تەواو" دەرخست و لەتەواوی ئەو هێزە مەعریفی و ئاکاریانە بەهرەمەندبوو کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئادیدیال پێویست بوو.

ئیمڕۆ (ئەو هێزە) "مەعنەویانەی" کە خۆیان لە (هێزە) "فاتیەکان" جیادەکەنەوەو خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن, دیاردەیەکی نائۆرگانیکن, ئەوانە ناوەندێتیان نیەو بە سەرلێشێواو ناجێگیر لەقەڵەم دەدرێن کە پێکهاتوون لەکەسایەتیە ناسراوە کەلتوریەکان, ئەوانە بێ (پاپا)و بێ سەرزەمینن.

دیارە پرۆسەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی تازە, پلە بەپلە کارەساتبارترە لەپرۆسەی سەدەکانی ناوەڕاست, چونکە پرۆسەی دووەم تەفروتونابونێکی هاوکات بوو لەگەڵ لەدایکبووندا, بەتایبەت ئەگەر ئەو گروپە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوە لەبەرچاوبگرین کە مۆتۆڕی وەرچەرخانی مێژووبوو و هەروەها ئەو جۆرە حکومەتەی کە لەدرێژەی سەدەکاندا لەئەوروپادا پێکهاتبوو. دەوڵەت (لەسەدەکانی ناوەڕاستا)ناوەندێتی ئیمڕۆی نەبوو و دەبێت لەجیاتی دەوڵەتی باڵادەست, بە "فیدراسیۆنی چینە باڵادەستەکان" ناودێر بکرێت.

ئەو خاڵە شایانی تێڕامانە کە تا چ ڕادەیەك "واقعگەرایی" "جەنتیلە" لەگەڵ قۆناغی پۆزەتیفی دەوڵەتدا یەك دەگرێتەوە, لەکاتێکدا "کرۆشە" خاڵی بەرامبەری ئەم تیۆرە دەخاتەڕوو.

جەنتیلە لەبەر چەمکی "یەکێتی کردەوە" هەموو ئەو شتانەی کرۆشە بە "دژە مێژوو"ی دەزانێت, وەك مێژوو وێنایدەکات. مێژوو لای "جەنتیلە" مێژووی تەواوی دەوڵەتەکانە لەکاتێکدا لەلای کرۆشە مێژوو خەسڵەتێکی "ئاکاری – سیاسی" هەیە. بەواتایەکی تر, کرۆشە دەیەوێت لەنێوان

www.pertwk.com

کۆمەڵگای مەدەنی و سیاسیدا و لەنێوان هەژمۆنی و دیکتاتۆریدا جیاوازی دابنێت. (ئەو پێیوایە) لەڕاستیدا هەژمون لەدەست ڕووناکبیرانی گەورەدایەو ئەم ڕاستیە پێویستی بەجۆرە سازش و هاوتەباییەکی کاراو خۆبەخشانە (ئازاد)هەیەو بەکورتی، ڕژێمێکی لیبراڵ و دیموکرات لەخۆ دەگرێ. بەڕای جەنتیلە لەپرۆسەی مێژوودا، قۆناغی پۆلێنی – ئابووری دەوڵەت قۆناغێکی ئاکاری و هەژمونی دیکتاتۆری جیانەکراوەیەو زەبرو زەنگ و هاوتەبایی چونیەك و یەکسانن و کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆمەڵگای سیاسی لێکجیان کرێتەوە تەنها دەوڵەت –و ئەویش هاوتای حکومەت– بوونی هەیە.

هەمان ناکۆکی کەلەبواری فەلسەفیدا لەنێوان بیروڕاکانی کرۆشە و (جەنتیلە)دا هاتۆتە ئاراوە، لەبواری ئابووری – سیاسیدا لەنێوان بیروڕاکانی "ئەینۆدی" و پەیڕەوانی جەنتیلەدا سەریهەڵداوە. بیروڕای سپیرتۆ(101) سەبارەت بەوەی کە هاوولاتیان تێکڕا کارگێڕی دەوڵەت، ڕاستەوخۆ لەقایلنەبوون بەجیاکردنەوەی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی و لەنێوان هەژمونی سیاسی و حکومەت و دەوڵەتی سیاسیدا، هەڵقولاوە. بە واتایەکی تر، ئەم بیروڕایە، بەرهەمی هەڵوێستێکی دژەمێژوو و هەڵهاتنە لەمێژوو کە لەبیروڕاکانی سپیرتۆدا، سەرەڕای لافلێدان و مشتومڕە جەنجاڵیەکانی، شاردراوەتەوە.

سپیرتۆ بەم ڕاستیە قایلنابێت، چونکە هەرجۆرە موڵکایەتیەکی تایبەتی، بەهەرحاڵ وابەستەیە بە دەوڵەتێکەوە، کەواتە تەنانەت لەبیروڕای ئابووری زانە کلاسیکە (بۆرژوازیەکانیشدا)، ئەم دەوڵەتە لەهەر چرکەساتێکدا دەستوەردەداتە ژیانی ئابووری کۆمەڵگا، کە بزوێنەری بەردەوامی ڕاگواستنەوەی داراییە تایبەتیەکانە. تیۆری بەتەواوەتی سپیرتۆ واتای گەڕانەوەیە بۆ هەمان جۆری ئابووری زەدە کە (ئەو) نەیارەکانی خۆی پێتاوانبار دەکات. دەبێت سەرنجی ئەم خاڵە بدرێت کە هەڵوێستەکانی



سپیرتۆ لەبنەڕەتدا، هەڵگری جەوهەری "ئەمریکا خوازیە(103)". چونکە ئەمریکا هێشتا لەقۆناغی پۆلێنی – ئابووری دایە، لە کاتێکدا ئەوروپا، دوای سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم قۆناغەی تێپەڕاندووە. بەدەربڕینێکی تر، ئەمریکا هێشتا نەیتوانیوە چەمکێکی تایبەت لەجیهان و گروپێك لەڕووناکبیرانی گەورە بهێنێتە ئاراوە کەبتوانن جەماوەری خەڵك ڕاکێشنە ناو گەرداوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە. لەم چەمکەدا، ئەمریکا لەژێر کاریگەری ئەوروپاو مێژووی ئەم کیشوەرەدایە. (پرسی شێوەی دەوڵەت لەکۆمەڵگای ئەمریکادا، پرسێکی زۆر ئاڵۆزە، بەڵام بەڕای من جەوهەرو بنچینە هەر ئەو شتەیە کە گوترا).

www.pertwk.com



# بەشی بیست و پێنجەم

# "تێکدەر"

www.pertwk.com

دەکرێ چەمکی ئیتاڵی رەسەن "تێکدەر"[103] بەمجۆرەی خوارەوە رونبکرێتەوە: هەڵوێستێکی چینایەتی نێگەتیڤ لەجیاتی پۆزەتیڤ. "خەڵکی" دەزانن دوژمنیان هەیە، بەڵام لەئەزموونندا، ئەوان بەگشتی لەژێر سایەی "سینیۆر"دا دەردەکەوون. لەچەمکی "سینیۆر" دا، زۆرێك لەڕق و کینەی شار بەرامبەر بە گوند شاردراوەتەوە.

لەدیاریکردنی (سینیۆرەکاندا) جۆری جلوبەرگیش گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لەم چەمکەدا دومنایەتیکردنی کارمەندە ڕەسمیەکان، وەك تاکە جیلوەگای دەوڵەت (لەدیدی خەڵکیدا)، شاردراوەتەوە. جوتیارەکان و تەنانەت خاوەن زەویە بچووکەکان لە کارمەندانی دەوڵەت بێزارن، ئەوانە نەفرەت لەدەوڵەت ناکەن لەبەرئەوەی لەدەوڵەت تێناگەن. تەنانەت ئەگەر (گوندی و خاوەن زەوییەك)، لەڕوی ئابووریەوە، لەکارمەندی دەوڵەتیش خۆشگوزەرانتر بێت، دیسان بە "سینیۆر" بانگی دەکەن. ئەم ناکۆکیەی کەلەدیدی ئەم جوتیارو خاوەن زەویانەوە پێی وایە سینیۆرەکان بەشێکن لە "قاتوقڕ زەدەکان"، هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێت. دیارە ئەم نەفرەتە (ناوەکیە) خەسڵەتێکی مۆدێرنی نیە، بەڵکوو چییەتیەکی (بیمچە فیۆداڵی) هەیەو ناکرێ وەك نیشانەیەك لەوشیاری چینایەتی لەقەڵەم بدرێت، بەڵکو لەبنەڕەتدا دەبێت بە یەکەم تروسکەی هۆشیاریەکی وەهاو لەبری هەڵس و کەوتێکی مشتومڕ ئامێزو نێگەتیڤ لەقەڵەم بدرێت ئەم خەڵکە نەك تەنها هۆشیاریەکی تەواویان لە شوناسی مێژوویی خۆیان نیە، بەڵکو تەنانەت ئاگایان بە شوناسی مێژوویی و چوارچێوەگەلی دیاریکراوی دوژمنەکانیشیان نیە. چینە ژێردەستەکان، کە بەدرێژایی مێژوو هەڵوێستێکی بەرگریکارانەیان هەبووە، تەنها دەتوانن لەڕێگەی رەتکردنەوەی یەك لەدوای یەك و لەڕێی ناسینی شوناس و چوارچێوەگەلی دوژمنەکەیانەوە، ``



هۆشیاری چینایەتی بەدەستبێنن، و بەتەواوی هەر ئەم بزۆزیەیە کە تا هەنوکەش چینایەتی بەدەستبێنن، لانیکەم لەئاستی نەتەوەییدا لەئیتاڵیادا سیمای دەرنەکەوتووە.

توخمێکی کاریگەری تر لەڕێڕەوی ناسینی چەمکی "تێکدەر" دا ئەو توێژەیە کە بە قاتوقڕ زەدەکان[104] ناودێر دەکرێ. قاتوقڕزەدەگان توێژێکی یەکڕەنگ و یەکپارچەنین و ئەگەر لەدیاریکردن و هەڵسەنگاندنیاندا بەشێوەیەکی پەتی (ئەبستراکت) هەڵسووڕێین، هەڵەی جدی لێدەکەوێتەوە.

لەگوندەکان و هەروەها لەناوەندی هەندێ لەشارە بچوکەکانی ناوچە کشتوکاڵیەکاندا قاتوقڕزەدەگان دووجۆرن: کرێکارانی کرێ گرتەو وردە رۆشنبیران تایبەتمەندی دیاری کرێکارانی بەکرێ گرتە پەیوەندی بەبارودۆخی ئابوریانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەدۆخی ئاکاری و هزریانەوە هەیە. لەم جۆرە ناوچانەدا، جوتیاری ئاسایی یان پارچە زەویەکی بچووکی هەیە، یان زەوی بەکرێ دەگرێت (دیارە بەگوێرەی هەڵکەوت و خێرو بێری زەوییەکە، سێ یەك، نیوەو جاروبار تەنانەت دوو لەسەر سێی بەرهەکەی خۆی وەك کرێ، بەخاوەن زەوی دەدات). و چەند پارچەیەك ئامرازی کار، یەك – دوو گامێش و کۆلیتێکی هەیەو کۆڵیتەکەشی لەڕۆژانی بێکاریدا، بەدەستی خۆی دروستیکردووەو سەرمایەی پێویستیشی لەڕێگەی یەك – دوو ساڵ کۆچ یان "کار لە کانگا"دا یان ئەندامێتی لە "کارابینری[105]" یان نۆکەریکردن بۆ ئاغا و بەکورتی بەدەستپێوەگرتن و "ئامادەکاری" فراوانەوە بەدەستهێناوە. کرێکاری کرێگرتە نە خوازیارەو نە توانایی "ئامادەکاری" یەکی وەهای هەیە: ئەو هیچ موڵکێکی نیەو بەتەواوی لەبەرئەوەش بەشێکە لە قاتوقڕ زەدەگان کەکاری کرێگرتەیی دانسقەو ناڕێکوپێکە.

قاتوقڕ زەدەکانی وردە بۆرژوازی، لەبنەڕەتدا، لەناو بۆرژوازی گوندیەوە هاتوون. موڵکی (ئەم چینە) ئەوەندە لەناو بنەماڵە گەورەکاندا بەسەر پارچەی

www.pertwk.com

بچوكدا دابەشدەكرێت كە سەرئەنجام شتێكی لێنامێنێتەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا, ئەندامانی ئەم چینە شان نادەنە بەر كاری دەستی, و بەمجۆرە توێژێك لەداواكارانی ئارەزومەندو زەبوونی پۆستە بچووكە ئیداریەكان وەك كارمەند و نامەبەر, دێتە ئاراوە. ئەم توێژە سەرچاوەی ئاژاوەیە لەژیانی گوندەكاندا, چونكە هەمیشە بەدوای گۆڕاندا (وەك هەڵبژاردنی تازە) دەگەڕێت. ئەوانە لەڕاستیدا توخمی (تێكدەری) گوندەكان پێكدێنن,و بەهۆی ژمارەی بەرچاویانەوە, گرنگیەكی دیاری كراویان هەیە. ئەم توێژە لەگەڵ بۆرژوازی لادێدا, دژی گوندیەكان یەكدەگرێت و قاتوقڕ زەدەگان لەپێناوی بەرژەوەندیەكانیدا رێكدەخات. ئەم توێژە لەهەموو ناوچەیەكدا ئامادەگی هەیە.

بەشێوەیەكی گشتی لەشارەكاندا ئامادەییان لەڕێگەی پەیوەست بوون بەخێڵی جینایەتكارانی پیشەیی و كەش و هەوای دەوروبەریانەوە هەستپێدەكرێت.

لەشارەكانیشدا, زۆرێك لەوردە كارمەندان لەم توێژەوە هەڵقوڵاوون و هەمان رۆحیەتی نەفرەتیان لەبێكاری پاراستووە, كەتایبەتە بەخانەدانە پەككەوتەو خاوەن زەوییەكان.

كاری "تێكدەری" ئەم توێژە دوو لایەنی هەیەو هەندێجار مەیلیان بەرەو چەپ و جاروباریش بەرەو راست دەڕوات. دیارە مەیلی بەرەو چەپچوونیان بەگشتی هۆكارێكە بۆ باجگرتنەكانی دواتریان, چونكە هەمیشە لەشەڕگەی هەستیاردا, جارێكی تر بەرەو راست دەچنەوەو "ئازایەتی" داڕووخاویان ئەوە بە باشتر دەزانێ كە لەگەڵ "كارابینری" دا هاوڕەوت و هاوسەنگەر بن.

توخمێكی تر كەدەبێت بخوێندرێتەوە, هەمان دەستەواژەی "ئەنتەرناسیۆنالیزمی" گەلی ئیتاڵیایە كە لەگەڵ چەمكی "تێكدەری"دا پەیوەندی هەیە. لەڕاستیدا ئەم ورەیە شتێكە لە چەمكی جۆرە ``



كۆسمۆپۆلیتاگەراییەكی نادیارو تەمومژاویدا كە بەئاسانی پەیوەندی لەگەڵ پەیدا دەكات دیاردەیەكی مێژوویی دیاریكراوو ناسراودا. ئەم (دیاردە مێژووییە) هەمان رۆحیەتی كۆسمۆپۆلیتای سەدەی ناوەڕاستی كاتۆلیكەكانە كەناوەندەكەی ئیتاڵیابوو و لەبەر نەبوونی "مێژووی نەتەوەیی و سیاسی" بەردەوام و بەهێز بووەوە (لەم سەردەمەدا) هۆشیاری نەتەوەیی و دەوڵەتی, لەچەمكی تازەی ئەم وشەیەدا, بەرچاو نەدەكەوت. دیارە من لە شوێنێكی تردا ئەوەم باسكردووە كە جۆرە شۆفێنیزمێكی ئیتاڵی تایبەت ئامادەگی هەبووەو هەیەو گشتگیریەكەی بەربڵاوترە لەو رادەیەی لەهەنگاوی یەكەمدا بەرچاو دەكەوێت. بەڵام ئەم دوو تیۆرە لەگەڵ یەك ناكۆكنین. لەئیتاڵیادا, یەكێتی سیاسی, زەمینی و نەتەوەیی, نەریتێكی تەواو بەردەوامی نیە (و تەنانەت رەنگە بكرێ بگوترێت كە بەر لە 1870 لەبنەڕەتدا نەریتێكی وەها بوونی نەبووەو ئیتاڵیا وەك سەرزەمینێكی یەكگرتوو, بوونی دەرەكی نەبووەو تەنانەت خودی ناوی ئیتاڵیا كە لەسەردەمی رۆمای دێریندا بە ناوچەی باكوورو ناوەندی ئیتاڵیا تا سنوری "ماگرا[106]" و "رۆبیكان[107]" دەگوترا, لەقۆناغی سەدەكانی ناوەڕاستدا, گۆڕا بۆناوی "لۆنگۆباردیا[108]". لەم ڕووەوە سەرنجی خوێندنەوەی "سی سیپۆلۆ[109]" بدەن سەبارەت بەناوی ئیتاڵیا كەلە "ئاتی دەل ئەكادیمیەدی تۆرینۆ[110]" دا بڵاوكراوەتەوە). دیارە لەئیتاڵیای 1300 تاوەكو 1700 زایین, نەریتێكی كولتووری هاتە ئاراوەو پارێزرا, بەڵام سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ خوازی و رینسانس [111] لافلێدەری ئەم جۆرە بەردەوامبوونێك بوون لەگەڵ سەردەمی دێریندا, بەڵام ئەم نەریتە نەدەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دێرین. ئەم نەریتە كولتووریە, بونیاتی لەق و لەرزۆكی بزووتنەوەی نوێ زایینی ئیتاڵیاو یەكێتی نەتەوەیی بوو و لەخزمەتی یەكخستنی چالاكترین و هۆشمەندترین توێژەكانی كۆمەڵگادا, لەژێر رێبەرایەتی بۆرژوازیدا هەڵسووڕاو تاوەكوو ئەمڕۆش بناغەی

www.pertwk.com

ناسیۆنالیزمی ئیتاڵی پێکدێنێ. لەمەوە کە لەنێو ئەم هەستە ناسیۆنالیستیەدا, توخمی سیاسی – سەربازی یان سیاسی – ئابووری بوونی نەبوو, و ئەم هەستەش بەتەواوەتی ئەو توخمانەی لەدەستدابوو کە بناغەی ڕۆحیەتی ناسیۆنالیستی فەرەنسی, ئەڵمانی و ئەمریکایی پێك دەهێنا. ناچار زۆرێك لە "تێکدەران" و "ئەنتەرناسیۆ–نالیستەکان" لە چەمکی (کولتووریدا) شۆڤێنی دەرچوون, بێئەوەی ئەم (شۆڤێنیە لەگەڵ "ئەنتەرناسیۆنالیزمەکەیاندا") لەناکۆکیدابن. دەبێت سەرنجی ئەو خاڵەی خوارەوە بدەین: لەئیتاڵیادا سەردەمی گەشەسەندنی زانستی و هونەری و ئەدەبی هاوکات بوو لەگەڵ قۆناغی لەنێوچوونی سیاسی – سەربازی دەوڵەتیدا, (مەبەست) لەسەدەی شانزەو حەڤدەیە. دەبێت ئەم پرسە ڕونبکرێتەوە لەکاتێکدا کە بۆرژوازی گەندەڵ بووەو کۆکردنەوەی سامان لەجیاتی بەرهەم هێنان.

جێگەی سوودخۆری گرتەوەو "جوانپەرستی" گەیشتە لووتکەو هەموو پیشەکیەکانی گەندەڵی ئابووری ئامادەکرا, ئەودەمە کولتووری دەربارو ئەریستۆکراتی بووژایەوە.) لە چەمکی تازەدا, شۆڕشگێڕو ئەنتەرناسیۆنالیست, بەهاوبەندی چەمکی تازەدا, شۆڕشگێڕو ئەنتەرناسیۆنالیست, بەهاوبەندی چەمکی وردی دەوڵەت و چین دێتە ئەژمار. تێگەیشتنی نزم (کەم) لەدەوڵەت بەواتای هۆشیاری چینایەتی نزم (کەمە) (و تەنها ئەوکاتە لەدەوڵەت تێنەگەیشتووین کە پشتیوانی لێبکەین, بەڵام هەرکات بۆ سەنگونگردنی دەست بەخەبات بکەین, هەنگاوەکانمان دەربڕی تێگەیشتنە لەدەوڵەت). ئاستی نزمی (کەم) کارایی پارتە سیاسیەکان دەرئەنجامی (ئەم تێگەیشتنە نزمە (کەمە))یە, هەربەو جۆرەی تاقمە قەرەج و دەوارنیشەکان ترسناك نین, ئەنتەرناسیۆنالیزم و تێکدەری ئیتاڵیاش مەترسیەکی ئەوتۆیان نیە. کارە "تێکدەریە" جەماوەریەکان هاوبەندی



تێکدەرە باڵاکانە, سیمای دیاری هێزی ڕەهای ئەو تاقمەیە کە لەدەوری گروپ و تاکەکان پێکهاتوون, تێکڕا (دەبنەهۆی مارلا "تێکدەری" لەناو جەماوەری گەلدا.)

بێگومان ناکرێ ئەو تێبینیانەی سەرەوە بەڕەهاو بێکەموکوڕی بزانرێت, بەڵکو دەبێت زیاتر وەك هەندێ کۆشش لەپێناوی ڕونکردنەوەی لایەنەکانی ئەو بارودۆخەدا[113] لەقەڵەمبدرێن. (ئامانجی ئەم تێبینیانە دوولاینە بوو): سەرەتا, ئەم تێبینیانە لەخزمەتی تێگیەشتنی زیاتری ئەو چالاکیانەدا بوو کە بەئاراستەی گۆڕینی ئەو بارودۆخە ئەنجامدران (ئەم تێبینیانە لەهەمانکاتدا, بڕێك لە بێکردەیی سەرچاوە گرتوو لە تێنەگەیشتنی ئەرکەکانیش (دیاریدەکات). لەقۆناغی دووەمدا, ئامانج بەرجەستەکردنی ئەو گروپانە بوو کە توانیان لەبارودۆخەکە تێبگەن و لانیکەم لەڕیزەکانیاندا ئەو بارودۆخە بگۆڕن و بەمجۆرە دژایەتی ئەو بارودۆخەیانکرد.

www.pertwk.com

# بەشی بیست و شەشەم

## "شەپۆلی ماتریالیزم"

## و

## "قەیرانی دەسەڵات"

www.pertwk.com

ئەو لایەنی قەیرانە نوێیەی، کەبەنیگەرانیەوە ناودێرکراوە بە "شەپۆلی ماتریالیزم"، بەندە بەو شتەوە کەبە "قەیرانی دەسەڵات" ناونراوە. ئەگەر چینێکی باڵادەست پشتیوانیو هاوتەبایی (جەماوەری) لەپشت نەبێت، واتە رۆڵی "رێبەریو رێنمایی کەری" خۆی لە دەستدابێ‌و لەحوکمی چینی "باڵادەستدا" بێ، تەنها بەهۆی بەکارهێنانی هێزی زەبرئاسا (لەسەر کورسی دەسەڵات مابێتەوە)، ئەمە تەواو بەو مانایەیە کە جەماوەری بەرینی گەل لەئایدۆلۆژیە نەریتیەکانیان دابڕاونو چیدی بڕوا بە بیروڕاکانی دوێنێیان ناکەن. خەسڵەتی ئەم قەیرانە تەواو لەم راستیەدا شاراوەتەوە کە (سیستەم)ی کۆن، لەسەرەمەرگدایەو (سیستەم)ی تازەش هێشتا توانایی لەدایکبوونی نیە. لەم قۆناغی تێپەڕینەدا، رووداوی جۆراوجۆری مەرگ روخساریان دەردەکەوێت. سەرنج: دەبێت بابەتەکانی ئەم بەشە لەگەڵ یاداشتەکانی ترم، لەمەڕ "پرسی وەچەی لاو" دا تەواو بکرێت. پرسی وەچەی لاو، بەرهەمی قەیرانی ئەو دەسەڵاتەیە کەلەلایەکەوە وەچە بەساڵاچووەکان دەگرێتەوەو لەلایەکی تریش بەربەستێکی میکانیکی لەڕێگەی ئەو کەسانەدا دادەنێت کەدەتوانن هەژمونی بگرنە دەستو بەمجۆرە رێگە لەوە دەگرێت کە ئەم گروپە ئەرکەکانی ئەنجامبدات.

بابەتەکە بەمجۆرەیە، ئایا دەکرێ ئەو کەلەبەرەی، بەقوڵای ئەوەی لەساڵەکانی دوای شەڕدا لەنێوان جەماوەری گەلو ئایدۆلۆژیای باڵادەستدا پێکهات، تەنها بەکردەوەی زەبر ئامێز "چارەسەر بکرێت" و کۆسپ لەبەردەم سەرهەڵدانو نەشونمای ئایدۆلۆژیە تازەکان دابنرێت؟ ئایا لەم سەردەمی تێپەڕینەدا رێ لەچارەسەری سروشتیو مێژوویی قەیرانەکە بگیرێت، ئەو قەیرانە بەژیانەوەی سیستەمی کۆن دەگاتە ئەنجام[114]؟ بە لە بەرچاوگرتنی خەسڵەتی ئایدۆلۆژیە بەگژیەکدا چووەکان، دەکرێ ئەنجامێکی وا بە



نامسۆگەر (نافەراهەم) – هەڵبەت نە بەڕەها نەڕەخساو– بزانرێت. وێڕای ئەوە، سەرکوتکردنی فیزیکی، لەماوەیەکی درێژخایەندا جۆرە گومانێکی بەربڵاو دەخاتەوەو پێویستمان بە "رێکسختنێکی" تازە دەبێت کە تێیدا بۆ وێنە مەزهەبی کاتولیك پتر دەگۆڕێت بەمەزهەبی یەسووعیەکان[115].

دەکرێ لەم راستیانەدا ئەو ئەنجامە هەڵێنجین کە هەلومەرجی، هەر رۆژ زیاتر بۆ پەرەسەندنی بێوێنەی ماتریالیزمی مێژوویی ئامادەتر دەبێت. بەتەواوەتی هەمان هەژاری کە لەقۆناغی یەکەمدا سیمای دیاری جۆری ئەو ماتریالیزمە مێژووییەیە کە لەناو جەماوەردا بڵاودەبێتەوە، سەرئەنجام دەبێتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری ئەو هەژاریە بەگشتی مەرگی ئایدۆلۆژیە کۆنەکان لەگەڵ گومانکردن لەهەرجۆرە ئایدۆلۆژیو فۆرمۆلێکی گشتیو بەدەستەوەگرتنی راستیە ئابووریەکانی (وەك داهات)دا هاوکاتە. لەبواری سیاسەتیشدا ئەم مەرگە، شانبەشانی ئەو سیاسەتە دەڕوا کە لەهەڵسەنگاندنی راستیەکاندا واقعبینانە نیە (و ئەمەش کارێکی هەمیشەیی‌یە)و لەڕەنگدانەوە خێراکانیدا، هەڵگری جۆرە گومانێکە (ئەم کێشەیە چیرۆکی "پێشەکیەك لەسەر میکیاڤیل" بیر دەخاتەوە کە بەڕوکەش لەژێر کاریگەری پرۆفیسۆر (رەنسی[116])دا نووسراوە. ئەم بەرهەمە، لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا 1921–22 ستایشی کۆیلەداری وەك ئامرازێکی تازەی ئابووری دەکرد.[117])

بەڵام کەمکردنەوەی هەر شتێك بۆ ئابووریو سیاسەت، بەتەواوەتی واتای کەمکردنەوەی بەرزترین شێوەکانی سەرخانە بۆ ئاستی ئەوانەی کەپتر لە هەموو لەگەڵ ژێرخاندا هاوهەنگاون، بەدەربڕینێکی تر بە (واتای)و تواناو پێویستی پێکهێنانی کولتوورێکی نوێیە (1930).

www.pertwk.com

# پەراوێزەکان

1–لەبەشەکانی تری ئەم نووسراوەدا گرامشی چلۆنایەتی ئەم قەیرانە بە دوورو درێژی باس دەکات.

2–ئاماژە بەکتێبە بەناوبانگەکەی مارکسە کە وەرگێڕانە فارسیەکەشی لەبەردەستدایە. لەدەقەکەدا بەمجۆرە ئاماژە بەو کتێبە کراوە:

The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte.

3–بەجۆرێکی دیکە، نوسخەی یەکەمی بابەتەکانی سەرەوە، لەنێوان 1920 تاوەکوو 1932 نووسراوەو دواهەمین دەقەکەشی لەنێوان 1932 و 1934 دا نووسراوەو ئامادەکراوە.

4–دەکرێ ڕەنگدانەوەی بوونی ئەم چینە لەکردەوەو چالاکیە ئایدۆلۆژیەکانی بیرمەندە ڕاستڕەوەکاندا ببینرێت. دواهەمین کتێبی مۆسکا[1] نموونەیەکی ئەم چالاکیانەیە، تەنانەت لەساڵی 1883 دا، مۆسکا لەپەیوەندی شارودیَ دەترسا. لەبەر پێگەبەرگری کاراتەکەی لە ساڵی 1883، ڕێگەو شێوازی سیاسی توێژە باسکراوەکانی تەنانەت باشتر لەنوێنەرە شارنشینەکانیان لەچەندین ساڵی دواتردا تێدەگەیشت. (ژێرنووسەکە هی گرامیش خۆیەتی).



1–مۆسکا لەپاڵ بیرمەندانی تری وەك یارتۆو میشلزدا لەداهێنەرانی تیۆری "بژارەکان". بەگوێرەی ئەم تیۆرە، دەبێت بیَ یەك و دوو کۆمەڵگا دابەشبکریَ بەسەر سەردەستو ژێر دەستداو هەر دەستەکان لەبەرهەڵکەوتوویە دەروونیەکانیان، یان وەرگێڕاوەکانیانەوە دەبێت حوکم بەسەر ژێردەستەکاندا بکەن. لەلایەکی ترەوە تیۆری حوکمی بژارەکان، جێگرەوەیەك بووە کەهەمیشە بۆرژوازی لەبەرامبەر تیۆری چینە مارکسیەکاندا بەرزی کردۆتەوە.

5–لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا (1920)، یۆنان بووبووە گۆڕەپانی ڕکەبەری دوو تاقمی دژ بەیەك، لەلایەکی شاپەرستەکان بوون کە لەهەمان کاتدا لەلایەن ئەڵمانیاوە پشتیوانیان لێدەکرا. باڵی بەرهەڵستکار لەلیبراڵەکان پێکدەهاتو ئینگلیز پشتیوانی لێدەکردن.

دەسەڵات لەنێوان ئەم دوو باڵەدا دەستاودەستی پێدەکرا، تا ئەوەی لەقۆناغی نێوان ئەم گۆڕانو وەرگۆڕانانەدا، ڕێبەری باڵی لیبراڵ پێکراو هەر لەبەر ئەمەش ئەوکاتەی ئەم باڵە هاتەسەرکار، کادری ڕێبەرایەتی باڵی بەرامبەری لەسێدارەدا.

6–گرامشی چەندین جار ئەم خاڵەی بیرخستۆتەوە کەچەمكو سنوور و دەسەڵاتی "چینی سێیەم" لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتانی جۆر بەجۆردا هاوپەیوەندو تەنیا لە هەلومەرجی دیاریکراوی هەر وڵاتێکدایە کە ماناو چەمکی خۆی پڕدەکاتەوە.

www.pertwk.com

بەواتا ئیتاڵیەکەی وەك خۆی گوتویەتی, چینی ناوەڕاست پتر بەو کەسانە دەگوترێت کە کرێکارو گوندی نین و بەگشتی لەناو رووناکبیران, پسپۆڕان و کارمەندانی دەوڵەتەوە هەڵقوڵیون.

7-prima De Rivera (1870- 1930):

ئەو بەهاوکاری پادشا, لەنێوانساڵەکانی 1923 تاوەکو 1930 لە سپانیادا حوکمێکی دیکتاتۆری بەرپاکرد.

8- petar zivkovic (1897 - 1947):

لەنێوان ساڵانی 1929 تاوەکوو 1932دجا سەرۆك وەزیرانی یۆگۆسلاڤیا بوو و بەڕێوەبەری حکومەتی دیکتاتۆری پادشابوو.

9–گرامشی لەنووسراوێکی تردا, ئاستی سیاسی راڤەکردنەکانی "هاوتەرازبوونی" بەمجۆرە داناوە:

1–هاوتەرازبوونی هێزی کۆمەڵایەتی, کەلەگەڵ بنەمای کۆمەڵگادا پەیوەندیەکی نزیکی هەیە.

2–هاوتەرازبوونی هێزی سیاسی (کە گرێدراوی ئاستی خود – هوشیاری رێکخستن و هاوچەشن بوونی چینە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکانە.)

3–هاوتەرازبوونی هێزی سەربازی, بۆ ئاگاداری پتر بڕوانە:

A. Gramsci. Prison Motebooles. Pp. 180 – 190.

10-Gazzera

11-Corriere Delle Sera.

12–Jutland, بەشێکە لەسەرزەمینی ئیمرۆژەی دانیمارك.

``



13–گرامشی بەدوو هۆی سیاسی و مێژوویی, زاراوەی قەیسەرگەرایی بۆ جۆرێکی تایبەتی فاشیزم هەڵبژارد: لەباری مێژووییەوە جۆلیۆس قەیسەریش لەبەر بەرقەرارکردنی شەنێك هاوسەنگی کارەساتبار دەسەلاتی رەهای کەوتەدەست, بۆیە دەتوانرێ وێکچوونی مێژوویی لەنێوان ئەم کێشەیەو پرۆسەی دزەکردنی مۆسوولینی بۆناو دەسەلات, بدۆزێتەوە. لەباری سیاسیشەوە لەبەرئەوەی هەمیشە لەپڕوپاگەندەی فاشیەکاندا, مۆسوولینی لەگەڵ جۆلیۆس قەیسەریش لەبەر بەرقەرارکردنی چەشنێك هاوسەنگی کارەساتبار دەسەلاتی رەهای کەوتەدەست, بۆیە دەتوانرێ وێکچوونی مێژوویی لەنێوان ئەم کێشەیەو پرۆسەی دزەکردنی مۆسوولینی بۆناو دەسەلات, بدۆزرێتەوە. لەباری سیاسیشەوە لەبەرئەوەی هەمیشە لەپڕوپاگەندەی فاشیەکاندا, مۆسوولینی لەگەڵ جۆلیۆس قەیسەردا بەراورد دەکرا. بۆیە گرامشی بەهەڵبژاردنی زاراوەی قەیسەر گەرایی, بەشێوەیەکی ئاماژەییانە, هەلومەرجی مێژوویی بەدەسەلات گەیشتنی فاشیەکان دێنێتە زمان و بەڕەخنەکردنی قەیسەرگەرایی, توانیویە لەتوێی ئەم وێکچوونانەدا و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ رەخنەکانی خۆی لەمەڕ مۆسوولینی دەربڕێت.

14- Cromwel (1599 - 1658).

لەناوەڕاستی سەدەی هەڤدەیەمدا, کێشمەکێشی سەخت لەنێوان بۆرژوازی ئینگلیزو دەزگای پادشایی‌دا (وەك پیشانگەی دەسەلاتی فیۆداڵی) رووی دا. لەڕیزی بۆرژوازیدا, دووباڵ هەڵدەسووڕان کەیەکیان لیبراڵ و لائیك بوو و ئەوی تریان بەقووڵی دیندار بوو.

www.pertwk.com

کۆمۆیل ڕێبەری باڵی دیندار بوو لەکاتی دەسەڵاتەکەیدا. کە سەرەتای دەوڵەتی بۆرژوازی ئینگلتەرە بوو – یاسای سەختو دابڕاوی لەپێناو ئایینی کردنی دیمەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئینگلتەرەدا دانا.

15–Lorenz: لیرێنز لەساڵی 1492 دا مردو مەرگی (ئەو) بووە خاڵێکی وەرچەرخان لەمێژووی ئیتاڵیادا. بەرمەگی ئەو، هاوسەنگی ناوەکی نێوان دەوڵەتەکانی ئیتاڵیا شێواو دەسەڵاتی بێگانە کە تاوەکوو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم درێژەی هەبوو، دەستییپێکرد.

16–گرامشی ئاماژە بەڕەوتی جودابوونەوەی مەك دانلە لەپارتی کرێکارو دامەزراندنی "دەوڵەتی نەتەوەیی" دەکات لەلایەن ئەوەوە.

17–لەئۆکتۆبەری 1922 دا "مەشقی گرتنی" رۆم روویدا، لەسەرەتادا، پارتی پۆپولار (popular) لەپەرلەماندا پشتیوانی لە فاشیەکان دەکردو بەمجۆرە چووەناو حکومەتەوە. هاوینی 1923 لەبەر سیاسەتی ئەو پارتیە لەمەڕ فاشیەکان، لەت روونێك لەناو ئەو پارتەدا دروستبوو و لەئەنجامدا، لەهەڵبژاردنی ژانیوەری 1924دا، ئەو پارتە ژمارەیەك لەپاڵێوراوی جودای ناساند.

دوای هەڵبژاردنەکە پیارت نەچووە بەرەی یەکگرتووی حزبە بەرهەڵتکارەکانەوە. لەژانیوەری 1925 دا پارتی فاشی، ئازادی چاپەمەنی سەرکوت کرد. لەهەشتەمی ژانیوەری 1926 دا، پارتە بەرهەڵستەکان بەڕەسمی هەڵوەشانەوەیان راگەیاندو نوێنەرەکانی پەرلەمانیان ئازاد بوون. گرامشی یەکێك لەم پەرلەمانتەرانە بوو و هەر لەو رۆژەدا دەسگیرکرا.

``



18–ناوی "چلو هەشتیەکان" لەوێوە دێت کە مارکس لەساڵی 1884دا جەختی لەسەر پێویستی درێژەپێدانی شەپۆلی شۆڕشە بۆرژا – دیموکراتەکانو گواستنەوەی دەسەڵات بۆ چینی کرێکار دەکرد. لێکدانەوەی پێشووی ئاماژەپێکراوی گرامشی پەیوەندی بەوتارێکەوە هەی لەژێر نایو "هێندێك یاداشت لەبارەی مێژووی ئیتاڵیاوە" کە تێیدا هاتووە، یەکێك لەهۆیەکانی سەرکەوتنی دیکتاتۆری، بێتەگبیری سیاسی ژاکۆبینەکان بووە. دیارە کە هەلومەرجی زیندان گرامشی ناچاری بەکاربردنی زمانێکی هێمایی کردووە.

19–ئاماژە بەو کودەتایەیە کە لەڕێگەیەوە "لۆیی ناپلیۆن" دەسەڵاتی گرتەدەست.

20–لەڕاستیدا، لێرەدا گرامشی پرسی هەڵوێستی ناچالاکیو وێرانکەری پارتە ریفۆرمخوازەکانی ئیتاڵیا کە بەگشتی لەگەڵ فاشیەکاندا سازشیانکرد، خستۆتە بەر باسو تێڕامانەوە.

21–لەم راستیەداو لەدێڕەکانی دواتردا، ئاماژە بە باسو مشتومڕە ناوەکیەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا دەکات.

22-Claudio Treves (1869 - 1933).

ترەڤەز: یەکێك لەڕێبەرە سازشکارو ریفۆرمخوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئیتاڵیا بوو و لەساڵی 1922 وە بەدوا، لەدوورخراوەییدا ژیا. ساڵی 1920 لە لێدوانێکی بەناوبانگدا، رایگەیاند کە ئیتر بۆرژوازی توانای حوکمکردنی نیە، بەڵام پرۆلیتاریاش هێشتا توانای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی پەیدا نەکردووە.

www.pertwk.com

23–لەبناغەدا گرامشی کەڵکی لە پەندێکی ئیتاڵی وەرگرتووە, ناواخنی ئەم پەندەو چیرۆکی مێشێکە کەوای دەزانی جموجوڵی گالیسکەیەکی شەش ئەسپی, قەرزداری کۆششەکانی ئەمە.

24–بەواتایەکی تر, بەڕای گرامشی ئەمە چالاکی بەرینی کرێکاران و گوندیەکان بوو کەئەو وردە بۆرژوازیەی بەنەریت لەسیاسەت هەڵاتوو بوو, بۆچالاکی سیاسی و ڕێکخستن هاندا.

25–لە 29 سەپتامبەری 1918 دا, لەنێوان پارتی سۆسیالیستی ئیتاڵیاو کۆنفیدراسیۆنی یەکێتیە کرێکاریەکاندا, ڕێکەوتنامەیەك ئیمزا کرا کەبەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە, پارت ڕێبەرایەتی هەموو مانگرتنە سیاسیەکانی دەگرتە ئەستۆو بەڕێوەبردنی مانگرتنە ئابووریەکانی دەسپاردە کۆنفیدراسیۆن و بڕیاریش بوو کە هیچکام لەم دوو ڕێکخراوە نەبێتە "کۆسپ لەبەردەم ئەوی دیکە"دا.

26–مەبەستی گرامشی پارتیەکە لەوێنەی پارتی کرێکاری ئینگلتەرە.

27–ساڵی 1914, دوای ئەو کوشتارەی کەلەیەکێك لەشارە کرێکاریەکاندا روویدا, پارت مانگرتنی گشتی ڕاگەیاندو کۆنفیدراسیۆن و یەکێتیە کرێکاریەکانیش لەسەرەتادا بەبێ مەیلی, پشتیوانیان لەم سیاسەتە کردو دوای ماوەیەك بەکردەوە دەستیان بەدژایەتی و تێکدەری کرد. گرامشی لەوکاتەدا لەئۆرگانە حیزبیەکاندا هۆشداری دا کە کەلەبەری نێوان پارت و ڕێبەرانی یەکێتییە کرێکاریەکان, بزووتنەوەی کرێکاری ئیتاڵیای لەگەڵ کارەساتێکی ترسناکدا ڕووبەڕوو کردۆتەوە.

28-Mationalist party.

``



29–Risorgemento: لەسەدەی نۆزدەیەمدا بزووتنەوەیەکی بەرین بۆ پێکهێنانی ئیتاڵیایەکی یەکگرتوو بەدیهات کە گاریباڵدی یەکێك لەسەرکردەو ڕێبەرەکانی بوو, ئەم بزووتنەوەیە دوای هەورازو نشێوێکی زۆر, سەرئەنجام یەکێتی نەتەوەیی سەرزەمینی ئیتاڵیای بەدیهێناو دەسەڵاتی بیانی و ڤاتیکانی یەك لەدوای یەك سنووردارو تەفروتونا کرد. لەمێژوونووسی ئیتاڵیادا, بەم قۆناغە دەڵێن چەرخی نوێ زایی. گرامشی لەوتارێکی تردا, بەدرێژی باسی ئەم قۆناغە مێژوویەی ئیتاڵیا دەکات. بڕوانە:

A. Gramsci. Prison Matebooks. London, 1971 pp. 56 – 106.

30-Depretis (1813 - 1887).

لەکەسایەتیە ناسراوەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئیتاڵیابوو کە سەردەمێك لەگەڵ گاریباڵەیدا بوو و ساڵی 1876 وەك یەکەمین سەرۆك وەزیری "چەپگری" ئیتاڵیا دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەو بەپێی پرەنسیپێك کەخۆی ناوی دەنا "گۆڕانخوازی پەرلەمانی" وەزیرەکانی لەناو ڕێبازە بیرە جیاجیاکاندا هەڵبژاردو بەرە – بەرە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی زیاتر کرد.

(1818– 1959) Cripsi: کریپسی سەرەتا لەسەربەخۆیی خوازەکانی سیسیلیا بوو و بەیەکێك لەیاوەرە نزیکەکانی گاریبالدی دەژمێردرا. دوای دامەزراندنی ئیتاڵیای یەکگرتوو لەڕێگەی هێزە چەپیەکانەوە چووە ئەنجومەن. لەساڵی 1865ەوەو بەدوا, چووەناو لایەنگرانی شاپەرستەوەو لەپۆستەکانی سەرۆك وەزیری و وەزارەتی ناوخۆدا بووە یەکێك لەلایەنگرانی سەرسەختی کۆلۆنیالیزمی ئیتاڵیا, بەتایبەت لەمەڕ کۆلۆنیالیزەکردنی

ئەسیوبیاوە. سالی 94 – 1893 دڕاندانە دەستیدایە سەرکوت کردنی بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی سیسیلیاو بەگوێرەی گەلێك کەس, ئەو سەرەتای فاشیزمی مۆسوولینی بوو.

(1928-1842) Giolitti: یەکێك لەبەناوبانگترین سیاسەتمەدارەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی ئیتاڵیا بوو و لەساڵەکانی 92–1892, 9–1906 و 14–1911و سەرئەنجام 21–1920 دا پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیای لەئەستۆ بوو و خۆی بوو کەبەشداری فاشیەکانی لەحکومەتدا وەك تای تەرازوویەك لەبەرامبەر سۆسیالیستەکاندا پێشنیارکرد.

31–دوای پێکهێنانی ئیتاڵیای نوێ, دوو رەوتی گەورەی سیاسی لەگۆڕەپانەکەدا چالاك بوون: هێزە چەپیەکانو راستڕەوەکان. لە ساڵەکانی شەستو هەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا, بەگوێرەی هێندێك بەرنامەی دیاریکراوەوە, ئەم دوو رەوتە هەر رۆژ زیاتر لێك نزیك دەبونەوە وای لێهات کە جیاوازی لەنێوانیاندا نەدەبینرا. (دەپرەتیس) کەلە یاداشتی 3 دا باسکراوە, لەدەست پێکەرانی سەرەکی ئەم رەوتە بوو.

32–دەزگای هەژمۆنی و رۆڵی دەوڵەت تێیدا, یەکێك لەو پرسە گرنگانەیە کەبەتایبەت لەساڵەکانی دواییدا سەرنجی مارکسیەکانی بەرەو لای خۆی راکێشاوەو ئەم بیرمەندانە گرنگیەکی تایبەت بۆ دەوڵەت دادەنێنو لەسەرکوتکردنو بەرهەم هێنانەوەی ئایدۆلۆژیا لە پاڵ سەرکوتو بەرهەم هێنانەوەی سیاسی –ئابووریدا– بیروڕاکانی گرامشی بەتایبەت ئەوەی کە لەنووسراوەکەدا هاتووە, لەم پەیوەندیەدا گەلێك بەنرخە. بۆ باسکردن لەمەڕ ئەم لایەنەی کارکردی دەوڵەتەوە, بڕوانە:



ئالێر: ئایدۆلۆژیاو دەزگای ئایدۆلۆژی دەوڵەت, وەرگێڕدراوی ئا, فەروخ, س, ئومێد ئەندێشەی ژمارە یەك, ل 29 – 8, لەئەندێشەی ژمارە 2 ل, 24 – 3.

33-Little Entente.

34–Comitadsis: تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم, ناوچەکانی کەئیمڕۆ ولاتانی ئەلبانی, یۆنان, یۆگۆسلاڤیاو بۆلگاریای تێدایە لەژێردەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. ساڵی 1892 لەسۆفیادا کۆمیتەیەك پێکەوەنرا و دەستی بەڕێکخستنی شانەی بچووکی چەکداری کردو ئەم شانانەیان تەنانەت بۆ ناو تورکیاش دەنارد. ئامانجی ئەم شانانە کە بەکۆمیتە جی دەناسران, خەباتی چەکداری بوو بۆ رزگاربوون لە دەستی عوسمانی. زۆری نەکێشا, ناوچەکانی تریش لاسایی سۆفیایان کردەوە و کۆمیتەی جەنگاوەری هاوشێوەیان پێکهێنا.

35–گرامشی ئاماژە بەو گروپانە دەکات کە ساڵی 1867 لەئایۆرلەندا پێکهاتنو ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم, دژی ئینگلیز دەستیاندایە خەباتێکی پرژو بڵاو.

36-C.Allessandei.

37–گرامشی ئاماژە بەکتێبێکی رۆزا لووکزامبوورگ دەکات لەژێر ناوی "مانگرتنی گشتیو پارتو یەکێتیەکان" کە ساڵی 1919 لە میلان دا بەچاپ گەیەندرا.

38-p.m.krasnov, from two Hieaded Eagle To Red flag Berlin, 1912.

www.pertwk.com

40–لەبەر بەرەکانیٚ لەدژی هێرشی پۆلۆنیەکان لەساڵی 1920 دا سوپای سووری سۆڤیەت لەژێر فەرماندەیی "تۆکاچەڤسکی"دا, دەستیدایە دژە هێرشێك و تەنیا لەدەرەوەی واشۆدا بوو کە پێشڕەویە سەرکەوتوانەکەی راوەستێندرا.

41-Luigi cadorna (1850-1928).

کادۆرنا فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئیتاڵیابوو لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا و ئەم پۆستەی تا کاتی ئەو شکستە گەورەیەی کە سوپای ئیتاڵیا ساڵی 1917 تووشی بوو, بەئەستۆوە بوو. بەڕای گرامشی, کادۆرنا نیشانەیەکە لە فەرماندەیەکی سەرەڕۆ, ملهوڕو بێتەگبیر کەبیٚ لەبەرچاوگرتنی خواستو ویستی جەماوەری ژێر فەرمانی, خێراو بەپەلەو خۆسەرانە هەڵدەسوڕێت.

42–گرامشی ئاماژە بەم راستیە دەکات کەلەنێوان ساڵەکانی 1921 تا 1926 دا, هێڵی باڵادەستی پارتی کۆمۆنیست وەهابوو کە نەیتوانی سەرکەوتنێکی بەرچاو لەناو کرێکاراندا بەدەست بێنێتو هەروەها نەیتوانی لەناو کرێکاراندا, بەشێوەیەکی بەرچاو بنکەی خۆی دابکوتێت.

43–لێرەدا گرامشی لەناوی کورتکراوەی ترۆتسکی کەڵکی وەرگرتووە. ناوی راستەقینەی ترۆتسکی, لۆ داڤیدۆڤیچ بەرنستەین بووە.

44–"کۆبوونەوەی چوارەم" ئاماژەیە بەکۆنگرەی چوارەمی کۆمینترن (ئەنتەرناسیۆناڵی سێیەم" کە گرامشی بەشداری تێدا کردبوو. لەم کۆبوونەوەیەدا, ترۆتسکی راپۆرتێکی سەبارەت بەسیاسەتی ئابووری تازە (نەپ) پێشکەش کرد. لەتوێی ئەم راپۆرتەدا ترۆتسکی دەڵێت کەکاری ``



پرۆلیتاریای رۆژئاوا گەلێك لە پرۆلیتاریای رووسیا دژوارتر دەبێت, چونکە لەئەوروپای رۆژئاوادا, بۆرژوازی پاڵپشتیو تەگبیرو ژێربوونێکی مێژوویی زۆرتری هەیەو دەوڵەتو دەزگای ئایدۆلۆژی بۆرژوازیش پتەوترەو کۆششەکانی پرۆلیتاریا لەلایەن دژە شۆڕشەوە کۆسپو تەگەرەی زۆری بۆ دەنرێتەوە. بەواتایەکی تر, لەبەرەی رۆژهەڵاتدا, ململانێیەکی توندی چینایەتی دژی بۆرژوازی لەدوای زەوت کردنی دەسەڵاتدا, رووی دا. لەکاتێکدا لەبەرەی رۆژئاوادا, ئەم ململانێیە بەر لە زەوت کردنی دەسەڵات ئەنجامدەدرێت.

45–گرامشی ئاماژە بەتیۆری "شۆڕشی پەیتا – پەیتای" ترۆتسکی دەکات. ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە کەدەیان جار لەلایەن لینینو ستالینەوە رەخنەی لێگیراوە, پشت بەم گریمانەیە دەبەستێت کە "سۆسیالیزم لەوڵاتێکدا" کارێکی نامسۆگەرەو پرۆلیتاریای رۆژهەڵات ناتوانێت بیٚ شۆڕشی پرۆلیتاریای وڵاتانی تری سەرمایەداری پێشکەوتوو, دەسەڵاتی خۆی بپارێزێتو بونیاتنانی سۆسیالیزمدا سەرکەوتوو بێت.

46–ترۆتسکی لە "ژیانی من"دا بیری خستۆتەوە کە لۆنجارسکی و "رادەك" بەگاڵتەوە پێیان گوتووە, شۆڕشی 1917 بە درەنگ کەوتنێکی 15 ساڵەوە, سەرئەنجام بیروڕای شۆڕشی بەردەوامی ترۆتسکی جێبەجێکردووە.

47-Guihiardini

48–Rasmer: یەکێك لە شۆڕشگێڕانی فەرەنسا بوو لەخولەکانی شەڕی یەکەمدا و ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری (ڤی ئۆڤریە)بوو و لەساڵی 1923 دا بۆماوەی ساڵێك, سەرنووسەری ئۆمانیتە, ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی

www.pertwk.com

فەرەنسا بوو. لەساڵی 1926 دا لەبەر پشتیوانیکردن لەهەڵوێستەکانی ترۆتسکی, لەپەرلەمانی کۆمۆنیستی فەرەنسا دەکرا.

49-vie ouvriere

50-گرامشی ئاماژە بە نووسراوێکی ستالین دەکات لەژێر ناوی "پرسیارەکانو وەڵامەکان" دا کەساڵی 1925 وەرگێڕدرایەوە بۆ زمانی ئیتاڵی. لەم بەرهەمەدا, ستالین دوو مەترسی "هەڵوەشانەوە خوازانە"ی ناو پارتی بۆلشەڤیك دێنێتە زمان:

1-"هەڵوەشانەوە خوازانی" ئیکۆنۆمیست کە بونیاتنانی سۆسیالیزمیان لەوڵاتێکی دواکەوتووی وەك رووسیادا بە نامسۆگەر دەزانی.

2-"هەڵوەشانەوە خوازانی" ترۆتسکیست کەچارەنووسی شۆڕشی سۆڤیەتیان بەتەواوەتی بەدەست پێکردنی شۆڕش لە وڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکانی رۆژئاواوە دەبەستەوە. لەم وتارەدا ستالین, هەروەها ئاماژە بەمەترسی "ناسیۆنالیزم" لەسیاسەتی دەرەوەی رووسیادا دەکاتو ئەم مەترسییە بەهۆکاری فشارەکانی بۆرژوازی لەلایەك و بێ بڕوایی کارگێڕانی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت بەشۆڕشی سۆڤیەت لەلایەکی ترەوە دەزانێت.

51- خولی یەکەم کە گرامشی ئاماژەی بۆ پێدەکات, هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بیروڕا زاڵەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم لەساڵەکانی بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم. خولی دووەم هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی ترۆتسکی و دژایەتی کردنەکانی لەگەڵ بیروڕاکانی لینینو ستالیندا لەمەڕ دەرفەتی پێکهێنانی "سۆسیالیزم لەوڵاتێکدا". گرامشی بیروڕای شۆڕشی پەیتا - پەیتای



ترۆتسکی و چاوەڕوانیەکەی بۆ شۆڕشی یەك لەدوای یەکی ئەوروپا, وەك چاوەڕوان کردنی ئەو بۆ داگیرکاری لەوێنەی داگیرکردنەکانی ناپلیۆن وێکچوواندووە.

52-بڕوانە یاداشتی (6) لەبەشی قەیسەرگەرایدا.

53- سەلماندن خوازی, ڕەوتێکی گەورەی فکریە کەلەڕاستیدا بنچینەی هەموو ئەو بابەتانەیە کەبەزانستی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی تازە, ناوی دەرکردووە. بنیاتنەری ئەم قوتابخانەیە (ئۆگۆست کۆنتە)و ناوەڕۆك و دروشمە سەرەکیەکەی هەمان ئەو شتەیە کە چەند دێڕ پاشتر گرامشی خۆشی ئاماژەی پێدەکات: خوێندنەوەی کۆمەڵ. بە یارمەتی شێوازە زانستیە سروشتیەکانەوە. سەلماندن خوازان بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیەکانی کۆمەڵگا لەسروشتو بەجەختکردنی لەڕادە بەدەر لەسەر دیتنە هەستیەکان, وەك تەنها پێوانەی ناسینو حەقیقەتی زانستی, زانستە کۆمەڵایەتیەکانیان کردە لاسایی کەرەوەی روخساری لێکۆڵینەوەیی زانستە سروشتیەکانو ناواخنی زانستی کۆمەڵایەتی سەلماندن خوازیان لەناوەڕۆکی زانستی کردەوە.

یەکێکی تر لەو وەرچەرخانە گرنگانەی کە لەئەنجامی پەرەسەندنی لەسەلماندنخوازیدا رووی‌دا, "دەرکردنی" ئابووری سیاسی بوو لە زانستی سیاسیەتو ئابووری لەئەنجامدا سیاسەت لەئابووری دابڕێندراو ئابووریش لەکۆمەڵناسی جوداکرایەوەو هەر سێکیشیان لەکولتوورو مێژوو جوداکرانەوەو بەشێوەی بواری پەتیو سەڵتو بەقسە "سەربەخۆ"و

خۆبنیات دەرهات، هەربەو شێوەیەی کە ئیمڕۆ لەزانستی کۆمەڵایەتی بۆرژوازیدا باوە.

54–ئامادەیە بەکتێبێکی بۆخارین لەژێر ناوی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی، ڕێنمایی گشتی لەکۆمەڵناسی مارکسیدا، گرامشی لەوتارێکی تردا بەدرێژی رەخنەی لەناوەڕۆکی ئەم کتێبە گرتووە و بۆخارین بەسووکو چرووکی تیۆریو سەرلێشێواوی لە تێگەیشتنی دیالێکتیکدا تاوانبار دەکات، بڕوانە:

A. Gramisci. Prison Motebooks. Pp. 419 – 472.

55– گرامشی بۆ پارێز لە سانسۆری زیندانی فاشیەکان، باسی مارکیزم ناکاتو بەشێوەیەکی مەجازی، کەڵك لە "فەلسەفەی پراکسیس" وەردەگرێت، بەکورتی "فەلسەفەی پراکسیس" هەمان "کۆمەڵناسی زانستی سەدەی نۆزدەهەم"ی خۆمانە.

56-Tronscendent

57–لەپەیوەندی لەگەڵ ڕێنمایی گشتیدا پێویستە کەسەرنجی ئەو رەخنەیە بدەین کە (ئەرماندۆ کارلینی) نووسیویەتی. لەم وتارەدا وادیارە کە فۆرموولی خوارەوە یەکەمجار لەلایەن پیاوێکی ئینگلیزەوە (وابزانم ویتاکەره[1])داهێنرا: تیۆری:

زانست (= ماتماتیکی سەڵت + ماتماتیکی کاربردنی (ئەم یاداشتە هی گرامشی خۆیەتی).

(1)Witharer: ماتماتیك ناسی و فیزیازانی ئینگلیز.

``



58– جیاکردنەوەی هێزە سیاسیەکان (یاسادانان، دادو جێبەجێکردن) وەك یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی لیبرالیزم، سەرەتا لەلایەن مۆنتسکیۆوە دانرا. بەپێی ئەم بیروڕایە، حوکمداری خەڵكو لەناوبردنی ملهوڕی تاکەکەسی، دێتەدی، کەهێزە سیانیە باسکراوەکانی پێشوو لێکجیابنو هەرکام هاوکات لەگەڵ سەربەخۆیی خۆیدا، کۆنترۆڵێکی دیاریکراوی هەیە لەسەر هێزەکانی تر.

لیبرالیزم جیاکردنەوەی هێزەکان بەکرۆکی بنەڕەتی دیموکراسی دەزانێت وەك گەرەنتی کەری سەرەکی دەسەڵاتی گەل تێیدەڕوانێت.

59–کرۆشە یەکێکە لەفەیلەسووفە گرنگەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی ئیتاڵیاو لەتیۆری دانەرە بەناوبانگەکانی فاشیزمە. گرامیشی لەبەرهەمە جۆربەجۆرەکانیدا، رەخنەی لەبیروڕاکانی کرۆچە گرتووە.

60-Enrico Ferri (1858-1925).

سزاناسو سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئیتاڵی بوو کە چالاکی خۆی وەك سۆسیالیستێك دەستی پێکردو سەرئەنجام چووە ناو ریزی فاشیەکانەوە. ئەو بەرجەستەترین تیۆرێسنی قوتابخانەی سەلماندن خوازی بوو لەسزاناسیدا. جەوهەری سەرەکی بیروڕاکانی لەسەر ئەم گریمانەیە بوو کە دەبێت سزا رۆڵێکی پێشگیریکەرانەی هەبێتو پێویستە بەپارێزو ترسەوە تاوانکار لەتاوان دووربخرێتەوە.

61– "تیلۆر" بەڕێوەبەرێکی ئەمریکی بوو کەلە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بیروڕای تازەی لەبواری بەڕێوەبردنو شێوازی زیادکردنی بەرهەم هێناندا پێشکەش کرد، سیستەمی

www.pertwk.com

تیلۆری، خەوشی جیهان بینی بەڕێوەبەری بۆرژوازیە کەلەهەموو ئامرازێك بۆ سوود وەرگرتنی زۆرتر کەڵك وەردەگرێت و هەوڵدەدات هەرچی پترە کرێکار بکرێتە گوێڕایەڵی ماشین و هەرچی زیاترە لەبڕیارگرتن دەربارەی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، دووربخرێتەوە. لەراستیدا روخسارێکی "عەقلانی" و "زانستی" دەداتە کۆششەکانی سەرمایەداری لەتوندوتۆڵکردنەوەی + چەوساندنەوەی زەحمەتکێشاندا.

62-M. Azzalini.

63-Nuovo Antologia

64–لەو چەند لاپەڕەیەی دواییدا، گرامشی بەدرێژی، هەندێ بابەت نووسراوەکەی "ئازالینیەوە" دەگوێزێتەوەو جاروبار درێژایی ئەم گواستنەوانە ئەوەندەیە کە دەبێتە هۆی ماندووبوونی زەینی خوێنەر. گرامشی بۆ لەوقاودانی چییەتی پووچ و بێ ناوەڕۆکی "زانستی سیاسەت"ی بۆرژوازی، ئەم شێوازەی بەکاربردووە.

65-Rouen

66- Marsilio of padua (1275 – 1345).

یەکێك لەو یەکەمین بیرمەندانە بوو کەخوازیاری سنووردارکردنی بواری دەسەڵاتی کڵێسا بوو و پێ لەسەر ئەم رایە دادەگرت کە کڵێسە دەبێت پەیڕەوی لەدەوڵەت بکات. لۆتەر و ڕێبەرانی تری بزووتنەوەی چاکسازی ئاینی (ریفۆرماسیۆن

کاریگەریان لەبیروڕاکانی مارسیلیۆوە وەرگرتبوو.



67–لەدەسەی چواردەیەمدا، هێندێك ئەنجومەنی پێکهاتوو خانەدانەکان حوکمی شارەکانی ئیتاڵیایان گرتەدەست. ئەم ئەنجومەنانە لەڕاستیدا دوای لاواز بوونی کۆمۆنەکان، وەك دەزگای دیموکراتی پێکهاتن و وەك رێگە خۆشکەری دەسەڵاتی ملهوڕی بنەماڵەیەکی خانەدان جووڵانەوە.

68–Ulpian مافناسێکی رۆمی بوو کەلەساڵی 228ی دوای زاییندا مرد.

69-Indian Kamankada.

70-petrawarch

بیرمەندو مێژوونووسێکی بەناوبانگی ئیتاڵی بوو کە لەپاڵ پۆکاچیۆدا یەکێك بوو لە پێشەنگانی بزووتنەوەی ئوومانیستی:

71-Trattarello pei Carraresi

72-Botero

73-Ragion Di stato

74-Julins miskolezy

75-Magyar szemle

76–یەکێك لەناوەڕۆکە گرنگەکانی فاشیەکان ئەم لافلێدانەبوو گوایە لەسیستەمی فاشیدا، پارتە بەرهەڵستەکان و سیستەمی هەڵبژاردن بەپێی دیموکراسی بۆرژوازی پێویست نیە، چونکە وەها دەزگایەك وزەو کاتێکی زۆری دەوێت و جگە لە سەرلێشێواوی و دوو دڵی و درەنگ خستن، هیچ ئاکامێکی نابێت. بەفیشاڵی فاشیەکان، رۆلی پارتە بەرهەڵستکارەکان لەسیستەمی فاشیدا (تۆتالیتەر)چەشنە (رەخنەلەخۆگرتن)ێك لەئەستۆ

www.pertwk.com

دەگرێت. لەم بەشەدا, گرامشی ئەم لافلێدانەی فاشیەکانی لێکداوەتەوەو رەخنەشی کردووە.

77-Caesar A. Rossi

لەکاتی پەیدابوونی بزووتنەوەی فاشیەوە, "سەزار. ئا. رۆسی" یەکێك لەپیاوە نزیکەکانی مۆسوولینی بوو و ئەم هاوکاریە تا 1924 درێژەی هەبوو. لەبەر تۆمەتی کوشتنی یەکێك لە رێبەرە ناسراوەکانی ئیتاڵیا (ماتیۆتی) هێرشی کرایە سەرو لەئەنجامدا لەمۆسوولینی دابڕاو ئەو یاداشتانەی خۆی کەتێیدا رەخنەی لەمۆسوولینی و بزووتنەوەی فاشی گرتبووو دایە پارتو گروپە نەیارەکانو ئەوانیش بەشێوەیەکی بەربلاو, بلاویان کردەوە. رۆسی وای دەربڕیبوو کە کەشو هەوای سەرکوتو نایاسایی بوون, دەرئەنجامی لاوازیو زەبوونی سیستەمی فاشی بوو.

78–Spirto, volpicelli: ئەم دوانە لەتیۆری زانە ئابووریە گەورەکانی فاشیزم بوونو سیاسەتی "پۆلێنی" فاشیزمیان لە سەروو دادەناو لەڕوی چینیەتیشەوە لەسەرمایەداریان دادەبڕیو لەهەمان کاتدا بەچەشنە کۆمەڵگەیەکی رێکوپێکیان لەقەڵەم دەدا. گرامشی لێرەدا رەخنەی لەم تێکەڵاوبوونە گرتووە و رەتیشی دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری بتوانێت رێكوپێك بێت. گرامشی بەپێچەوانەی ڤۆلیی چەلیو سپیرتۆ رێکبوون لەکۆمەڵی کۆمۆنیستیدا بە شیاوو مسۆگەر دەزانێ.

لەبەشێکی تری ئەم کتێبەدا, لەژێر ناوی هونەرە جوانە مێژووییەکاندا دوبارە رەخنەی لەبیروڕاکانی سپیرتۆ گرتۆتەوە.

``



79-Nuovi studi

80-Bolzano

81-Ludvico Zuccolo

82-Il Belluzzi

83-Mauras

84– "دەوڵەتی ئاکاری" لەو چەمکانەیە کە سەرەتا لە بیروڕاکانی کرۆشەدا و پاشان لەبانگەشەی فاشیەکاندا بەکارهاتووە کرۆشە ژیانی دەوڵەتی بەناکۆکی بەردەوامی نێوان کرۆکی "ئاکاری"و "سیاسی" دەوڵەت دەزانیو جیاوازیو ناتەباییەی نێوان کلێسەو دەوڵەتی بەڕوخساری رەنگدانەوەی ئەم ناکۆکیە دەزانی مۆسوولینی چەندین جار باسی دەوڵەتی "ئاکاری" کردبوو. بەزەقی لەنووسراوێکی لەژێر ناوی رێبازی فاشیزمدا, وادەنووسێت: "دەوڵەتی فاشی وشیاریو ئیرادەی تایبەتی خۆی هەیەو لەبەر ئەمەشە کەبەدەوڵەتی "ئاکاری" ناودەبرێت... لەساڵی 1929دا گوتم کەبۆ فاشیزم, دەوڵەت تەنها ئێشکگری ئەو نیە ... بەڵکوو راستیەکی ئاکاری و واتاییە ... دەوڵەت هاووڵاتیان فێری چاکەی مەدەنی دەکات."

85–ئاماژە بەو سێ رۆژەیە کە خەڵکی پاریس راپەڕینو چارلزی دەیەمیان لەدەسەڵات لادا.

86–Filippo Buonaroti – Blangui: (هەردووك لەڕێبەرانی بزووتنەوە پارتیزانیەکان بوون.)

87-Daniel Halevy

88-Nouvelles Litteraires

89-Curzio Malaparte.

www.pertwk.com

90–ئەو بەشەی کە گرامشی ئاماژەی پێدەکات, بڕگەی دوایەمی کتێبی سۆسیالیزمی زانستیو خەیاڵیە کە وەرگێڕاوە فارسیەکەشی بڵاوبۆتەوە.

91–بیسمارك نوێنەری یۆنکەرەکان (خاوەن زەوی)بوو. گەڵاڵەنامەیەکی پەسەندکرد کە بەو پێیە مافی خانەنشین بوون بۆ یەکەمجار بووە راستیەکی بەدی هاتوو. دیزرائیلیش لەخولی وەزیربوونەکەیدا (1874–80) یاسای جۆربەجۆری لەپێناو سنووردارکردنی کاتژمێری کاری ژنانو منداڵانو دابینکردنی تەندروستی گشتیو خانوو بەرەو بەڕەسمی ناسینی یەکێتیە کرێکاریەکاندا پەسەندکرد.

92–مارکسو ئەنگلس لەڕاڤەکردنی بەرنامەی "گۆتا"دا بەدرێژی بیروڕاکانی لاساڵیان لەمەڕ دەوڵەت رەخنەکردووە. وەرگێڕاوی فارسی ئەم بەرهەمە لەبەردەستدایە.

93–گرامشی لەم بەرهەمەدا, سۆسیالیزم بە قۆناغی تێپەڕین لە کۆمەڵگەی چینایەتی بۆ کۆمەڵگای رێکخراوی کۆمۆنیستی دەزانێتو ئەم خاڵە گەڵاڵە دەکات کە "هەڵوەشانەوەی دەوڵەت لەقۆناغی سۆسیالیزمدا لەگەڵ سیاسەتی لیبرالیزمدا یەك نین کە دەست تیوەرنەدانی دەوڵەتی مەبەستە.

94–دەبێت ئەم خاڵە بزانرێت کە چەمکی تۆتالیتەر لەدوو مانای جیاوازدا بەکار دەبرێت: یەکێك وەك هاوتای سیستەمی فاشیە و ئەوی تریشیان بەواتای سیتەمێکی هەمەلایەنەو گشتگیرە, گرامشی هەردوو واتاکە بەکاردەبات.

``



95-Luigi Einaudi

96-Riforma sosiace

97–Statolatory لە فەرهەنگەکاندا هاوتایەکی بۆ نەدۆزرایەوەو بەڵام چەمکی گرامشی هەمان ئەزموونی بەدەستەوەگرتنی دەوڵەتە.

98–رەنگە ئەم بەشە تەمومژاویترین بەشی ئەم کتێبە بێت. وادیارە مەبەستی گرامشی ئەمەیە کە چینە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتیو پرۆلیتاریا بەتایبەتی, پێویستییان بەئەزموونێکی دەوڵەتداریە تا لەم قۆناغەدا, کۆمەڵگای مەدەنی پێویست پێکەوە بنێن. تایبەتمەندی ئەزموونی پرۆلیتاریا لەم راستەیەدا شاراوەتەوە کە لەقۆناغی دەوڵەتداری خۆیدا, هۆکانی هەڵوەشانەوەو لەناوچوونی یەکجارەکی دەوڵەت دەستەبەر دەکات.

99–لێرەدا گرامشی ئاماژە بەو پڕوپاگەندە بەرینە دەکات کە فاشیەکان لەبەرپێکهێنانی سیستەمی زێراب و ئاوەڕۆ لە ئیتالیادا بەرێیان خستبوو, فاشییەکان, ئەم "دەسکەوتانەی" خۆیان بەدەوڵەتەکانی تر دەفرۆشت و گرامشی بەگاڵتەجاڕیەوە ڕەخنەی لەم بابەتە گرتووە.

100–لەسێپتەمبەری 1930دا, کرۆشە لە کۆنگرەی فەلسەفی ئۆکسفۆرد دا, لەژێر ناوی "دژە مێژوویی"دا ئاخاوتنێکی پێشکەش کردبوو.

101–بروانە یاداشتی ژمارە (1) لەبەشی نۆزدەیەمدا.

102–گرامشی لە بەشێکی تری "یاداشتەکانی زیندانیدا" دیاردەی سیستەمی سیاسی و ئابووری ئەمریکای بەدرێژی لێکداوەتەوە.

ناوی گشتی ئەم بەشە: "ئەمریکایی خوازیو فۆردخوازیە"

بڕوانە:

www.pertwk.com

A.Gramsci . Prison Notebooks Londan, 1971

PP. 277-316

103–بەراستی چەمکی "تێکدەر" ئەوەندەی لەزمانی کاتی فاشیزمی ئیتالیادا کەڵکی لێوەردەگیرا, رەهەندی تایبەتی خۆی هەبوو.

فاشیەکان و کۆمۆنیستەکان یەکتریان بە "تێکدەر" دەزانی و گەلێك لە خەڵکیش هەردوو گروپەکەیان بە "تێکدەر" دەزانی "تێکدەر" هەم لایەنی (ئەرێی) هەبوو و هەم لایەنی (نەرێ) و هەردوولایەنەکەش بەکاردەهێنران. بۆ نموونە مووسولینی لە لایەك شانازی بە رابردووی "تێکدەر"انەی خۆیەوە, دەکردو لەلایەکی تریش مارکسیەکانی بە "تێکدەر" بوون تاوانبار دەکرد. وشە ئیتالیەکە لە بنەڕەتدا Souversivo یە.

104–زاراوەی بەکار براو Morto Di Fame یە کە بارێکی سووکایەتی پێکەرانەی هەیەو بەمانای ئەوکەسەیە کە لەوپەڕی برسێتیدا خەریکە دەمرێت.

105–ساڵی 1814 بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆ پۆلیسێك پێکەوە نراو ناویان نا "کارابیزی". ئەم ڕێکخراوە ئیمڕۆش هەرماوە.

106-Magra

107-Rubican

108-Longo bardia

109-C.Cippollo

110-Atti Del L Accalemis Di Torino



111–مەبەست ئەو بزووتنەوەیەیە کەلەسەدەی نۆزدەهەمدا بەدیهات. بڕوانە یاداشتی ژمارەی 2ی بەشی چوارەم (وورووژاندن و پروپاگەندە).

112–گرامشی "قەرەجی" لەچەمکێکی تایبەتدا بەکاربردووە. لەلایەك قەرەج بەو کەسانە دەڵێت کە بنکەیەکی چینایەتی دیاریکراویان نیە. لەلایەکی تریش کەسایەتیە هەلپەرست و سەرلێشواوە سیاسیەکانیش بەقەرەج ناودەبات.

113– مەبەستی گرامشی لەم "پێگەیە" هەمان بەدەسەڵات گەیشتی فاشیەکانە.

114–دەربڕینێکی تر, ئایا بەداپڵۆساندن دەتوانرێت هێزە نەیارەکانی سەرمایەداری تەفرو تونا بکرێن و سیستەمی سەرمایەداری بپارێزرێت؟ ئایا فاشیزم بەراستی چارەسەرێکە بۆ سیستەمی سەرمایەداری؟

115– لەرێباز و ئایینزا کریستانیەکانە.

116-Rensi

117–نووسەری ئەم پێشەکیە مووسوولینی خۆی بوو.

www.pertwk.com

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | رۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێکبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی-فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ<br>ئۆین ج. ئارنۆ<br>میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کوردی<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیزی |
| رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | رۆمان | 2004 | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | 2004 | ئارام عەلی عەزیز |
| کورتترین رێگەی سەرکەوتن | فارسی | رۆبیرت ئۆریلی | دروونناسی | 2004 | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول | مێژوویی | 2004 | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت الله مقدم مراغەی | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| گەلەلوورانی دەشتەوەر | سویدی | جاك لەندەن | چیرۆك | 2004 | حەکیم کاکە وەیس |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | 2004 | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی بیانی | چیرۆك | 2004 | نوری سەعید قادر |
| مافەکانی ژن لەدەتپیێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | 2004 | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د. رەفعت ئەلسەعید | فیکری | 2004 | حەسەن عبدالکرم |
| سەرچاوەکانی زانیو نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | 2004 | ناسڕ سەلاحی |